# خانمی خێڵان

## شیعر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# Êx}š w/Ušš

## بەرگی دووەمی دیوانی

## عابد سیراجەدین نەقشبەندی

ئامادەکردنی: ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی



ناوی کتێب: خانمی خەیاڵان
دیوانی عابد سیراجەدین نەقشبەندی: بەرگی دووەم
ئامادەکردنی: ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٩٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب + حاجی دلاوەر سادق
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: محەمەدی مەلا کەریم
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٨١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## ساليكی ڕێڕەو

موتریبا! سەرخۆش و مەستم، با نەوای نەی بژنەوم
شادم و مەدهۆش و، کەیفم لێیە تاوێ بسرەوم
ساقییا! تۆش بێرە گەردش، مەی بگێڕە بێوچان
تا خومار و بێ خەبەر، ئاسوودە بۆ خۆم داکەوم
ڕەنجی بێداری نەکێشم، مات و خامۆش بم تەواو
ڕۆژی مەینەتبار و لێڵم ڕەش بێ وەک تاری شەوم
نامەوێ ناڵەی مەلوول و بێنەوایێ بێتە گوێم
تا حەرام کا زیندەگی و ئاسایش و خورد و خەوم
مەینەتی خۆیی فەرامۆش کەم لە داغی دەردی ئەو
ژین ببێتە ژان و، شین کەم بۆ ئەمم یا بۆ ئەوم
بۆیەکان خۆم خستە ئاسانە[1]ی خوم و شووریدەکان
تاکو سابت کەم خەرابم، سالیکێکی ڕێڕەوم
شۆری مەستی چیی نەکرد، بێ دەربەسم لەم عالەمە
سەربوڵندم، چون لە خومخانەی خومارا خوسرەوم[2]
بێ نیازم شاد و (هێژا)، کۆی غەمم نوقمی تەمە
موبهەمە هەستی لەلام، خاتر جەمی کۆنە و نەوم

١- ئاسانە: قاپی، بەردەرگا. ٢- خوسرەو: سلطان،پادشاە، لەڕۆژگاری ساسانییەکاندا لەقەبی پادشاکان بووە.



## کچی ئێلاخ و قشلاخ

ڕاحەتی ڕۆحی پەشێوو چارەیی دەردی فیراق
جامو مینای ساقی سیمینساق[1]ی خاوەن تەمتەراق[2]
چاوی مەست و کوڵمی ئاڵ و مووی پەرێشانی نیگار
نەرگسی شەهلا[3]ی کچی ئێلاخ و قشلاخی عێراق[4]
خەمرەوێن و دڵڕفێنە کیژی عێلاتی وەتەن
شۆخ و شەنگ و سەربەنازن، چارەیی بوغز و مەراق
ناز و ئەتوار و ئەدایان دڵنشینە کیژی کورد
باعیسی ئارامی گیان، شادیی ڕەوان، چاشنی[5] مەزاق
فیتنە ئەنگێز و دلاوێزن کە وەختێ ناز بکەن
جا نەخوازەڵڵا کە ڕەم کەن گورپ و لاباز و وزاق
ئاهووی بێ ئاهووە، سەربەستە، نابێ بسڵەمێ
گەرمیانی ئاسکی ئێسک سووکی پابەندی ویساق[6]
شاپەڕی شەهبازی عاشق وورد ئەکا دووکەوتنی
ئارەزووی وەسڵی دوبارەی بێ نیهایەت سەخت و شاق
مەسلەکی دڵجۆیی کوا ئاسانە؟ هەرزە بۆی نەچن
بۆ نە وازشیان مەڕۆن بێ مایەو و تۆشە و تفاق
سەر دەلیلەی کەڵڕەمی کوێستان و ئاهووی گەرمەسێر
شارەزای کێوی فیراقن دۆڵ بە دۆڵ و تاق بە تاق
نابەڵەد ئێژن کە (هیژا) تاسەخواری موفریتە
کەی ئەوان حاڵێن لە جەبری بێ عیلاجی ئیشتییاق

١- سیمینساق: پوزی وەکو زیو سپی و زەرد و جوان. ٢- خاوەن تەمتەراق: یعنی ساحیبی جاە و مەقام و تەشریفات. ٣- نەرگسی شەهلا: کینایەیە لەچاوی گەشی مەحبووب. ٤- ئیلاخ و قشلاخ: کوێستان و گەرمیان. ٥- چاشنی: مەزە،تام. ٦- ویساق: وثاق، عەهدو پەیمان.

## گەردوون

دڵم پڕ سۆزە ئەمشەو، لێم گەڕێن با شین و زاری کەم
حەزم لێیە لەگەڵ گەردوون سکاڵای دەردی کاری کەم
ئەوی زووخاو لە دڵمایە هەڵێڕێژم بەیەک دەفعە
دەروون فێنک کەمۆ ئەمجا لەگەڵ یار هاریکاری کەم
لە ئافاق[1]ی سەفای ڕۆحا بەیاتی شادی بەرپا کەم
لە بەزمی عەیش و عیشرەتدا نەوای دڵجۆیی جاری کەم
بە شۆری بەزم و ئاهەنگی مەقاماتی خەراباتی[2]
ئەسیرانی دڵی خاکی جەفا وێڵ و فیراری کەم
قەلەندەر[3]وێنە قۆڵم هەڵبماڵم، یاری داماو بم
بە حوکمی عورفی دڵسۆزی و ئوسوولی دەس بە یاری کەم
نییازم وایە بانگی (هەی براله) و هەی (کەسوکارم)
بە نەغمەی (عەشرەت ئادەی) بانگ لە دێهاتو لە شاری کەم
بە فەرمانی نەوای ڕۆحم بە سازی سافی سەودای دڵ
خەدەی ناباری فاکوفیکزەدە و مەحکوومی خواری کەم
لە ئۆردووی عیلم و عیرفانی ترواناسان ببینم جا
عیلاج و چارەو و تەگبیری دەردی نادیاری کەم
هەتا کەی مات و عاجز داکەوم، زارو پەرێشان بم
دەروونم ژان بکاو بێچارە وار[4] هەر بێقەراری کەم
وەرە (هێژا) لەگەڵ سەخڵەت بە ئازایی بەرەوڕوو بە
بڵێ حەتمە ئەبێ چا بێت و کەیفم لێیە یاری کەم

---

١- ئافاق: جەمعی أفق واتە ئاسۆ. ٢- خەراباتی: ناوی مەقامێکە، کە زیاتر لەخومخانەکانا لەحاڵی مەستیا وتراوە. ٣- قەلەندەر: مەردانێ بوون کە دەستیان لەدونیا شۆریوە، وە هەر خەریکی خزمەتی خەڵک بوون بە بێ ئەوەی کرێیێ لە کەس وەرگرن. ٤- وار: مانەند، وێنە، وەک بێچارە و داماو.



## دەسەوملی ئاوات

لەگەڵ ئاواتی دێرینا گەلێ خۆشە دەسەومل بی
لە کۆشک و باغی ڕۆیایی، بژی و غافڵ لە موشکیل بی
لە سایەی سەروی ئازادی گوڵستانا پشوویێ دەی
نە دەربەس تورکی تاتارو، نە فورس و شێری بابل بی
بە سەودای وەسڵی دڵخوازێ سەراسیمە نەبوویێتی
نە وێڵی ئەرمەنستان[1] و نە دیلی چۆڵی زابول[2] بی
نە دووچاری کەج و لاڕێ، نە گیرۆدەی لەجاجەت[3] بی
نە چنگاوش لەگەڵ نادان، نە یاری مەنگ و جاهیل بی
چەنێ خۆشە ڕەفیقی ئەهلی سەودا و سازش و فەن بی
شەریکی شەوقی شەیدا بی و ڕەفیقی مەردی فازیل بی
چ خۆشە مەند و ئارام و لەسەرخۆ زیندەگی بڕوا
گەلێ شانازییە یاری شەریف و ڕێند و عاقڵ بی
نە هیجرانی دلارامێ عەزابت دا، نە مەحبووبێ
خەیاڵ تەخت و موراد حاسڵ، نە سەرگەردان و دوودڵ بی
لەناو کۆڕانی ئولفەتدا قەبووڵ وئیعتیبارت بێ
درەختێ شەنگ و شۆخ و شاخە پڕ بارەو چرۆو گوڵ بی
نەوای ڕۆحت لە گوڵگەشتی مەحەبەتدا چریکەی بێ
ئەدات خۆشتر لە شوور و، سۆزە سووزانتر لە بولبول بی
نە پیر و دەردەدار بی، نە حەقت فەوتاو و خوریا بێ
نە گیرۆدەی غەمی هۆزو قەبیلەی وێڵ و غافڵ بی
خەوێکت لێ کەوێ ئارام و قورس وقووڵ و ڕوئیایی
بەوی سەوداو موراد و مەیلی ئاواتیتە نایل بی

بەلاّم (هێژا) بە بێداری لەوەوپاشی ئەژی کاتێ
دەسەومل مەینەت و دووچاری هەرزەو وێڵ و سەرچڵ بی

١و٢: ئەرمەنستان وە زابول: یەکەمیان بە موناسەبەتی عیشقی خوسرەو بە شیرینی ئەرمەن، وە دووهەمیان (زابول) ئەو شوێنەیە کە یەکێ لە قارەمانەکانی داستانی شانامەی فیردەوسی لەپێناوی عەشقاتیا ئەسیر کراوە. ٣- لەجاجەت: سمجی



## تاروپۆی ژین

غەم و دەردو سزا بوو تاروپۆی ژین
سکڵ بوو غونچەیی خەڵفی چڵی قین
بە پشکۆی داغەوە پەیکی غەمم خوارد
من و ئاهی دەروون و زامی خوێنین
کەسێ کوا سەیری تابلۆی ژینی من کا
لە بیری مابێ شێوانشێوی پێشین
سەری دەرچێ لە ژینی پڕ جەفای من
کە بۆ شەرحی ستەم گۆیاوو کافین
خزم! ئازادی عەنقایە و درۆیە
گوناهە تێگەیشتن، جورمە زانین
یەکەم دەرسی تەن ئاسایی[1] ئەڵێ پێت
سەلاّحە کوێر و لاڵ و مەنگ و کەڕ بین
نەڵێی کوردی هەژار بۆ وا ئەکوژرێ
کە ئاغا لای وەهابێ لێی ڕەزا نین
ئەوە پێشینەم، ئێستاکەم خراپتر
گەلێ تاریکە پیشانگەی دوایین
مەکەن مەنعی منی بێزار و بیمار
بە کام ویجدان و کام دین، کامە ئایین
ڕەوایە پیاو بڵێ هاوارە مەردم
خورام، کوژرام، بکوژرێ زارو غەمگین
خودا ئەو عەدلە کوا؟ تا کەی سەبر کەین؟
کوژاوو بەشبڕاوو بێ سەدا بین
ولاّتمان کاول و بێ ماڵ و مەنزڵ
بڵێ (هێژا) لەکوێ ئارامێ بگرین؟

١- تەن ئاسایی: ڕاحەت تەڵەبی

## شینی گەرم

پەڕ و باڵم پڕووزاوە، دەخیلە، ئەی ڕەفیقانم
دەمێ گوێ ڕاگرن بۆ شینی گەرم و سۆزی گریانم
چرۆی باغی هیوام یەکجاری دامردۆ، خودا چی بکەم
نەمامی مولکی خۆشبەختیم لەبن کەوت[1]، ماڵی وێرانم
درەختی سەر دییارگەی[2] ئارەزووم و خەڵفی ئاواتم
خەزانی کردو هەڵقرچا چرۆ و خامە[3]ی تەڕ و جوانم
مەگەر دێنۆ جەوانانی هەڵەبجە و لاوی مۆردانەی
لە چوارباغان جلیت بازی[4] ئەکەن گەنجانی جافانم؟
لە سەیرانی (عەواوەیلێ) لە (باوەکۆچەک)ن یاخۆ
لە کارێزی عەنەب کۆبوونە تۆ یارانی جارانم؟
لە گوڵگەشتی گوڵانن یا لە باغی میر و کارێزی
لە کانی قوڵکە کۆن یاران وەیا لای کۆشکەکەی خانم؟
دەمێکە دەنگی دەرنایێ دو تەپڵەی (هەی سوار هەی سوار)
لە ڕم بازین مەگەر تیپی جەوان و شۆڕەسوارانم
دە توخوا، هۆرە چڕ (هەی سوارە سوارە)م بۆ بڵێ تا من
لەڕۆنیاسی[5] خومی ئەشک هەڵبکێشم چاکی دامانم
بە خوونابەی دڵ وجەرگم گوڵی کەم بەرگی زاری و شین
دە توخوا خەڵکە لێم مەگرن بریندارو پەرێشانم
«کەوەی کاسەسم»و«ڕەشکوێت»و سەگڵاوی یەدەک کەن، جا
بەگەل خاتوونی خێڵان، (ڕۆڵە ڕۆ) کەن بۆ جەوانانم
نەوای (وەی من من)ی ئافرەت بگاتە عەرش و بیبیسن
فریشتان بێنە ناو کۆڕی نەوای پڕ سۆزی ئەفغانم
ئەوانیش قوڕ بپێون، سینە لێدەن، بانگی بۆ هەڵدەن



چەمەر[6] لێدەن بلاوێن[7]بێن، بلاوێننۆ شەهیدانم
دەسا ئاڵایی یو کۆتەڵ بەڕێ کەن، خومگەران بانگ کەن
لە خوم دەن لەچک و فەقیانەی کوڕی ئاغە و کچی خانم
لە کوێ قەوماوە پێشاتێ جگەر تاوێن بێ بەو ڕادە
بە چی بێم پڕکەمۆ شوێنی جەوانمەردان و لاوانم
فەلەک، چەرخت شکێ بۆ وا هەمیشە چەوت و چەپگەردی
عیلاجێ، چارەیێ، کوانێ، چ بێ تیمار و دەرمانم!
لەسەر سینگی زەمان پێویستە شەقڵی کەن بە ژاری مار
بنووسن ئەم جینایاتە کە بێ وێنەس بە ویجدانم
کە بیخوێنێ ئەوی (هێژا)یە هەڵگرسێ هەتاتایە
بچێتە ریزی یارانی خەباتکارو بەئیمانم

---

١- لەبن کەوت: وشک بوو. ٢- دییارگە: ئاسۆ. ٣- خامە خەڵف: تووڵی یەک ساڵە. ٤- جلیت بازی: ڕم بازی. ٥- ڕۆنیاس: ڕەڕەزەکان زیاتر بۆ ڕەنگی سووربەکاری ئەبەن. ٦- چەمەری: نەوایێکە لەپێش تەرمەوە کە ئەبرێ بۆ سەرقەبران لێ ئەدرێ. ٧- ئەوانەی کە لە شیوەن گادا مردوو ئەلاوێننەوە پێیان ئەڵێن (بلاوین).

گرمەی دەفە، ناڵەی نەیە، ئاهەنگ و نەوایە
سۆزو کوڵە، قرچەی دڵە، غەوغایە، هەرایە
بەزمێکە کە مەستانی هەموو ئەهلی دڵانن
کەیفێکە دەوای میحنەتی ئەربابی سەفایە
وەجدێکە مەلایک بە سەما دێنە تەماشا
خونیاگەری ئاهەنگ و نەوا، مەردی خودایە
دەروێش! وەرە مەستانە هەیاهوو کە بە یاهوو
ئاور بدە ئەو نەفسە کە تەسلیمی هەوایە
دێوانە کە شێتانە نەبێ و مەستی خەرابات
ناگاتە نەوایێ کە لە شانی شەرەفایە
مەی نۆشە، وەفاکێشە لە جەمخانەیی ڕازا[1]
ڕازانی لەگەڵ جەزبەیی بێ ڕەیب و ڕیبایە
هەر جیلوەیێ لەو نەشئەیە ڕەمزێکی زەریفە
هەر عیشوەیی ئەو ساقییە بۆ دەردێ دەوایە
ساقی وەرە قوربانی مەی و جامی خومت بم
جامێکم ئەگەر لەو مەیە، بۆ پڕ بێ، ڕەوایە
لەو بەزمە کەسێ کوا وەکو من قرچە لە دڵ بێ
سەیری کە دەروون قلتە[2]یە تیکلەی لەکولایە
(هێژا) وەرە فێنک کەرەوە سالیکی دەیری
کڵپەی دێ لەناو کوورەیی پڕ تاوی کلا[3]یە

١- ڕازان: گوفتوگۆ. ٢- قلّتە: کولّیان. ٣- کلّ: ئەو کوورەی ئاورەیە کە بەدەوری دەفری قوڕیدا ئەیچنن بۆ سوورکردنەوە.





دەخیل، حاجی! ئەدەب پێ دانێ سەر خاکی، بە ئەهوەن بێ
ئەگونجێ جێگە پێیت جێ سەجدەیی دۆسی خوداوەن بێ
جەواهێر سورمە[1]یە بۆ ئەهلی ئیمان گەردی هەردی[2]ی بەیت
بەلاتۆ، زائیری ماڵی خودا! ئەو دەورە گوڵشەن بێ
چەوو زیخی ئەگەر لات گەوهەرو ئەڵماس نەبێ نابێ
لە ئیخلاس دووری تێکۆشە دەروونت پاک و ڕەوشەن بێ
خەس و خاشاک[3]ی سەحرا و ڕەملەکەی حاجی! لە بەرچاوت
جەواهێر سورمەوو لالە و گوڵ و نەسرین و سۆسەن بێ
خەجاڵەتباری دەرگای کیبریایە نەفسی ئەمارە
هەلی بەخشینە ئەر تائیف پەرێشان و پەشیمەن بێ
کە پاڕایتۆ کەرەم کۆلا وە ناپرسێ لە پێشینەی
ئەوی ڕاساڵ و بێپەروا خەجاڵەتبار و پێ بەن بێ
ئیتر ڕێگای گونا بەند کات و بەندەی خاسی باری بێ
گوزەشتی زۆر فراوانە دەمێ لوتفی خرۆشەن بێ
ئەگەر غەیری ئەوەش بێ، خوانەخواسە حاجی واوەیلا
ئەوی خۆی ئاوقەدی[4]ی سەنگی مەحەک کاو سەر بە گۆبەن بێ
ئەوە ماڵێکە جاڕی وەحدەتی تێدا درا تاکو
چرای یەکتا پەرستی بۆ هەمیشە پەرتەو ئەفکەن[5] بێ
لە وا شوێنێ بەڕاستی مەردێ پێویستە دەروونی پڕ
لە شۆڵەی عیشقی یەزدانی، لە سۆز و سازشا ڕەن بێ
وەکو (هێژا) بپاڕێتۆ و بە دڵ ئامان بخوازێ لێی
هەوای هیوای لە عالەم ببڕێ، هەر عەبدی خوداوەن بێ

١- گەردیکێ زۆر پەرک دروست کراوە بۆ دەرمانی چاو- (جەواهر سورمە). ٢- هەرد: بیابان، کێو.
٣- خەس وخاشاک: دڕک و پلوپووش. ٤- ئاوقەدی- دوچاری

## قوڕپێوان

ئەترسم شیعر و پەخشانم ئەوی بیخوێنێ پێی وابێ
دڵم داناچڵەکێ بۆ کەس بە غەیری کوردی ئاوارە
بەڵام بڕوا بکەن دڵتەنگ و غەمبارم لەکاتێکا
ئەبیسم ناڵەو سۆزی هەژارێ وا گرفتارە
نەزاکەتبارە دڵسۆزی گەلی خۆ بوون وخۆشویستن
بەڵام بدڕێ دڵێ دانەچڵەکێ بۆ دەردی بێچارە
لە هەر کوێ بێت و، ناوی هەرچی بێت و،ڕەنگی هەر جۆرێ
کە ئینسان هات و لێی قەوما وەزیفەی خەڵکی تیمارە[1]
بەڵا بۆ تۆ بێ یا بۆ من بەڵایەو تاڵە، فەرقی کوا
دەخیل هاوکاری پێویستە، تەعاون چارەیی کارە
وەرن توخوا بەشەر گا بۆڕ[2]ی سەیرکەن نەختێ تێفکرێن
بە بۆڕی جاڕ ئەدا: یاران ڕژاوە خوێنی گا، دیارە
بە شاخ عەرزی پتەو هەڵئەدڕێ تا خاکێ بە سەردا کا
ئەڵێ گا بۆ کوژاوە، عەشرەتی گا، هەستە هاوارە!
ئیتر ناپرسێ گا خەڵکی چ دوڵێ و پێستی کام ڕەنگە
ئەڵێ گا لێرە کوژراوە ڕەفیقان چارەیێ چارە
ئەڵێ ئینسان لە گا کەمتر بێ (هێژا) قوڕ نەپێوێ بۆ
کوژانی نەوعی خوێ خەڵکی فلان دێ یا فلان شارە؟

١- تیمار: چارە و عیلاج. ٢- گابۆڕ: بەو حاڵەت و بۆڕە ئەڵێن کە گاگەل لەسەر خوێنی گای سەربڕاو کۆ ئەبنەوەو ئەیکەن. ٥- پەڕتەو ئەفکەن: نورو پرشنگ بووەشێنێ.



## گوڵی ڕۆحم مەژاکێنن

سەبرکەن تا زمانم بەر ئەبێ، ئەو کاتە بمدوێنن
بە تانەی بێ سەرو پێی پەس[1] گوڵی ڕۆحم مەژاکێنن
گەلێ کۆشکی هیوام سەربەرزە، یاران، ئێوە وریا بن
قەڵای ئاواتی پوڵاییم بە بێ ڕەحمی نەڕووخێنن
مەڵێن ئازادی باغی زیندەگی دیلی قەفەز نابێ
مەهێڵن شاپەڕم هەڵکێشن و باڵم بژاکێنن
درێغە ناکەس و زاڵم شەپرزە و ئاوەڕووتم کەن
وچان[2] نەدرێم، بەدووما ئەسپی ئاواتیان بتارێنن
عەزیزان کاتی خۆی سەیری مەزاتی داغ و گەرمم کەن
وەها دەنگ هەڵبڕم تاڵانگەران داکەون و دامێنن
بەلاتۆ وا نەبێ لاڵم، زەراڵە بانگ و فەریادم
دەبەنگ نیم، نەخشەیان وایە ڕەگ و ڕیشەم لە بنبێنن
بەڵام ئەو چەپخونە باش وایە عاقڵ بێت و تێفکرێ
ئیتر ئەمڕۆکە قەت باسی من و تۆ، نابێ دابێنن
سپیو ڕەش، زەردو سوور، تورکو عەرەب، هیند و عەجەم کوانێ لە ئارادا
لەوێ ئینسان لە گۆڕا بێ، ئیدی ناوێ دی ناهێنن
مەبەس ئینسانە، ئافریقایی یو تورک و فەرەنگی چی
بەشەر ناوی لەناوایە ڕەگەزخواز ڕیشە دەردێنن
دەمێکە عونسوری ئەم ڕاستییە، پێویستە وەربگرێ
کورەی عەرز مولکی ئینسانە، دەبێ ئیمانی پێ بێنن
سەبر کەن با پشوو دەم تا زمانم بەرئەبێ ئەوسا
بڵێن چیتان ئەوێ، ئێوەو خودا دەردم مەدێوێنن
بڵێم چی تووتیی گوفتارم دەمێکە وا کەڕ و لاڵە
مەحاڵە دەنگ نەکا (هێژا) مەر ئاواتی بەدیبێنن

١- پەس: کورتەی پەست، بەمەعنای-دوون- و بێقیمەت هاتووە. ٢- وچان نەدرێم: مۆڵەتم نەدەن

## سەرچاوەی مەیل

زکت برسی و، ئولاغت لەنگ و، ڕێگاشت هەڵەت بێ
کلاشت تەنگ و، بارت لار و، تەنگاو و پەلەت بێ
منالٚ بیمار و، خێزان زار و، خاوەن قەرز بەدووتۆ بێ
کەنووت خاڵی و پەتی، زارت یەخ و، لاشەت شەکەت بێ[1]
دراوسێت شێت و، دۆستت لار و، خزمت بێ ئەدەب بێ
ڕەفیقت زۆر بلێ و لاژگ، قسەی سۆڵ و سەقەت بێ
شەکت کرمۆڵ و، بەرخت گێژ و، گێسکت شەلکە لێی دابێ
بزن کۆڵ و، مەڕت کرمۆڵ و، گاجووتت قەرەت بێ
بەرانت بێ بەرو، سابرێن بەرەڵلا و، گوێرەکەت ون بێ
کەرت شەل، تێڕ[2] دڕاو، بێ ژەمەن[3] هەوڵی خەلەت بێ
ئەمە کەی کردگارە، کردگارا! چۆن تەحەممول کەی
هەموو ژینت عەزاب و دەردی کاری و ئێش و ئافەت بێ
بڕس[4] نەدرێ و، پشووت بڕیابێ[5] هەوڵت تەنگ و ماندووبێ
بەشت ئاه و، خۆراکت غەم، شەرابت جامی مەینەت بێ
هەمووی هەموار ئەکرێ، تاڵ و سۆڵیی عومری پڕ میحنەت
ئەگەر سووسەی هیوای[6] ناخی دەروون مایەی مەحەبەت بێ
کە سۆزەی خۆشەویستی بێت و سازێ بژنەوێ داماو
وەکو تۆفان دەجۆشێ چاوەیی مەیل با شەل و پەت بێ
مەبەست و مەتڵەبی (هێژا) لەلای ئەربابی ڕووناکە
سەرێ سەودای نەبێ بەخوا ڕەوایە موبتەلای پەت بێ

---

١- شەکەت: ماندوو. ٢- تێڕ: خورجینەی دووتایی. ٣- ژەمەن: خواردنی یەک ژەم. ٤- بڕس: فرسەت. ٥- پشووبڕیان: تەنگەتاوبوون. ٦- سووسەی هیوا: دەریچەی ئومید.



## زێڵوبەم

بەردەمی مەیخانە جەنجاڵە و هەرایە و زێڵوبەم
داد و فەریادە و سمڕ، تێکڕا هەژارو موحتەشەم
کورد و تاتار و عەرەب، گیل و تەواڵش، ئازەری[1]
شیعە، سوننی، باتینی، بیهدین و ئەهلی حەق، عەجەم
هەر کەسێ بۆ خۆی بە بەزمێ، هەر دەسەی نەزمێ ئەڵێ
گیانە قوربانی مەی و ڕۆحە، فیدای ساقیی حەرەم
هەریەکە بۆ جورعەیێ سازو نەوایێ لێ ئەدا
کارەوان و، شوورو، ماهوور، هەر لە شەو تا سوبحدەم[2]
گشتی یەکسانە لە مەیدانی نیازدا، وەک یەکن
میرو مەڵلا و حاکم و جانی، موبەڕڕا و موتتەهەم
سەیرە یاران! بانگی یەک ڕەنگی کە دریا بێ ڕییا
گشتی یەک ئاهەنگ ئەپارێتۆ لە ساقی بۆ کەرەم
سەرسەریی شاران و لاهووتی و خدێوبی مەملەکەت
دۆزەخی و ناسووتی یو ڕیزوانیی و ئەهلی ئیرەم
بێ مەقام و مەنزیلەت یەکسان لە خومخانەی نیاز
کەوتوون فەخفووری چین، سولتانی ڕۆم، کیسرای عەجەم
گشتی دەستەونواڕی ساقی و مەحرەمی ڕازو نیاز
مەستن و بێ حاڵ و کەوتوو، بێ خەیاڵ و بێ ئەلەم
کوفری ئایینە لەلایان بیرو هۆش وفیکری تر
نابێ هەستی پێ بکرێ دەردی دڵ، هیجران و غەم
عالەمێ سەیرە پەژارەی سالیکی ئەو ڕێگەیە
هەر کەسێ زیاتر خومارە باشکۆیەو موحتەرەم
بانگی ئازادیم کە وەختێ بۆ درا تا بچمە کوڕ

ببمە دوردیکەش لەوێ بەو ئیعتیبارە فەخر ئەکەم
زۆر ئەترسام کەودەن[٣] و مەغروور و لاڕێ بم، وەلێ
وا دیارە بۆ ئیتاعەت نەرم و ڕامم[٤] لاجەرەم
لنگی پەڕگارم ئەگەر بایی مەرامم هەڵخولێ
داییرەی هەستیم لە خومخانەی خومارا خول ئەدەم
ئینتیهای کوانێ مەداری[٥] حیرەتی سەرمەستی چاک
بێ نیهایەت سەیر ئەکا عەرش و سەماو کورسی و قەڵەم
سەیری مەستان ئەر لە ئافاقی تەسەوور تێپەڕێ
دوودڵی نایێتە ڕێگەی قیل و قال وکەیف و کەم[٦]
گیانەکەم! مەستان خەیاڵیان تەختە، دڵیان قایمە
ترس و لەرزی تێشکانیان بۆ نییە و بیمی نەدەم
سەرکەشن ئافاق و ئەنفوس، تەی ئەکەن بێ ئیعتینا
بێ موبالاتن لە تەنبیە و موجازاتی سەنەم
غەیری بەزم و ڕەزمی خۆیان باتڵە لایان جەهان
گشتی نابوودە لەکن ئەو خێڵە سەرپاکی عەدەم
سەیری شۆرم کەن لە جەرگەی بەزمی مەستانا بەڵێ
بۆ نیساری مەقدەمی ساقیمە، دڵ حەقلقولقەدەم
مەستم و ئازادوبێباک جاڕ ئەدەم: ئەهلی دڵم
عابیدم (هێژا)م و سەرخۆشی مەی و جامی حەرەم

١- ئازەری: خەلکێ ئازەربایجان. ٢- سوبحدەم: دەمی بەیان. ٣- کەودەن: نازیرەک. ٤- ڕام: موتیع و تەسلیم. ٥- دەوروپشت: مەدار تا شوێنێ کە بڕوا. ٦- قیل و قال و کەیف و کەم: بلێ و مەلێ و چۆن و بۆو لەکوێ و تا چەند.



## لە ئاور لالە بڕوێنم

ئەگەر مینای ئەوینم پڕ لە مەی گیانسۆزی خومگەر کەم
غەمێکم هەر ئەمێنێ، نامەوێ یادی لە دڵ دەرکەم
ئەویش، گیانە، غەمی داغی فیراقی تۆیە، ناتوانم
لە پشکۆ دەستەگوڵ پێشکەش بە ئیبراهیمی ئازەر کەم
پەیامبەر نیم کە قەلبی ماهییەت[١] کەم، موعجیزەم کوانێ
لە ئاور لالە بڕوێنم لە زووخاو ئاوی کەوسەر کەم
بەقوربان! ئەرکی سەنگینی جەفابارم نەکەی چاکە
مەگەر پێویستە بۆ ئیخلاسی خۆم ئیبرازی جەوهەر کەم
مەگەر هێمان قەبووڵ ناکەی بەڕاست مەفتوون و شەیداتم
دڵی خۆتە گەواهی من، ئیتر سا چیت لە سەر دەرکەم
گەلێ پاڕامەوە، سەدجار وەباڵم خستە ئەستۆی تۆ
لە خۆتەو لا مەحاڵە تا کەسێکی تر بە سەروەر کەم
دەلیلی مەیکەدەی عیشقی حەقیقی و سۆزو سازی من
لە تۆولا کێ بە ئوستاد و دەبیر و پیر و ڕەهبەر کەم
لەپاش تاوی هەتاوی رووت و گەرمیی تیشکی سووزانت
ئەگونجێ ڕوو لەتاو هەڵکەم، لەگەرما ڕوو لە ئەختەر کەم[٢]
کەوابوو، ئەی ژیانی عالەمی ڕوئیا و خەبەرداریم
ئەبێ سینەم وەکو مەجمەر[٣] لە پشکۆ پڕ بێ، خۆم کەڕ کەم
ئەوەن دڵگەرمی سەودای دڵڕفێنی نازەنینم بم
ڕەقیب دەرچێ لە مەیدان و شکەستە و ڕەنجی بێوەر کەم
سکڵدانی دەروونم بەفری سەربەرزان بتاوێنێ
تەمی کوێستانی سەودا ئاوقەدی بۆرانی سەرسەڕ کەم
ئیتر پێویستە وازر[٤]بم لە بەدخاو فیتنە ئاگا بم
حەقیقەت پیشە بم، پارێز لە قیل و قال و مەزهەر کەم

ئەبێ بۆ پاسی مەهپارە(٥)ی حەسوود خنکێنی ئاواتم
وەکو (هێژا) لە پارێزگارییا بێ داد و مەحشەر کەم

١- قەلبی ماهییەت: یەعنی گۆڕینی خاسیەتی شتێ بە زدی خۆی (ئاگر، گوڵستان). ٢- ئەختەر: ئەستێرە. ٣- مەجمەر: دەفری تاواندنەوەی زێر و زیو. ٤- وازر: بەوگیانلەبەرە ئەوترێ لەترسی راوچی لە لان دەرچوو بێ و وریا بێ. ٥- مانگ پارچە: کنایەیە لە ئافرەتی جوان.



## حەوت بەند (خشتم مەشکێنە)

شەقڵی(١) خەرمانان    کەلاوەی کۆن مەڕووخێنە
مەشکێنەدەرکی ناپیاو کوا کەلێنە    لە نۆکیسە(٢) زەڕ مەسێنە
ملۆ(٣)ی خەڵکێ مەشێوێنە    ڕووت و هەژار مەڕەنجێنە
ئەسپی تالان مەتارێنە    دەرگای دەرخۆنە(٤) مەشکێنە
تۆوی (من و تۆ) مەچێنە    دووزوان و فیتنە مەدوێنە
وریا بە خۆت مەخڵەتێنە    گوڵی کاغەزین مەسێنە

ئەم پەندانەم بەجێبێنە
رۆڵە گیان خشتم مەشکێنە(٥)

دەوڵەمەن قاپیی پۆڵایە    قەڵاکەی بەردی خارایە
دیواری هەژار کۆتایە    حەقیقەت دیارە گۆیایە
دەرکی سەخی ئاوەڵایە    ڕەزیل بێقەدر و بەڵایە
تێڕی خاڵی هی گەدایە    حەیزە(٦)بیماری دارایە
دەس کاری سکاڵایە    بەستەزمان دەنگی دەرنایە
بەشخوراو کۆڵی جەفایە    کاری زەمانە هەر وایە

ئەم پەندانەم بەجێبێنە
رۆڵە گیان خشتم مەشکێنە

خوێندەوار ئەرکی گرانە    لای نەزان گشتێ ئاسانە
نەکەردە هەر پەشیمانە    بێئیمان کوا بەویجدانە؟
دونیاپەرست لە زیندانە    دیلی ئەو بەندە، نادانە
پارەپەرست پەرێشانە    سەخی خاوەن شوێن و شانە
ئاوەز لە هەر کوێ میوانە    خانەخوێی پالە دیوانە
بۆ کار ئەچێ حەکیمانە    وریاو نەبەز، بە ژیرانە
ئەم پەندانەم بەجێبێنە
رۆڵە گیان خشتم مەشکێنە

خۆ هەڵکێشان ئەمبارەوبار    هارت و هوورت و وێڵ و بێکار
مفتەوێژ و هەرزە گوفتار    شەڕ فرۆش و لات و بێعار
خۆپەرست و لار و بێبار    ئەخلاق و ئەدەب بێزار
کەی پێی ئەکرێ ئیعتیبار    ئەژنەوێ تانەی ڕۆژگار
جاە و مەقام دێنێتە خوار    دەبێتە پەندی ڕۆژگار
لە کۆمەڵیا دەبێتە بار    ڕۆڵە گیان! ئامانە، زینهار

ئەم پەندانەم بەجێبێنە
ڕۆڵە گیان خشتم مەشکێنە

کاکە بەڕێی ڕاستا بڕۆ    بۆ بارکەوتوو خەفەت بخۆ
لە دووی پیاوی بەخیل مەچۆ    لەگەڵ ڕاستاڵ بە کۆبەکۆ[٧]
تا ماوی قەت نەبی دوو هۆ    ناحەق نەکەی پینە و پەڕۆ
نانی کەس بە فیڕۆ مەخۆ    قەت مەجاوە بازووی نارۆ[٨]
بۆ غەمی خەڵک غەمخوار بە تۆ    دڵسۆزێ ڕاس بە نەک درۆ
مەشکێنە شانی باشکۆ    ئەر جینست پاکەو تانوپۆ

ئەم پەندانەم بەجێبێنە
ڕۆڵە گیان خشتم مەشکێنە

ئەوی کە مەردوم ئازارە    هەموو کرداری نابارە
لە کاروانا باری لارە    موحتاجی یاردیی ڕێبوارە
ڕۆژی ڕوونی شەوی تارە    تەنیا و تاکە، حاڵی زارە
نەخۆشە ڕوحی، بیمارە    فریو تەنیا بۆ یەکجارە
پیاوەتی نادرێ بە پارە    بەرداشی نابەکار لارە[٩]
کەی کاری چاک هی بێگارە    چۆن ئارام ئەگرێ ئاوارە

ئەم پەندانەم بەجێبێنە
ڕۆڵە گیان خشتم مەشکێنە



ستەمگەر تامەزرۆی جەنگە    نەوای خەم ئاهەنگی جەنگە
وردەبین مات و دڵتەنگە    نەوامی خەم ئاهەنگی چەنگە
وردەبین ماتە، بێدەنگە    سەرنیگای غەم سیپیاسەنگە
بێچارە مات و دڵتەنگە    شانازی ئەحمەق جەفەنگە
نوشداروی بێ حەیا بەنگە    خەنەی تەمەللوق حەوڕەنگە
ئەڵوات گوفتاری جەفەنگە    قسەی نەستەق چەن قەشەنگە

ئەم پەندانەم بەجێبێنە
ڕۆڵە گیان خشتم مەشکێنە

---

١- شەقڵ: ئەو پارچە دارەیە کە خەرمانی بەسەری پێ دیاری ئەکەن. ٢- نۆکیسە: تازە پیاکەوتوو. ٣- ملۆ: بڕێ گیا یا خەلەی درەوکراوە کە بە کۆکراوەیی دائەنرێ. ٤- دەرخۆنە: سەرقاییی تیکلەی گڵی-کە شتی تیا ئەکوڵێنن، ئەویش هەر لە گڵە. ٥-خشتم مەشکێنە: وەزعم تێک مەدەو نەزمم مەشێوێنە. ٦- حەیزە: ئیمتیلا. ٧- کۆبەکۆ: کۆلورتەی کێو. دیسانە بەمەعنای: (گەڕەک)یش هاتووە. ٨- نارۆ: فێڵوفڕ، فریودان. ٩- بەرداشی نابەکارلارە: واتە پیاوی دەغەڵ قەت کاروباری ڕێکوپێک نابێ.

## خومخانه

شکاندی شیشەو و مینا بەسەرما، پیری مەیخانە
کە دیی بۆ دیمەنی شۆخێ، گەلێ حاڵم پەرێشانە
وتی شەیدا: موتاڵای قامەتی ڕەعنا لەلای ئێمە
گوناهە، کوفری ئایینە، بەڵێ سەرکێشی تاوانە
وتم: کام سەرکەشی و تاوان؟ توخوا بێژن لە چی زیزن
وتی: دووتا پەرستی، بێخەبەر نازانی توغیانە
لە پیاڵەی چاوی ساقی غەیری مەی، نابێ تەمەننا کەی
مەگەر نەتبیستووە یەکتا پەرستی ئەسڵی ئیمانە
بڕۆو تیری موژە نابێ لە مەستا نێشی کارای بێ
بە غەیری نەشئە هەر هەستێ ببێ خۆی نەقزی پەیمانە[1]
ئەوی پەیکی لە دڵخوازی دڵستان سەندبێ مەستە
بڵێسەی ئاورە، پشکۆیە، کەی باکی لە سووتانە
کە هێنا[2]ی ئەو بشنییێ، بۆ ئوجاخی ئاوری نەمروود
بە پێی فەرمانی یەزدانی لەبەرخۆیۆ گوڵستانە
ئەگەر مەستی بگاتە ڕادەیێ، ڕەندان بڵێن مەستە
تەواناى کوا ئەوین، ئەو کەی، لەوێدا مەردی مەیدانە
ئەوین هێمان ئەلفبای مەکتەبی مەستیی نەزانیوە
خومار شاگردی ئەبوابی موعەممای ڕەمزی دڵ دانە
ئەگەر، زاهید، قوتابی و سوختەیی دەرسی ئەوینی، بۆ؟
گەیشتوویتە موتاڵای بارەگای تەعلیمی خومخانە؟
مناڵبازاڕی عوششاق و سەماعی دەرسی بێهۆشی
تەمەننایێ مەحاڵە پێکەوە، ئاواتی نادانە
ئەوی لێم حاڵییە (هێژا) نەگەیوی، کاڵی، سا گوم بە
بڕۆرە جەرگەیێکی تر کە دەرسی سووک و ئاسانە

١- نەقزی پەیمان: پەیمان شکێنی: یا بەتاڵ کردنەوەی. ٢- هێنا: گەرما، بۆق و داغی.



## پاریس

شارێ پڕ ئاشووب و جوان، عەرووسی فەرەنگستان
بۆ عەیش و نۆش، بەهەشتە، پاریس بۆ پیر، بۆ جەوان
هەتا بڵێیی ئاوەدان، سەراو کۆشکی فراوان
ئاسمان خەراش و قەسری زەریف و تالار[1]ی جوان
تاقی شکەستە و نیم تاق، ڕەواقی پڕ تەمتەراق
ڕەنگین دەر و دیواری، ناو هۆڵ و سەقف و ئەیوان
ئارایش و تەرتیبی، کلاوفەرەنگی[2] و گومەز
بورج و عەرووسی و تارم سەری توندە لە کەیوان
باغ و گوڵ و گوڵزاری، کەنار چەمی جۆ باری
سەیرانگەهی دڵ و دۆس، جێ ژوانی دڵ براوان
ڕوونە ڕۆژی وەکو شەو، شەمانی ئەدەن پڕتەو
پێت وایە پڕتاو هەتاو، زریوەی ئەستێرەی شەوان
پەری و غیلمان و حووری، لاوی کاڵ و گوپ سووری
دەم لەناو دەمن هەردەم خۆش خەرام[3] و کامەران
ئازادە و مەست و سازن، پڕ شۆر و سەربەنازن
یا دەرس و کار و پیشە، یا ڕەقس و هەڵڵا و داوان
کچ کرچوکاڵ و پاراو، کوڕ وەرزیدە و شیک و لاو
دەستە و مل و دەم لەدەم، ئاسوودە گیان و ڕەوان
لەگیرودار ڕزگارن، سەربەست و بێ ئازارن
ئەوینیان بێ ئۆینە، خاوەن مەبەست و بڕوان
چەند حەیفە وا دیدی من، شێتانە شت ئەبینێ
پێی وا نییە ئەو شکڵەی، ڕوواڵەت[4] ئەیڵێ هەر وان
ئەر ئەیڵێم شکمە یاران، حوکمی کوفرم کەن ئیعلان

یا بە سەرگەردان دامنێن، یا بە ئاوەز پەرێشان
ئەوەی دێتە پێش چاوم، دەریای خوێنە پەرزاوم[٥]
ڕەش و سپی ئەیرێژن، لە ئەندامی بێ تاوان
تاوانکار کوانێ ماوە، پێشەیشی پێتوورکاوە
مردوو چقڵی کێڵاوە، زیندووی پێ بۆتە قوربان
قەیدی نییە بە هەرحاڵ، حسێبی کەن کوڕوکاڵ[٦]
حەق شەرمێ لە کەس ناکا، عەلەیهـ، یا لە لەهی وان
بەکورتی ئێستا ئەیڵێم ئەوی نەمدەویست بیڵێم
چونکە سەبرم تەواو بوو، ئاوەزم هێندەی کاوان[٧]
(ئیفڵ) بورجی شۆرەتی، تەماشای ئەکەم گشتی
لوولاقی دەست و پێیە، بۆتە داربەستی سەیوان[٨]
بڕبڕە پشت و ساقۆڵ، بازوو و مەچەک، شان و قۆڵ
بە پێچ و مۆرەی فەرەنگ، دوو دوو لە یەک جەڕدران
لوولاق ستوونی تەنەی، ئەو بورج وبار و تەنە
ئێسکی قولی ئەفریقی، چەپەر بەندیەتی و کەوان
سمت و لوولاق و زەنگۆڵ، بازوو مەچەک شان و قۆڵ
پەیکەری هەر بینایێ، پڕشکۆیە و بە عینوان
هەر بورج و سەراو باروو[٩] پەرداخ بێ، دەروون و ڕوو
دار و پەردووی لوولاقە و کاسە سەر و ئیستیخوان
ڕاستی لە تۆی هەر چینێ، ئاجۆر و خشت و چینی
پێشەی کاکە سیام ئەدی، دیمەنی دەردی دێوان
کەم دایمەنێ عەزیزا، مێرد ئازایە کاکە سیا
بڕواتان بێت سەبوورن، نابەزێن، خاوەن هیوان
ئەو کاتەی کەفیان چەراند، پەردەی سەبریان دڕاند
جا تێئەگەن نەبەردن، ئازان، ناقۆڵان، وریان



هاوار! ئەمان لەو ڕۆژە، ڕقیان هەستێ ئەو هۆزە
بۆ هیچ کەس دانامرکێن، بەرئەبنە خانەخێوان
کارێ بەسەریان دێنن، داغی دڵ وا ئەڕژێنن
کە بۆیان ڕوون ببێتۆ ستەم قوری پێ پێوان
تالاوی ستەم وایە، فەرەنگی ئەو بەلوایە
قیراوی بە دیوارەی کلیساشتا سوواوان
ئەو تیراوەی هەڵیڕشت، دیواری کۆنەی کەنشت
ستەم ئەو ڕەنگەی ڕێژا، کە خومگەر خومی شێوان
ئەر ناڕاست و پاک ژییان، کارێکە یەکجار ئاسان
ئەر دەغەلکار بهێڵی، پاکە و زەریفە و ڕەوان
کاتێ ستەم دێتە گۆڕ، بۆ یاران ئەهاوێن تۆڕ
باب بۆ سەر سینگی ڕۆڵەی تیر ئەنێنە ناوکەوان
(هێژا) ئەر بارە نابا، دایم وا لە عەزابا
سەرسەری تێپەڕ ناکا، تێبینی ماڵی شێوان

---

١- تالار: بەر هەیوان، سەرسەرای گەورە. ٢- کڵاو فەرەنگی: شیروانی. ٣- خۆش ڕەفتارو حەرەکات: خۆش خەرام. ٤- ڕووالّەت: ظاهیر. ٥- پەرزاوم: سەرم سڕماوەو پەرێشانم. ٦- کوڕوکاڵ: جەوانان. ٧- کاوان: مقاوەمەت کردن ٨- سەیوان: کەپر-سایە ئەنداز. ٩- باروو: قەڵا

## له گۆ ناچێ

شکسته باڵی سهوداو ئارەزوو خۆم
لەپێکەوتووی تەقالا و هاتوچوو خۆم
پەشێوو غەمزەدەی ئاواتی دێرین
شپرزەی دەردی بێ دەرمانی زوو خۆم
له گێژاوی مەراما هەڵدەسوورێم
به گیروداری[1] سەودا ڕووبەڕوو خۆم
من و حەسرەت دەمێکه یاری گیانیین
به شەو تا ڕۆژ لەگەڵ غەم دووبەدوو خۆم
له لێژی سەختی ئاواتا بەتەنها
پەرێشان و هیلاکی جوستوجوو خۆم
ئەوەن مەئیوس و دڵگیرم له خۆیی
له خۆ بێگانه، چاوه و دوای دەروو[2] خۆم
له هێلانەی ژیانی خۆم غەریبم
سەماجڵ[3]، بێ پەڵاس و بێ پەتوو خۆم
لەبەر ناکامی غەمبار و پەشێوم
سەراسیمه و شپرزه و ژێر و ڕوو خۆم
به سەودای ئارەزووی زوو، بێئیراده
ئەڕۆم و دڵ به هەویای ئابڕوو خۆم
بەزینم بۆ نییه سوورم لەسەر حەق
لەپێناوی مەبەستا بێ پشوو خۆم
هەتا کاتێ نەمامم دێته بەرهەم
پشوو نادەم خەریکی تاووتوو خۆم
به تینی داغی هیوا هەڵدەسوورێم
ئەگەرچی مەینەتیم، ئازاده خوو خۆم



له گۆ ناچێ به ئازار مەستی ئاوات
وەکو (هێژا) له نەشئەی پڕ سەبوو خۆم

---

١- گیرودار: مورافەعە. ٢- دەروو: بێگانه. ٣- سەماجل: ئاسمان جل، کینایەیه له بێبەرگ و پێخەف.

## کەندەڵان

قاڵبی تەن تەنگە تیکلە و، بیرورِا پژگ و بەڵاو
ئەم لە سەیری کائینات و ئەو زەلیلی نان و ئاو
بێ نیهایەت، چۆن لە تەنگانەی تەنا مەحدوود ئەبێ
ئەو لە ئافاقیش ئەبووریّ، ئەم لە عەرزا تێشکاو
خێڵی ساویلکەش ڕووالەتیان بەسە لەم عالەمە
خۆ دەکوتنە هەر مەبەستێ، بێموتاڵاو ناحەساو
سەد کەڕەت خۆزگەم بە نادان، بێخەیاڵە، ڕازییە
بەحری بێپەی لای هەنێ چاڵە و بڕێ ئاوی پژاو
سادە سادە مل ئەنێت و ژینی خۆی تۆمار ئەکات
نابڕێ هەوراز و لێژی مەینەت ئاوای کونج و کاو[1]
قوڕ بەسەر خۆم ڕیتو بیتی[2] عالەمم لا موبهەمە
هەر شتێ سەدها چلۆن و بۆ لەگەڵیا دێتە ناو
پەڕڕە کام لا کۆیە، کاتی وردەبینی گیر ئەخۆم
چۆن بەدی هات و لە چی بوو، کەی دەبێ بوونی تەواو؟
موختەسەر تەرکیبی گێتی و دوو کەڕەت دوو ناچەڵێ[3]
دەنگو باسی فەلسەفەش هەر گوفتوگۆیە و قاوەقاو
دەستەیێ سەرسامی هەستی و جوستوجۆی بێ ئینتیها
عالەمێ جەنجاڵ وسەرگەرمی دراوو خورد و خاو
وردەبین وردە لەژێر باری خەیالا، پەکیەتی
کاسەیی سەبری پڕ و کەیلە لە ناراو و زوخاو
نووری زانایی لە زیندانی تەنا دیلی هەوەس
پێ بە کۆتی ئارەزوو، مەحکوومی جەبر و تەنگەتاو
دەرکی دەرخۆنەی لەسەر ڕۆچن نخوون بێ ئیختییار
گۆشەگیری کونجی مەعنا ما، لە تاوی گورز و قاو



حەیفە بە خوا گەوهەری ئینسانی سەرفی تەن ببێ
ئاخر ئەو بۆ کەندەڵانی، ژین ئەبێ بڕوا بە تاو
غەیری خۆی کێ بێ موعەمای عالەمی بۆ حەل ببێ
تێگەیشتن لەو هەموو ڕازە خەیاڵی خاوە[4] خاو
بەسیە (هێژا) باسی خەلقی عالەم و کەونت لە چی
ئەو وەڵت دەسرازەیێکەو ئاخریشت تۆپێ جاو

---

١- کونجوکاو: تێبینی و تێفکرین. ٢- ریتوپیت: جوزئییات. ٣- ناچەلێ: دروست دەرنایێ. ٤- خەیاڵی خاوە: یەعنی خەیاڵێکی ناپوختەو بێ جێگەیە.

## کۆڕی کێو

گلەی زۆر بوو یەلی[(١)] سەربەس لە دەس ئەم چەرخ و دەورانە
وتم: جا چاری چەپخوون[(٢)] کوا؟ سزا میراتی مێردانە
وتی: جەوری زەمان سەخڵەت، پەیاپەی ڕیشی من ئەگرێ
وتم: شێری ژیان گیانی پڕی ناسۆری پڕ ژانە
وتی: ئەرکی زەمانە و شان و باهۆی دێوی بەدبەختی
لە من کەوتە کەرەم، کەی جەنگی ئەو مەیدانە ئاسانە
کەر و خەرپووڵ[(٣)] و ئەحمەق بوونە هاوپەیمان و هاوسەنگەر
دژی من دێنە مەیدان و ئەڵێن: کێ مەردی مەیدانە؟
قڕە و گاڵە و چەپوگوپ دائەنێن، شەرم و حەیا ناکەن
بە قرم و قاڵ ئەنازن، پەت بڕ و شێت و منداڵانە
بە کام چەک بچمە مەیدانی! بە باوەز یا بە سیم و زەڕ
کە ئەو لای قیمەتی پووچە، ئەمیش لای هەرزە هەرزانە[(٤)]
تەقالای خۆ لە شەڕ لادان و خۆ پاراستنیش هیچە
خەیاڵی خاوە، باغی سەوز[(٥)] و ساختەی زیهنی ئینسانە
وتم پێغەمبەران ساتێ سەرەوتن بێ شەڕ و داوا؟
مەگەر پێیان نەوترا شێت و گێژ و مەنگ و دیوانە؟
بەڵام هەرگیز نەبەزیان لەو مەبەستەی وا کە بۆی هاتن
بە شەڕ هاتن لەسەر سەودا، کەمان ئەنداز و جانانە[(٦)]
ئیتر پەرزان[(٧)] و شل کردن لە هەندێ کۆس و تەنگانە
لە کوێ ئایینی مێرد ئازا و، یەلی ئازادی کوێستانە
براکەم! گوێ لە (هێژا) کە، نەبەز بەو ڕادە مەیدانی
حەرامە و عارە سەرکز بێ ئەوی وا ئەهلی ویجدانە



١- یەل: قارەمان، پاڵەوان. ٢- چەپخوون: ناجینس. ٣- خەرپووڵ: پارەداری ئەحمەق. ٤- کە ئەو لای قیمەتی پووچە، ئەمیش لای هەرزە هەرزانە: واتە ئاوەز لای نەزان و تێنەگەیشتوو بێ قیمەت، سیم و زەڕیش لای هەرزە زۆرە. ٥- باغی سەوز: خەیاڵ پڵاو یا وەعدەی سەرخەرمانی نەبوو. ٦- کەمان ئەندازو جانانە: یەعنی پاڵەوانانەو ژیرانە. ٧- پەرزان: سەر لێ شێویان.

کاشکی یارانی فەنن و سەر بە فەرهەنگ و ئەدەب
مەردی مەیدانی بەیان و نوکتەزان و قەند لەب
ئاشنای گوفتاری نەغزی کۆن و تازەی دڵ نشین
سەردەسەی غەوواسی تورک و فورس وتاتارو عەرەب
ناقیدانی شیعری ئازاد و عەروزی و سەبکی کۆن
خاوەنی ناوونیشان و مەسنەد و جاه و لەقەب
وردە بینانی لەسەرخۆی گۆشەگیر و خەڵوەتی[1]
عالمی عارف مەقام و شەیخی با ئەسڵ و نەسەب
نوکتە بینانی جەهانی مەعنەوی و ڕیندانی ڕاز[2]
نەغمە خوانانی سەرای فیردەوس وخۆشخوانی تەرەب
جورعە نۆشانی حەقیقیی کەوسەری عیشقی نیاز
جەمعی موشتاقانی مەحرووم و ئەسیری تەشنەلەب
خاوەنی جاه و مەقاماتی ئەوینی پایەدار
هەمدەمی جەمعی جەسووری خۆش دەماغ و حەق تەڵەب
وەک منی دێوانەیی دەیری لە ئاسانەی نیاز
دادەمان غەرقی تەمەنناو حیرەت و بوهت و عەجەب
بەڵکە سەریان دەردەکرد لەم عالەمە و ڕازی جەهان
تاکو دامرکایێ بۆیان ئاوری نەفسی جەڵەب
جا منی (هێژا)ش پشوویێکم بدایێ سەربەخۆ
گوێم بدایێ بۆ فوغان و ناڵەناڵی مورغی شەب

١- خەڵوەتێ: ئەوانەی کە لە کونجی زوهد و قەناعەتا خودا پەرستی ئەکەن. ٢- ڕێندانی ڕاز: لەڕاز ئاگایان.





کوڕ:

کیژی جوانی کرچ و کاڵ، گەردەن زەردی گۆنا ئاڵ!
ئێسک سووکی خوێن شیرین، شۆخ و شەنگی ڕوو بەخاڵ!
جوانی حۆریی بەهەشتی! خەڵکی کوێستان یا دەشتی؟
دێهاتیت یاخۆ شاری، کێ وەها چاوی ڕەشتی؟
ڕازاوەی کام دیاری، دڵڕفێنی، عەییاری
بوتی جوانی نیگاری، شابازی، دڵشکاری
ئەشهەدوو سەر بەنازی، سەرکێشی، سەرفەرازی
دێوانەتم، شەیداتم، دڵخوازی دڵنەوازی

کچ:

ئەی گوستاخی بێ پەروا! گەنجی دڵ پڕ لە هیوا
بوچ ئەپرسی ئەحواڵم، ئەمەدەی بەمەدیوەودیوا؟
کیژە کوردم، کوێستانیم، دێهاتیم، هەورامانیم
ڕەشتەی شنۆی شەماڵم، پەروەردەی چەم و کانیم
مەستی سروەی شەماڵم، جێ لە تۆیی سوورهەراڵم
چنوور و شەوبۆ لانم، زیرەک و لەسەرحاڵم
وێنەی غەزالی وەحشیم، تەڕلان ومەست و یاخیم
بێ عەیب و شاد و سەربەس، سەربەخۆ و خاوێن ئەژیم
ئەزانی بۆ هاتمە ڕێت، بێ پەروا وەک مەست و شێت؟
ئیشم پێتە تێفکری، ئەندەرزی من بگرە گوێ
ئەر دڵت لەلای منە، ئەر سەودات سەودای منە
ئەبێ دڵسۆزی گەل بی، تەنیا تەمەننای منە

کوڕ:

به چاو گیانی شیرینم، خۆشخەرامی نەشمینم
گوێم بە فەرمانی تۆیە، شۆخی جوان و نەخشینم
ئەی شۆخ! عەهدو پەیمان بێ، شەرتم شەرتی مەردان بێ
تا پای گیانم تێکۆشم، تەنم وەقفی کوردان بێ
کێ بە قسەت ناڕەزایە، لای گشت حوکمت ڕەوایە
کەس سەرپێچیت[1] لێ ناکا، بلێ چیت لە دڵدایە

کچ:

شێرەکوڕ! قەزات گرم، لەبەر ئازاییت مرم
قەت بە کزی نەتبینم، بلێم بۆچی وا زرم؟
زانیوتە چی قەوماوە، دڵم بۆچی سووتاوە
ئەڵێن گرووپی چەپەڵ خەیاڵیان خاوە، خراوە
ئەیانەوێ کوشتار کەن، سپای گەل تارومار کەن
دڵی دایک زامار کەن، ئێمە زەلیل و خوار کەن
لەچکی منت بەسەر بێ، چارۆکەم تۆشەبەر بێ
دڵخوازت سەر لەبەر بێ، ڕەبی ڕەنجت بێوەر بێ
ئەر مافی خۆت نەسێنی، مەردانەگیت نەنوێنی
تا دوژمنت تار نەنێی، تیپی دوژمن نەشکێنی
ئارامت لێ حەرام بێ، سەراپات زووخ و زام[2] بێ
نۆشداروت[3] بیماری بێ، ژەحری مارت لە جام بێ
کوردە ناموستان نەبەن، گیانە نەتانکەن بە پەن
لەدووی پڕوپووچ نەڕۆن، لە فیکوفاک گوێ نەکەن
کوردە! گەل لەبەینایە، ئازادی لە گۆڕدایە
سەرداری و میریت نەوێ، بۆ گەلت بێرە کایە



کوڕە پەلکەی من ببڕن، بێگانان تارام بدڕن
زۆرم لە لام باشترە، تاتۆ بە پارە بکڕن
کوڕە منت لەبیر ربێ، ئەلقەی زلفم زەنجیر بێ
لە سوودی گەل لانەدەی، حەو جار منت ئەسیر بێ
توخوا یاری برات بە، وەک فریشتەی نەجات بە
قەت دوژمنیی گەل نەکەی، هۆشیاری کات و سات بە
ئەزانی کاتت تەنگە، ساتی خەبات و جەنگە
ئێوە بن و خوا و وریا بن ئیختیلاف عەیبە نەنگە
دوژمن ئەوەی ئاهەنگە[4] سەرگەرمی ئەو نەیرەنگە[5]
خەریکی فاکوفیکە، پیلانی ڕەنگاوڕەنگە
داوێ پیسی داناوە، گەرچی زەنگی زڕاوە[6]
بەڵام دەسبەردار نابێ، ئێستاش وا بەو هیواوە
دە توخوا لووتی ڕەق کەن، ئەو ئاواتەی مەولەق[7] کەن
با لە داخا شەق بەرێت، یەکجاری جێیی پێ لەق کەن[8]
کوردە ئەر بەگوێم نەکەی، ئەر ئەم هەلەش لە دەس دەی
من کە ناتبینم بەچاو، تۆش هەرگیز ناڵێیی ئۆخەی
کوێستانت لێ حەرام بێ، باغاتت بێ نەمام بێ
گوڵستانت دڕک بێ، دەروونت لانەی زام بێ
زلفم قەنارەی تۆ بێ، وەک حەنزەلم لیمۆ بێ
سێوی کولمم ژەحرین بێ، ڕەنجی تۆم ڕەنجەڕۆ بێ
کراسەکەی تۆم کەفەن بێ، منت مردووی بە پەن بێ
کفنم بە غەم بدروون، حیجلەم[9] بەبەیتولحەزەن بێ
دەک مەحرووم لە ئاوات بی، دەستەژنۆی سەر بیسات بی
دەردی دڵت نەسرەوێ، خەجالەتی وەڵات بی
منت بمرێ و ناکام بی، دەردەدار و دڵ زام بی

بێ دۆست و بێ دەزگیران، نەسرەوتە و نائارام بی
داخی منت لە دڵ بێ، هیوات ئاوێتەی گڵ بێ
دڵت حەواڵەی چڵ بێ، مورادت ناحاسڵ بێ
ئەڵحەدت سیاسەنگ بێ، قەبرت تاریک و تەنگ بێ
مەئمووری گۆڕستانت ستەمگەری دەبەنگ بێ
لەوێ بەردبارانت کەن، حەواڵەی زیندانت کەن
دێو سواری سەرشانت کەن، لە دۆزەخ میوانت کەن
وەڵامم بۆ نادەیتۆ، کوڕی چاک لاناکەیتۆ
تەنت بۆ وا ئەلەرزێ، دەس لە سێنگت ناکەیتۆ؟
چیتە، بۆ حاڵت زارە، ڕەنگت پەڕیوە، دیارە
شتێکت لێ قەوماوە، شپرزەی! ئەی هەژارە!

کوڕ:

چاکە دەستم دەربێنم، نەختێ تۆ تێگەیێنم
ئەگینا وازناهێنی، بڕوا غەڵتانی خوێنم

کچ:

منت بمرم پێکراوی، دیارە گوللە لێی داوی
ئەی بۆ زووتر دەنگ ناکەی وا لەخوێنا گەوزاوی[10]
زڵفم ئەکەم بە بۆسۆ، ئەینێمە سەر زامی تۆ
پەرچەمم ئەکەم بە باند، تا نەتبەمۆ نارۆمۆ
بچین بۆ ماڵی خۆمان، تا لەوێ داوودەرمان
بنێمە سەرزامانت، تیمارت کەم بە پێی گیان

کوڕ:

کچێ ئەوەی لای تۆ بێ، زامی ئەر کۆنە و نۆ بێ
هەرگیز لە پێ دەرنایێ، با پێکراوی بڕنۆ بێ



ئێستا ئەڕۆم بۆ سەنگەر، تۆ فەرماندە و من ئەفسەر
لەشکەری ڕۆم و فەرەنگ، لە سەنگەر نامکاتە دەر

کچ:

دەک، لەبەر دەردت بمرم، دەک قەزا و بەڵات بگرم
تۆ ڕۆڵەی نیشتمانی، منیش یارێ شاترم

کوڕ:

با لە گاڵتە بەدەر بێ، ڕاست و بێ دەردیسەر بێ
پێم بڵێ یارت کێیە؟ بێ بەڵا و بێ خەتەر بێ

کچ:

تا ئێستا دڵ ئازاد بوو، وەیلان و ناموراد بوو
هێلانەی ئەوین نەبوو، سەرد و سڕ و بەرباد بوو
ئێستا تۆ لانەت تیا بەست، کرۆکی دڵمیشت گەست
سەربەرز و سەرفەرازم، دڵشادم ئێستا سەرمەست
مارەییم چەکی تۆیە، تفەنگێکی بڕنۆیە
پێتەکیم قەتاریکە، کەڵەشینکۆف و سیخۆیە
چون پێشمەرگەی وەڵاتی، لە ئاسۆی ئاوات هاتی
لەناو دڵما جێگیر بووی، دڵخوازی من! خۆش هاتی
(هێژا) وەکیلی من بێ، مارەم ببڕێ، ئیزن بێ
بۆ کیژی باش سەرمەشقە، ئەر کورد و شێرە ژن بێ

١- سەرپێچی: عیسیان و بەگوێ نەکردن. ٢- مازر: نیگەران و دوو دڵ. ٣- نۆشداروو: دەرمانی شیفا بەخش. ٤- ئەوەی ئاهەنگە: خەیاڵی وایە. ٥- نەیرەنگ: فڕوفێڵ. ٦- زەنگی زڕاوە: پیلانی ئاشکرا بووە. ٧- مەولەق: موستەکرەدی موعەللەقە (وەکوو ئەنجەل مەولەق): (ئەجەلی موعەللەق). ٨- جێی پێ لەق کەن: موتەزەلزیلی کەن، ئارامی لێ ببڕن. ٩- حیجلە: ماڵێ کە بۆ بووکی ئەڕازێننەوە، جا جەوان کە ئەمرێ کەسانی ماڵێکی چکۆلەی ڕازاوەی پڕ زەرق و بەرقی بۆ درووس ئەکەن. عەرەب: پێی ئەڵێن(بيت الحزن).واتە: خەنخانە. ١٠- لەخوێنا گەوزان: لەخوێن هەڵکێشیان.

## هۆنەری پڕشۆری کورد جگەر خوێن

جگەرخوێنم نەدی وا خوێن جگەر بێ
ئەوەن دڵسۆزی هۆزی دەربەدەر بێ
لەپێناوی حەقی خورپاوی گەلیا
بەرەنگاری بەڵا و جەنگ و خەتەر بێ
لە تەنگانەی خەباتی بێ وچانا
مەسافی دیدی هەر ئاسۆی زەفەر بێ
لەگوێی داگیرکەری بێ شەرمی تووشا
نەوای وەک نەفخی سوور، بێ چارەسەر بێ
وشەی وەک خەنجەری ژەحرین و نەشتەر
بوڕا و کاری و برینی پرخەتەر بێ
لە هەڵگیرسانی هەستی لاوی گەلیا
بڵێسەی ئاورینی پڕ ئەسەر بێ
وتاری ڕاپەڕین و ڕاتەکێنی
دڵی دوژمن تەزێن و دەردی سەر بێ
ئەوی جەللاد و خوێنخوار و شەرووره
بە واتەی پەست و پەککەوتوو پەکەر بێ
بەڕاستی شیعری ئەو(چاشنی)[1]ی خەباتە
بەسە بۆ مەردێ وا سەودای لەسەر بێ
چ خۆشە لاوکی هۆنراوی جوانی
بەمەرجێ ڕۆڵە هەستابێ و خەبەر بێ
نەوای بێدارییە بۆ لاوی هۆزێ
بە دڵ دەربایسی تانەوتەشەر بێ
بەیانی سیحر ئەکا (هێژا) جگەرخوێن
لەنێوان گوێ و دڵێکا وا گوزەر بێ[2]

١- چاشنی: مەزە، مایە. ٢- لەنێوان گوێ و دڵێکا وا گوزەربێ: واتە لای کەسێ کە لە وشە تێ بگاو ئەوەی کە ئەبیسێ دڵی بداتێ و تێی بگات وشەی وێژەر لە دڵیا کاری بێت.



## کیژی گریان

لەژێر تاوی هەتاوا کیژی گریان
بوتێ سیمین بەرێ، وەک مانگی تابان
ئەرامەندە[1] و مەلوول و زیز و غەمگین
هەژار و بێ سەر و دەر[2]، مات و عوریان
بە دوو چاوی گەلاوێژی نمینی
ستەمکاریی زەمانەی چاک ئەفامان
دو دەستی مەم بەنی جووتێ بەهێ بوو
دوو زوڵفی بۆ تەنی کردبوە سەیوان
لەژێر مووی موشکی یو لاشەی لەتیفی
تریفەی وابو وەک شەمعی فرووزان
دوو چاوی ڕادەوەستان دیتنی، چون
لە دیمەنیا دەبینرا جەمعی زیدان
لەنێوانی خەمی[3] تاقی هیلالا
خەدەنگ[4] ئاسا بو تیپی ڕیزی موژگان
لەژێر تیپی خەدەنگا مشتە خوێنێ
چمان ڕێژراوەتە سەر بەفری کوێستان
کە دیم بەوحاڵەوە ئەو شۆخ و شەنگە
هەموو عەرزی خودام لێ بوو بە زیندان
خودا! لەم دەشتە چۆڵە ئەو فریشتە
چ بوو؟ بۆ وا منی یەکجاری سووتان؟
بەهەر حاڵێ نەبوو ڕۆییمە پێشۆ
نزیکی بوومەوە مات و هەراسان
سەرم لێ دانەواندو کەوتمە خاکی
دڵ ئارامی پەشێوی ئافەتی گیان

وتم: ئەی سەر و باڵای شۆخی شیرین
بڵێ دەردت چییە، دەستم بە دامان؟
لەبەرچی عاجز و مات و زویری
ئەرێ ئەی دڵبەری زاری پەرێشان
کە چاوی مەستی داخستووی هەڵێنا
نمین وەک نەرگسی شەهلای گوڵستان
وەها تەسخیر و جەزبی لاڵی کردم
نە فامم ما، نە هوشم ما، نە سامان
سەراسیمە زمانم بەست و وەستام
لەپڕ لێم هاتەگۆ(٥) سەوڵی خەرامان
وتی: کێی، چیت ئەوێ، بۆ وا ئەپرسی؟
لە چی وا واله(٦) ماوی گێژ و حەیران؟
وتم: ماتم لە تەرزی بەژن و باڵات
کە نەیدیوە دوو چاوی نەوعی ئینسان
بە بازی چاوەکانت دڵ ڕفێنرا
کە ناگا بۆ شکاری هاتە گلیان
بە زەنجیری دوو زوڵفت پێ لە چوون ما
کەمەندت خست و وەستانت لە جەولان
ڕجایە لێت ئەکەم نازداری دڵبەر
لە چی زیزی گوڵی گوڵزاری کوێستان؟
ئەوە کام دەستی قودرەت سازی کردی
ئەوە کام سەنگدڵ بوو، دڵتی ڕەنجان؟
دڵی بدرن، چلۆن توانیی ستەم کا
پەڕەی نازک دڵی گوڵزاری ژاکان؟
سەر و ماڵ قۆچی قوربانە لەس ڕێتا
وەرە سا پێم بڵێ چیتە بەقوربان!



بە چاوت سوێنت ئەدەم ڕاستی بفەرموو
تو میحرابی دوو ئەبرۆت ڕازی پەنهان
بە چاوێ پڕ لە حەسرەت بۆم ڕووانی
سەراپامی تەماشا کرد و سەنجان
بە سۆزی سینەوە ئاهێکی کێشا
حەواسی لێ بڕیم و فامی پەرزان
کە زاری کردەوە، دەنگی لەتیفی
ئەوەن گیرابو تەنمی گشت ئەلەرزان
وتی: چیتە لە من، دەردی گرانم
ئەوەندە کەسکونە نایێتە هەڵدان
وەها کاری و نەپۆڕ و نالەبارە
بە ئیفلاتوون و لوقمان نابێ دەرمان
بەڵام عەیبی نییە هێندە بزانی
جەوانی ڕۆژ ڕەشی کردووم و وەیلان
ئەوەندەی تر پەرێشان بووم و ماتەم
ئەمەن پاڕامەوە تا هاتەوە زمان
وتی: وا من بەسەرهاتم ئەڵێم بۆت
بەڵام وا کار ئەکا لێت چەشنی پەیکان(٧)
وەکو تیراوێ سۆی ناچێ لە بیرت
دڵت تا ڕۆژێ ماوی بۆم ئەکا ژان
دەمێ کیژێکی نازار بووم و ئازیز
لە لای دۆستان و پیر و گەنج و هاوسان
کە منداڵ بووم بە نازی باب و داکۆ
بەخێو بووم تا دەمی چوونی دەبستان
خەریک بووم بێمە ناو کۆڕی ژییانۆ
بە حوکمی خوێندەواری ببمە ئینسان

که چوومه ناو قوتابخانه بخوێنم
ببم ئاماده تاکو ئەمە خێزان
هەتا ساوا و بچووک بووم وەک منالاّن
سەرێ گالّته و گەپ و، تاوێ لە سەیران
شتێکێ پێ نەچوو تا بوومە عازەب
بە یاری تازە ئەو بازیمە دۆڕان
بە گالّتە بوومە هاوبازی بڕێ کوڕ
بە دەسبازی لەگەڵیان باز و تۆپان
کەسێ نەیوت مەکە هەر خۆم حیساب بووم
هەمیشە تەک جەهێلاّن دەس لەسەر شان
لە وا عومرێکەدا دەورانی مەستی
بەرەڵلا بووم و ئەستۆی خۆم لەسەر شان
ئیتر باب نەیئەپرسی داک خراپتر
بە هیوای مەکتەبۆ لێم بێ خەبەر مان
ئەوان لایان وەهابوو من لە مەکتەب
ئەخوێنم تاکو خوێندن دێتە پایان
مسیبوویان کە نابێ بەرگری کەن
زیبیانە بەرهەڵستی گەنج وەستان
ئەیانوت وێڵی کەن، ئازاد بێ چاکە
خراپە دەس لە زەوقی کیژ و کوڕ دان
مەیانکەن با بە ئازاد بێنە بەرهەم
ئەبێ بۆ ژینی تازە بچنە مەیدان
قوتابخانە ئەیانکا شارسانی
پەسەندی ڕۆژ و بێ لەککە لە تاوان
منیش تا کاتی بەربوونم لە مەکتەب
بە هەر حاڵێ نەبوو خۆمم ئەخجلاّن(٨)



بەلاّم کاتێ لە مەکتەب دەرئەکەوتم
ئیتر وەستام نەبوو خۆ من لە گیرفان
بە بێ باکی لەگەڵ کوڕ کەیف و ئاهەنگ
لە پەسکووچەی گەڕەک تاریکی کۆلاّن
لەپاشان وردە وردە هەستی جینسی
لەگەڵ جینسی موخالیف هاتە جۆشان
دەمێ بۆ سینەما بێ ڕانوما خۆم
سەرێ بۆ سەیری تاترۆ و بەزمی ڕیندان
وەکو ئاورێ کە نەوتی تێ بڕێژن
بڵێسەی سەند و خۆمم پێ پڕووزان
لەپاشان خوێندنم بۆ نا بە تاقۆ(٩)
ئەسووڕامۆ لە دەشت و باغ و بوستان
بەجۆرێ زۆری هێنا هەستی جینسی
لەگەڵ ژیکۆڵەکانی سەر خیابان
شەو و ڕۆژ بوومە دۆس و یار و هاوەڵ
گەلێ گەنجی بەتاڵ و لات و شەیتان
ئەوەندە بوومە ساقیی مەجلیسی مەی
سەرئەنجام گەردی عارم دا لە دامان(١٠)
بە ڕۆژێ بوومە مەعشووقەی دوو سێ کەس
کوڕی گەنج و جەهێڵ و ملهوڕ و جوان
هەتا کاتێ لەگەڵیان بووم بە عیززەت
لەپاش کامیان لەلایەن پەست و بێ شان
ئەوی کەیفی دەویست گیان و دڵی بووم
هەر ئەونە تاکو کامی خۆی ئەڕامان
لەپاشان وا لەپێش چاوی ئەکەوتم
لە دینم هەڵدەهات وەک باوو بۆران

کە هۆشم هاتەوە سەرخۆم و زانیم
کە عارێکی پەتیم، گریام فراوان
بەڵام سوودی چ بوو ڕۆیی لە دەستم
ئیتر کوا دێتە دواوە چەرخی گەردان
دەمێ زانیم کە هیچ کەڵکێ نەمابوو
خەزانەی عیفەتم دابوو بە تاڵان
لە دەست چوو ئابڕووم بێ قەدر و بایی
بە بێ عەقڵی شەرەفمم دا بە هەرزان
ئیتر ڕووی ئاوەدانیم بۆ نەماوە
بە هیچێ ئەو زیبانە نابێ جوبران
کە من ئێستاکە نەنگم بۆ براکەم
لە لای باب بارێ سەنگینم لەسەر شان
لەبۆ داک بایسی تانەی ڕەقیبم
لەکن قەوم و کەسم وەک ساردە سندان
ئیتر سوودی چییە ژینم بمێنم
ئەمن مەرگم ئەوێ هەردەم لە یەزدان
بەڵام وەسیەت ئەکەم بۆ هاوەڵانم
کچانی چەرخی تازەی تازە دەوران
بە باب و داکی منداڵان بە ناڵان
ئەڵێم بۆ پەروەرش چاک بێنە جەولان
بە تەنیا دەرسی مەکتەب دەسخەڕۆ بوون
خراپە چون ئەبن بێ شک پەشیمان
ئەگەر بۆ پەروەرش چاک تێنەکۆشن
دەبێ سەرپەنجەیان بگرن بە دندان
موعەللیم هەر لە مەکتەب چەن سەعاتێ
ئەڵێ دەرسێ بە منداڵی بەسەزمان



مەگەر لەدوای قوتابخانە موعەللیم
لەبەر منداڵ ئەبێتە وشکە دایان[١١]؟
ئەوانەی وا لە ئەولاد بێ هەواڵن
مناڵیان مەینەتە بۆ خۆی و خێزان
پەشیمان شاخی دەر بێ دەرئەهێنن
دوو شاخ ئەستوور و زل وەک شاخی حەیوان
ئەگەر ئەتوێ مناڵت سەرفەراز بێ
نەنیشێتە ملت تاوان و ڕایان
ئەبێ خۆیشت بە دڵسۆزی و مەحەببەت
خەریکی بی وەکو ئاش بێیتە گەردان
کەسێ وا لاتولۆتی دا بە کۆمەڵ
بەڵای لێدەن، لەگەڵ خۆی ئەگرێ زۆران
هەمیشە پەست و بێبایی و ڕەزیلە
لەنێو گەلیا تەریکە و بێ دەر و بان
لەپاش ئەم وەسیەتەی کردوومە بۆ خەڵک
لە شار دەرچووم و هاتوومە بیابان
وەکوو وەحشی ئەژیم تا کاتێ ئەمرم
لە بن بەردێکدا بێ ناو نیشان
ئەوانەی وا وەکوو من تەربیەت بن
چلۆن هەرگیز ئەبن دڵشاد و خەندان
لەسەر نۆ نیشتەوە گریان بەسۆزی
دڵ و جەرگ و هەناوی کردە بوریان
ئەوی من تێگەیشتم سووچی کۆمەڵ
بووە وا ئەو فریشتەی بۆتە قوربان
لە کۆمەڵدا برێ ڕا بۆتە یاسا
کە ئەیپەرسن وەکو ئایاتی قورئان

وە دووی کەوتوون بەبێ لێ تێگەیشتن
ئەڵێن ئایین و ڕەسمی وایە ئاڵمان
ئەڵێن قەولی فلان زانا وەهایە
کە پێشکەوت وا ئەکەن، ئەو قەومە زانان
دروستە ئەو (تیئۆری)[13] وایە دانا
بەڵام گشتی موتاڵا نابێ یەکسان
بە ئەو ناگەین و هی خۆشمان بەتاڵە
دەوای ئەو دەردە کوا ئەکرێ بە ئاسان
نە شەرقین و نە غەربین و نە چینی
نە ئینگلیسی نە ژاپۆنی نە ژەرمان
وەرە (هێژا) لەگەڵ ئەو کیژە بگری
بە زاری هەڵبڕێژە دیقی دەوران
هەتا ڕۆژێ کە میللەت ئەبنە زانا
ئەزانن چۆن ئەژین و ئەبنە ئینسان

١– ئەرامەندە: داماو. ٢– بێ سەروبەر: بێ تەجرەبە. ٣– خەم: قەوس. ٤– خەدەنگ: تیر کینایەیە لە برژانگی مەعشووق. ٥– لێم هاتە گۆ: لێم هاتە جواب. ٦– والە: سەراسیمە. ٧– پەیکان: سەری تیر. ٨– ئەخجلان: مەشغوڵ ئەکرد. ٩– بەتاقەوەنان: دەس لێ هەڵگرتن. ١٠– کەردی عارم دا لە دامان: ناموسی خۆمم لەکەدار کرد. ١١– وشکەدایان: پەرستاری منداڵ کە شیری نەداتێ. ١٣– تیئۆڕی: نەزەرییە.



## سەراب[1]

لەو مەتڵەبە پووچانە ئەگەر ئەمڕۆ هەڵاتم
ئازادم و ڕزگارم و سەربەستی بیساتم
کردوومە قەناعەت کە سەرەنجام ئەبێ هەستێ
لەو غەفڵەتەیا مورعی غەزەلخوانی[2] نەجاتم
دەردی منی بێچارە لەوا کەسکون و سەختە
کەس قاتە بپرسێ لە سکاڵاو و شکاتم
ناکەس وەکو بڵقاسە لەسەر مینبەری تەبلیغ
پێی وایە منیش هەرزەو و بێ مایەو و لاتم
زوڵف و خەت و خاڵ و قەد و باڵایە مەراقم
بۆ ماڵ و دراو پەستم و مەفتوون وکەساتم
پسپۆڕێ لەکوێ دەس خەم و ڕازدارێ بزانێ
موشتاقی، وەتەن! کێو و کەژ و ئاو و هەواتم
هەوراز و بەرەوژوورەیە، ڕێوازی تەقالام
بێ یارو مەدەدکارە، دەم و دوویی[3] خەباتم
دێو و دەدە هەمڕازی غەم و هەمدەمی دەردم
موحتاجی تەلاش و مەدەد[4] و سەبر و سەباتم
گاڵ و بخوری ناوێ، حەکیمانەیە مەتڵەب
ژیرانە ئەبینرێتەوە، ڕێوازی مەزاتم
وردە تەن و گیانی ئەوی وا وردە لە کارا
ملهوڕ بەهەوا دێتە کەوانم، لەوە ماتم
عەقڵی ئەوێ جانانە، تەلاشێکی حەسابی
چوون و، نەبەزین و، نەڕەوین، کاتی تەلاتوم
سەنگی زل و یەک تیکە لەبن نایێ بە نینۆک
بێ دەیلەم و زەنگەن؟ پەکەری ڕەنجی بەباتم

جاهیل! وەرە شێتانە مەرۆ مەردی خودا بە
شووریدە و مەفتوونی غەم و حەولی وەلاتم
ئەی لاو مەڕۆ بێ ڕەویە، ئەسووتێی کە خەسارە
مەغروور نەبی بێژی کە لەسەر ئاوی حەیاتم
ئەو ئاوە سەرابێکە هەزارانی لە گل خست
غەمباری لەپاکەوتن و تیاچوون و سزاتم
عەهدە کە لەپای کێوی وەفادا بەفیداتم
بەو مەرجە بە دڵخوازی دڵم شاد بێ وەڵاتم
ڕۆژێکە بڵێن ڕۆژی مورادە وەرە سەیری
شادی و فەرەح و بەزم و هەراو کەیف و مەزاتم
وەک قۆچم و ئامادەیی قوربانی لەبەر پێی
(هێژا) کەمە بۆ نەیلی شەرەف نەقدی حەیاتم

---

١– سەراب: برق و باقێکە عەرزی گەرمیان ئەیداتە دەر و لەدوورەوە لە سەراوو گۆلاو ئەچێ.

٢– مورغی غەزەلخوان: کینایەیە لەڕۆحی شاد. ٣– دەم و دوو: دەسەو بەستە. ٤– مەدەد: یارمەتی.



## جەمخانەی نییاز

لە جەمخانەی[١] نییازا جار و بارێ
ئەبیسرێ ئاهی مەست و بێ قەرارێ
بە دڵ کاتێ ئەناڵێنێ، سکاڵای
دروست حاڵیت ئەکا حاڵی نەزارێ
ئەڵێ: چەوساوە کوێی ئێشێ و چلۆنە؟
ئەڵێ: دەردی دڵی ڕەنجە و هەژارێ
نە ڕوو دەربایسیی کەس ئەیگرێ، نە
ئەبێتە پشتەوانەی میری شارێ
دڵی پێوە نییە پاکاری[٢] کار بێ
وەیا میر و ئەمیریی سەر دییارێ
ئەوی ڕاست و دروستە ڕووی ئەکا بۆت
دە گوێی بۆ ڕاگرە، بۆ چاری کارێ
وەرە خۆت کەڕمەکە و دەنگی ببیسە
بەدی بێنە نییازی دڵ فگارێ
خودا چی بکەم کەڕ و کوێر وان لەسەر کار
هەموو مەست و دەبەنگن دەس بەکارێ
ئیلاهی گێژەڵووکێ کوا هەڵیکا
زەوی بێتە تەپ و تۆز و غوبارێ
نەبینرێ هیچ کوێ گشت یەختە سار بێ
لە هیچ کوێ دیار نەبێ دار و دییارێ
لە هەر لا گەردەلوول حاکم بێ بۆ خۆی
بەپێی سەنگی بەرێ هەر نالەبارێ
لەسەرنۆ دەرکەون پێشییاوی ژینێ
لە بەین چێ باری سەربار پاک بەجارێ

خەلاس بن ڕەنجەڕۆ لەو دڕک و داڵە
لە گوڵزاری ژیان با نەڕوێ خارێ
منیش ئارام وەکو (هێژا) لە کونجێ
بڕۆمە کولبەیێ، دەیرێ، مەغارێ

---

١٨- جەم خانە: مەجمەع. ١٩- پاکار: گزیر، بەردەستی سەرکار.



## خامە[1]

لە پێنوسم، دوڕ و گەوهەر ئەبارێ
ئەژی دانەی، خەراج و گەنجی شارێ
ئەگەر چی قەدری دانە و دوڕ بەجێیە
لەجێی خۆی، نرخی گەوهەر، پێ بەجێیە
تەبیعی باوی بازاڕیش، بە شوێنە
گوهەر سەنجی[2] لەپێی گەوهەر نوێنە
ئەوی پسپۆڕو زاناو وردە بینە
لە کاروباری سەودادا، مەتینە
ئەزانێ کامە قەڵبەو کامە ئەسڵە
لە بازاڕ، کام مەتا، کالای چ فەسڵە
لە نەختێ خەرج ئەکا کڕیاری زۆرە
لەوێ سەودا ئەکا، بازاڕی جۆرە
بەلام هەندێ کە سەوداگەر نەبووبن
ئەگەر بۆ موختەسەر کالایێ چووبن
ئەوەندە ناشییانە چوون لە دووی کار
ئەپرسن قیمەتی، ئەتلەس، لە عەتتار
کە واتە ئینتیزاری بیر و تەگبیر
لە نائاگا مەکەن، ئەی عاقڵ و ژیر!
بەرەڵڵا کوا ئەزانێ کێ شەریفە!
بەدەڵ چووزانێ کام گەوهەر زەریفە!
دەغەڵ کەی قەدر ئەزانێ، نەوجەوانێ
لە کڵ دەرهاتو پوختەو لێ بزانێ
ئەوەش زانینی پێداویستە کاکە
لە کوێ ئاسانە زانین، کامە چاکە!

نەزان هەروا لەخۆڕا پەل دەهاوێ
چەقەڵ مەس(٣) ئێسكی بەبرو شێر ئەجاوێ(٤)
حەقیقەت گەوهەرێكی ڕوون و پاكە
تەمیش ئەر بیگرێ ساتێكە كاكە
سەرەنجام هەر ئەبێ بشنێ شەماڵێ
بەرەو ئەو شوێنە، سەروەی بێ بە حاڵێ
بڕووسكەی دێ لەپڕ دەردێ لەژێر تەم
ئەڵێ: خەڵكینە سەیرم كەن، ئەمام، هەم
بەڕاستی گەوهەری بێ گەردە جەوهەر
لەمەڕ مێردانە، مایەی فەخرو زێوەر
بەتایبەت گەوهەری نایابی زانین
خودا دەیڵێ: بزان وەك خەڵكی دی، نین
قەدیمیش وا دەڵێن دارایی زانا
بە تالان نابرێ، نا دزرێ قەت، نا
ئەوان سەرمایەیان بێ بیمە، بیمەس
بە زۆر و زوڵم و تالان، نابرێ بۆ كەس
ئەگەر سەرمایەكەت (هێژا) وەهایە
هەزار بار لێی ببەخشی دێتە مایە

---

١- خامە: نامە. ٢- گوهەر سەرنج: گەوهەر ناس. ٣- چەقەڵ مەس: لە پاشخوان تێر خواردوو.
٤- ئێسكی بەبرو شێر ئەجاوێ: خۆخەڵەتاندن، بەڕواڵەت خۆنواندن.



## گوڵ وەریون

لە داخی دەوری دوون زۆر دڵ تەزیون
بە بێ وەعدە گەلێ گوڵ هەڵوەریون
گەلێ خونچەی نەپشكووتوو چناون
چەنێ چووزە و چرۆیان هەڵبڕیون(١)
گەلێ توولەنەمام و خەڵف و خامە
بڕاون گەرچی جوان و ڕێك ڕویون
گەلێ لاو بوونە قوربانیی قسەی ڕاس
لەپێناوی حەقا خوێنیان مژیون
گەلێ داك ڕۆڵەڕۆیان پێ خراوە
گەلێ ساوا پڕووزاون، هەتیون
ئەوە ئیرسی گەلی كوردە، لە مێژە
بەڵام مێردان مەگەر هەرگیز بەزیون
لەپاش هەر ئاش بەتاڵێ زوو دەمودەس
گرۆیێ تر لەسەر حەق ڕاپەڕیون
لەسەر نۆ دەستەیێ تازە و فیداكار
لەسەر ڕیشەی قەدیمی داچەقیون
خەباتی ئێمە جارێ دوایی نایێ
مەڵێن ئەو هۆزە وەستاون، چەقیون
بەڵێ بیمار، بەڵام گەل نامرێ قەت
ئەوانەی دژ بە گەل هەستان ڕزیون
ئەوەی وا هات بەسەر ئەم هۆزەدا و چوو
هەموو پێشات و هەوراز و نەشیون
گەلێ ئەمرێ خەباتی بێتە پایان
دژی تالانكەرانێ داسەپیون

گەلێ تەسلیم نەبێ شکیان مەحاڵە
ئەگەرچی دوژمنان تێیدا بەزیون
هەلێ هەر دەس ئەدا بۆ هێرشی گەل
دژی وانەی تەکی پێ هەڵچنیون
وەدەریان وا ئەنێن ئیتر نەوێرن
لە شوێن ئەو خوویە بن پێیان مسیون
کە وەختێ ئێمە ناوەستین لە پەیکار
زیانکار ئەو دەسەن مەستی فریون
سەرەنجام هەر ئەگەین، یاران، بە ئاوات
گەل و هۆزم لە نووستن ڕاچەنیون
بە ڕۆڵەی میللەتی، (هێژا) ئەنازێ
کە بۆ شاری شەرەف میرو خدیون

١– هەڵ بڕین: قرتاندن، قەیی کردن– درەوکردن. ٢– ڕاچەنین: داچڵەکیان.



## چەم و خەم

لە دونیادا کەسێ بێ غەم لەکوێ بوو
کە هات و بوو، بەنی ئادەم لەکوێ بوو
لە جەرگەی خێڵی زامارانی کەونا
کە غەم نەیگەستبێ مەحرەم لەکوێ بوو
نەمامی ئارەزوو، مەینەت بەکۆڵە
سزای وەرهەم نەبێ، بەرهەم لەکوێ بوو
درەختی زڕ کە[١] هەرز ئەڕوێ[٢] لە خۆڕا
بەبێ هێنای[٣] شەم[٤] و لاچەم لەکوێ بوو
لەمێژە ژین و ژان، دوو یاری گیانین
ئەوان هەمزاد نەبن، تەوئەم لەکوێ بوو
بەڵێ ئەکسیرە[٥] بۆ عاشق غەمین بێ
تەمی وادی موراد، ماتەم لەکوێ بوو
بەدەم ئاهۆ کە شنیا پەرچەمی غەم
شکۆی ئاڵای کەیان و جەم[٦] لەکوێ بوو
لەلای دڵ دیلە دایم عاشقی زار
پەکەر[٧]، وێرانە، کەمتەرخەم لەکوێ بوو
کە سۆزی داغی عاشق جاویدان بێ
عیلاجی کار دەواو مەرهەم لەکوێ بوو
ئەگەر پەروانە بێپەروا نەسووتێ
شیعاری شین و شۆڵەی شەم لەکوێ بوو
بوتی ناز کەی شکا بۆ بوت پەرستێ
بوت و بوتخانە بێ بەرهەم لەکوێ بوو
بەڵێ کوورەی سەفا داغ و بەتینە
دەمی پێویستە دەم، بێ دەم لەکوێ بوو[٨]

له کلپەی ئاورا گولزار نوواندن
لەبەر ئەندامی بێ وەرهەم[٩] لەکوێ بوو
ئەگەر جۆش و خرۆش دامرکێ، دونیا
ئەشێوێ، شەوکەتی عالەم لەکوێ بوو
تەکاپۆ[١٠]یە عەزیزان، ڕەمزی هەستی
وجوود بێ بەزمی کەیف و کەم[١١] لەکوێ بوو
چ دەریاییێکە؟ غەم بەحرێکە بێ پەی
کە چاوکەی غەم نەجۆشێ، یەم[١٢] لەکوێ بوو
نەزاکەتبارە، (هێژا)، عاشقی ڕەند
چەم و خەم، کەیف و غەم[١٣] سەرجەم لەکوێ بوو

١- زڕ: بێ سەمەر، بێ بەر. ٢- هەرز ڕوین: خودڕوو، نەمامێ کە لەخۆیەوە بڕوێ. ٣- هێنا: هەوای نمناک. ٤- لاچەمێکێ نمناک کە کەمتر خۆر بیگرێ. شەم: پێچەوانەی بەر بەرۆژ. ٥- ئەکسیر: ماددەییێکی خەیاڵییە گۆیا کە بدرێ لە مس ئەیکا بە زێڕ. ٦- کەیان و جەم: دوو سیلسیلە لەپادشانی بەدەستەڵاتی ئێران بوون. ٧- پەکەر: مات. ٨- دەمی یەکەم یەعنی هەوا، دووەم: باهاتن، سێهەم: گوزەر یا دەم دەمیش کە ببێ هەر هەوای لێوە دێ. ٩- بێ وەرهەم: بێ غەم. ١٠- تەکاپو: هاتوچوو تێکۆشان. ١١- وجوود کە بوو هەم کەمییەتی هەیە هەم کەیفییەت (چەندی و چۆنی). ١٢- یەم: دەریا. ١٣- غەرام و چاوەڕێیی، ڕابواردن و عەمین بوون پێکەوە چۆن ئەبێ.



## خڕکە پەڕێن

لەوساوە ئەدەب بۆتە گورەی واتە پەڕێن[١]
هەرزەو هەڵە مەقبووڵە نە ڕێزبین و بخوێن
زانیار و قەڵەمزەن[٢] پەکەر و حاڵی پەشێوە
غەوغایە لە کۆڕی قەڵەما و تەعن و جووێن
لەو مەعرەکە کڕیاری کلاسیک و ئوسوول
پێویستە سپەر داخەن و خێرا ببەزێن
چاری نییە سەرکێشی، عیلاجی ستەمە
پێویستە تەمێ خوار بێ لەجووجی (نەخەوێن)[٣]
ئەو چاوی لە لۆمە و قەدەغەی خەڵکی نییە
بەسیە کە لە دەوری دەڵە بن[٤] چەپڵە تەقێن
فەرهەنگ و بەسەر هاتی گەلێ کەشکە[٥] لەلای
چیی داوە لە گەوهەر قەرەچی شینکە بسێن
کەی شیشە بەکۆڵی ئەدەب و عیلم وهونەر
خۆی ئەگرێ بەرابەر هەڵەشەی خڕکە پەڕێن[٦]
کەڵکی نییە بیدوێنی ئەوەی بادی هەوایە
نازانێ، لە لای وایە، دژین بۆیە ئەڵێن
هیچ چاری نییە زامی زمانی هەڵەوێژ
چی بکەی لە وتەی نابەڵەدی تانە وەشێن
دەردی سەرە بتوانی لەگەڵ لاڕێ بڕۆی
فریای دڵ و مینات کەوە هات شیشەشکێن[٧]
ئەشعاری ئەدیبانە، قسەی ڕێک و نەسەق
پەخشانی ژوان، پوختە، بە واتا، بە هەوێن
بازاڕێ نییە وەزن و مەفاعیل و مەعانی
ئازادە، هەڵە و بێ سەرو پێ هەرچی بڵێن

بەو مەرجە ئەبێ مەعنی نەدا، وەزنی نەبێ
ئەمجارە ئیتر چاکە مەتای تازە نوێن
لەوساوە بەیان پووچە بە بێ مەعنیی مەعان
ئازادو عەرووزی بە مەتەڵ جووتێ هەوێن
شایستەیە (هێژا) لە قەدیمی بگەڕێ
هەر کۆنە پەسەن بێ وەکو عەنتیکە بسێن

١- واتە پەڕین: چەنەباز و مقتەوێژ. ٢- زانیارو قەڵەم زەن: عالم وکاتب. ٣- نەخەوێن: تەسلیم نەبوو. ٤- دەڵە: خوێڕی. ٥- کەشک: کینایەلە لە شتی بێ کەڵک. ٦- خڕکەپەڕێن: بەردەفڕکێ کەر.
٧- شیشەشکێن: قسە تاڵ، قسە سەقەت.



## پەپوولە

لەسەر بەرگی گوڵێکی ئاڵ و ئاودار
پەپوولەی جوانی چووکی[١] نارنی نازدار
بە لەرزینی پەڕو باڵی بەئەستەم
کە ئەیچوێنێ بە خنجەو لەنجەو و لار
ئەبزوێ نەختە نەختە و رێک و مەوزوون
لەسەر لاسکی گوڵێ خۆش ڕیتم و هوشیار
لە چاوی من جموجووڵی پەپوولە
پڕی ئیمایە هەر بزوین و ڕەفتار
بە هەر لەرزەی دڵێ لەرزانە بێ شک
چ پڕمەعنایە خۆ پێچدانی بیمار
بە هەر جووڵەی ئەبزوێ هەستێ پەنهان
بە هەر لەرزەی دەخێزێ عاشقێ زار
سەما ناکا پەپوولە بێ بیانوو
ئەبێ ڕازێ هەڵێنێ بێتە کردار
وەرن ئەو ڕازە یاران ئاشکرا کەین
هەتاکو خەستە کەمتر بن گرفتار
بە ئایینی ئەدەب، ورد و لەسەرخۆ
سەبارەت بەو مەبەستە بێینە گوفتار
ئەگەر جوانی و نەزاکەتباریی غونچە
نەبێ، کەی بولبولی زار دێتە هاوار
دەسازێ باڵی نەرم و چقڵی توورک
وەر ئەگرن دەرسی ئولفەت بولبول و خار
لە مەتنی لەرزشی باڵی لە ڕەقسا
ئەخوێنێ دەرسێ تازە بولبول هەر جار

ئەڵێن ئەو دوانە جوانی دێت و دەڕوا
وەرن تا ماوە بۆ سەیرانی گوڵزار
کە ڕۆی نایێتە دواوە چەرخی گەردان
لەپاشان مەر لەگەڵ یادی بکەن کار
نەسیم مووسیقی سێن بەرگی گوڵانە
پەپوولە بازیگەر، بولبول نەی و تار
چ ئاهەنگێکە، (هێژا) عیش و مەستی
تەبیعەت جوان ئەگێڕێ جامی خونکار

١- چووک: موخەففەفی بچووک.



## ئۆخەی

لە دەردم تێبگەن، خەڵکینە، تا کەی
بەری تانەم ئەدەن بێ جێ، پەیاپەی
ئەگەر گرژو دەبەنگ و مات و مۆنم،
شەریکی دەردی گشتم ئەر قەبووڵ کەی
لە هەر کوێ دەردەدارێ دەنگی دەردێ
لە ناڵەی ژان ئەکەم، جەرگم دەبێ پەی
ئەوی سەودای لە سەردا بێ هەژارە
دەروونی هەست ئەکا دەردت وەکو خۆی
لەکوێ ئارام و ئاسایش ئەزانێ
دەروونی دێتە ژان تا تۆ وتت وەی
کە من دڵسۆزی ڕاستی و یاری تۆ بم،
ئەوەم لا مەتڵەبە بێ وەی بی، بێوەی
نەکەی، (هێژا)، لە حەنناى ئاشنایێ
ئەوی لێت دێ تەمەڵ بیت و درێغ کەی

## داخ

له داخی جووته هەڵدانی کەر و چوارپێ، خودا چی بکەم
له تاوی واتوویتی زۆر بلێیی بێ جێ، خودا چی بکەم
له قینی مەست و دێوانەی نەزانی بێ حەیا وەختە
هەڵێیم، چارەم چییە یاران بڕۆم بۆ کوێ، خودا چی بکەم
خەتای کێ بگرێ پیاو ئێستا کە نادان گەرمە بازاڕی
دەغەڵ خۆی شای کەسانە و پەندی پێ ناوێ، خودا چی بکەم
غەم و غوسسەی زەمانە کەم نەبوو بۆ ڕەنج و ئازارم
غەمێ تر هاتە سەربارم، قەدەر وا بوو، خودا چی بکەم
لەخۆڕا خۆ دەکوتنە هەر مەبەستێ باکو تێیناگەن
نەزان چۆن تێ دەگا، کەی چا دەبێ، وابێ خودا چی بکەم
ئەڵێن ئێستا گرووپێ تر بە ناوی دانیش و عیلمۆ
خەریکی گێرە شێوێنین لەشار و دێ، خودا چی بکەم
خودا سا خۆت بگە فەریای گەلی چەوساوەیی بێ کەس
عیلاجی کار لە دەست (هێژا)ی هەژار نایێ، خودا چی بکەم



## ئیسم و میسم

لەو ئیسم و میسمە گەڕێن، کاکە، کلۆرە
مردوو کە زۆرە، خزم، زیندوو مەشۆرە
وریاییی کۆشک و کەلێن[١] فەرزە لەسەر مێرد
ڕێوازی[٢] هەوڵی کەسی دیکە مەگۆڕە
ساچاخی زێڕی کوردە ژن، لەکن مۆدە[٣]
بێ ڕەویەیە، بێ تامە، لە زیبادی شۆڕە
سیپاڵی شەنگ و شۆخی گەنج و لاوی مە
کەی لای غەوارە پەسەندە، لەکوێ جۆرە
قەتارو لاوکی کوردی لە گورجستان[٤]
کەی تامی قۆریات[٥] ئەدا چڕە و هۆرە
بە جازی غەربی بە دڵ کەی سەما ئەکەی
کوا ڕەقسی تانگۆ[٦] بەلاتۆ پڕی شۆرە
ئەروات لەگەڵی نەسازە چارە چییە
چۆن وەرئەگیرێ؟ نەتەوێ، مەگەر زۆرە؟
وەسیەت بێ، کاکە، لەو ئیسم و میسمە گەڕێن
تۆوی نیفاقی گەلە، خۆرەیە خۆرە
خۆت بەو ئیدی هیچی دیکە، گەلێ باشە
دووری کە لە گورز و قاوی بازە و بۆرە
جارێ بەکوردیی پەتی فەریادێ مەحکەم
لە گشتی جەهانا، بێ سۆرەوو کۆرە
هیچ ئیسمێ لەپێشانی مەدە بێ تووڕە
تا دووت کەوێ خەلکێ ئەوە خانەو بۆرە
پاشان لەسەری سۆنگە دە ڕێییێ بگرە
هەر خێری گەلت پێشوو گرۆی سەرکۆرە

زینهار! بە گاڵە تاڵی خۆبی ڕەزا بە
نەک چەورو نەرمی خەڵکی، براله، شۆرە
زاماریی سەری کەڵبەیی چەپخوون سەختە
پەترۆی نییە هەرگیز، بەدەوام ناسۆرە
هاوارە! هەناسەی منی (هێژا) سەردە
هۆزم لەدووی عەدووی ئەچێت و خۆخۆرە

---

١- کەلێن: دەرگای خانووبەرە. ٢- ڕێ واز- مەسیر. ٣- مۆدە- فورم-سفور. ٤- گورجستان- مەڵبەندێکی یەکیەتی سۆڤێتەکە زوربەیان تورکن. ٥- قۆڕیات- نەواییەکی تورکییە. ٦- تانگۆ- ڕەقسێکی فەرەنگییە.



## ئەشک

لە مەتنی تاکە فرمێسکێ زەڕاڵا
کە وەستا بێ لە گۆشەی چاوێ کاڵا
هەزارویەک کینایەو غەمزە نەخشن
لە چاوی وردەبینا بۆموتاڵا
گەلێ نوکتەی زەریف خۆی دائەشارێ
لە بێ دەنگیی زەدەی ئاشفتەحاڵا
ئەوی کوورەی ئەوین سووری نەکا تۆ
سەلیقەی کوا لە سەودای زێڕی قاڵا
لەکوێ لای وێڵی موڵکی مەینەت ئاوا
گران قەدرە نەوای زاری و سکاڵا
ئەوی هەموار نەکا دژواری ئاوات
نەچێ باشە بەدووی سەودای مەحاڵا
کەسێ نەتوانێ نێشی نۆش بکێشێ
ئەبێ نەڕوا بەدووی هەنگی[1] خەیاڵا
تەمەننای هەرزەیە گەنجێکی بێ ڕەنج
بەڵام چی بکەی لەگەڵ مێشکی بەتاڵا
بەلایۆ وایە ئاییینی ئەوین قەت
نەگونجاوە لەگەڵ عەقڵ و کەماڵا
هەوا بەرچاوی ئاوەز دائەپۆشێ
دەلیل پەکیە لە جەنگی پێ بەتاڵا
بەڵام پسپۆڕی وردی تێگەیشتوو
ئەزانێ چەندە بایی و نرخی کاڵا
ئەوی سەوداگەر ئەیبینێ جوێیە
لەگەڵ دیدی خڕیدارێکی کاڵا

هەنێ نوکتەی زەریف و ڕێزەیی جوان
ئەدۆزرێتۆ لە تۆی جەنجاڵی خاڵا
کە تەنیا دیدی دانا پێی ئەزانێ
ئەویش کاتێ تووابێتۆ لە حاڵا
ئەڵێن تەریاقی ئەشکی نێشی ڕەشمار
لە چاڵی چاوی گاکێوی دە ساڵا
عیلاجی دەردی مارانگازە کاتێ
تەپوکۆی بێ لە ئێش و ناڵەناڵا
یەقین ئاوی حەیاتە دانەیی ئەشک
لە قامووسی ژیانی بێ زەواڵا
بەڵێ (هێژا) دەوایە ئەشکی عاشق
لە نوسخەی پڕ لە مەعنای ئەهلی حاڵا

---

١- هەنگ: مێشی هەنگوێن



## پەرچەم

لە ڕووناکیی خەیاڵی شەمعی ڕووتا
بە دیقەت دەرسی هاتوچووت ئەخوێنم
بە تاری پەرچەمی خاوی خەیاڵیت
ئەسیر و دیلی تاری مووت ئەمێنم
لە گوڵزاری تەمەننا و ئارەزووتا
وەنەوشە و سونبولی گێسووت ئەچێنم
لە گەنجوور بۆ نموونەی لەعلی لێوت
بە لالووت دانەیی یاقووت ئەسێنم
ئەوەندە دەردی تەنیایی گرانە
تەکیشم خواستبێ هەر جووت ئەهێنم
لە کۆشکی عیززەتا بێ تۆ سەفا کوا
کولێنم کاولە و فەرتووت کەلێنم
دەمێ خۆشە ئیجازەم پێ درابێ
یەخەی نازت لەسەر لیمۆت هەڵێنم
ئەگەر بۆ تۆ نەبێ بڕوات بێ گیانە
بە زەحمەت سەر لەمەڕ لاهووت خەوێنم
بەسەر غیلمان و حوورا فەخر ئەکەم، کەی
ڕەوایە پێم بڵێن ناسووت هەوێنم
لە سامی تۆ شپرزە و دەستەپاچەم
ئەگەرچی لەشکەری تاغووت بەزێنم
ئەڵێ (هێژا)ت کە ویستی تاقی جووت کا
خەریتەی خەم لە دوو ئەبرووت ئەسێنم

## موعجیزەی ئەوین

لە گۆشەی چاوی مەستت مەکر ئەبارێ
لە هەوری مەیلی سەردت بەفر ئەبارێ
بە ئیماو چاوەبڕکێت فیتنە هەستا
لە یاقووتی دوو لێوت شەکر ئەبارێ
فریوت دا بە لەنجە و لار و خشپەت
نە یەک دوو، بەڵکو گەنج و لاوی شارێ
ئەڵێن مەیخانەکان بەسراوە دەریان
لە ناویانا نەما مەست و خومارێ
ئەوی مەستی مەی و مەیخانە ڕەو بوو
گرفتاری ئەوینت بوون بە جارێ
مەی و ساقی و نەی و موتریب کەساتن
نیگاری کۆن لە پای تازە نیگارێ
لە کوورەی عیشقەدا سەرجەم ئەسووتێن
لە تاوی دیمەنی سیمین عوزارێ
خومارن سینە ڕێشانی زەمانە
بە نەشئەی چاوی مەستی دڵفگارێ
نیازی وایە مەستان دەوری بگرن
مەبەستی چی بێ؟ بۆ وا؟ بۆ چ کارێ؟
خەیاڵی وایە هوشیارێ نەهێڵێ
بپرسێ حاڵی زاری بێ قەرارێ
لە شاری سووتنا سۆزێ نەمێنێ
کوڵوکۆ دامرێنێ بۆ هەژارێ
گەرەکیە ئاوری نەمروودی هەڵکا
بسووتێنێ هەموو زارو نەزارێ



بەڵام ئیبرایمین هەندێ ئەویندار
ئەڕۆنە ناو بڵێسەی تینی نارێ
دەبێتە باغی جەننەت سکڵ و ئاور
بە ئیعجازی ئەوینی پایەدارێ
ئیتر مەنعە بڵێن (هێژا) دەسووتێ
مەعافن لەو سزا عاشق بە جارێ

## پیاو ئەبێ چۆن بێ

له ژین ئەو کاته ڕازی و کامەرانم
که مێژووی زیندەگیم ڕوون و پەسەن بێ
لەکوێ دڵخوازی ژیره سینەمایێ
له کاتی شادییا شانۆی میحەن بێ
حەرامە کامەرانیی وام به دڵ بێ
کەسم چاوی له دەستی خێرۆمەن بێ
بەڕاستی مەینەته ئاهەنگی کەیفم
که ماڵی هاوسێم بەیتولحەزەن بێ
توخوا ئەی پارەپیس بۆ لات گرانه
ئەوی ئارەق ئەڕێژێ دەوڵەمەن بێ
وەره پێت خۆش بێ تێکۆشەر تەسەل بێ
نەوەک بێ نان و ئاو و بێ ژەمەن بێ
سەهەندە[1]! ئەڕوێ هەر تۆوێ که چاندت
ئەداته دڕک و داڵ، مەزرا ڕەقەن بێ
مەهێڵه ئافرەت و ساوای دەسەونوارِ
بەشی تەنیا تەقەی جام و لەگەن بێ
لەکوێ وا نیعمەتێکمان پێ حەڵاڵه
درۆزن لەعنەتی لێ بێ، به پەن بێ
ئەوی دانەچڵەکێ بۆ دەردی خەڵکی
ئەبێ بێ دین و ئایین و وەتەن بێ
نیشانەی پیاوەتی ڕەحمە ئەگەرنا
به چی مەعلوومه ئەندامێ ڕەسەن بێ
ئەبێ نەرم و نیان بێ مەردی دارا
بەرابەر ملهوڕان ئازاو بزەن بێ



سەری دانێ لەپێناوی وڵاتا
دژی پیلان و مەکرو فێڵ و فەن بێ
دڵی پاک و ڕەوشتی جوان و خاوێن
بوڵەند ئەندیشەو و خاکینه تەن بێ
به دین و باوەڕ و ئایین و تەقوا
نموونەی پیاوەتیی دەوره و زەمەن بێ
زمانی مار نەبێ بۆ گەستنی کەس
قسەی پڕمایه وەک دوڕڕی عەدەن بێ
به پوول و پاره خزمەت کا به داماو
لەحەننای[2] باڵ بڕاو خاوەن دەهەن بێ
که ماڵێ دەسگرۆییی پێ نەکریا
به کەس چی ئەر فرەو زۆرو زەبەن بێ
به گوڵ چی ئەر سەراوی ڕووبەڕوو بێ
که ئەم لەم بەر سەر ئەفگەندەی چەمەن بێ
بەوەڵڵا ئەتکه پیاوی تێگەیشتوو
بکێڵگەی ژینی هەر چوخر و چەقەن بێ
له باغی پڕ بەری جوانی ژیانا
چ حەیفە بێ بەرو سایەو سەهەن بێ
وەره دەس هەڵگره واعیز له گوفتار
له کوێ مەعلوومه خووی خۆت بێ گەزەن بێ
به دووری قەت مەزانه کاکه (هێژا)
بەخێڵ ئەو ڕۆژه ئەمرێ بێ کەفەن بێ

١- سەهەندە- لاسار. ٢- لەحەنناى: لەئاستی، بەرانبەر.

## له ڕاسەم بۆ ئەبەن

له ڕاسەم بۆ ئەبەن، سەختە، ترازام
مەحاڵە گەش بمۆ کاتێ کە ژاکام
هەنار دانکه و له پێستی خۆی که دیسان
کە جێ ناگرێتەوەو ئەتکا هەراسان
له کوێ ئەگرێتەوە جێگای لەوەوپێش
ده دەسکاری نەکەی باشە، بەدئەندێش!
بەلاتۆ وایە کردارت، پەسەندە
بە غەیری کردەوەت، کریاو چەرەندە؟
هەڵەی چەندین بسازو مەردی دانا
پله و پایەی شتێکیان بەست و دانا
ئیتر نابێ له لات وابێ خەرابە
لەخۆڕا وا بزانی ناحەسابە
بەلاتۆ وا نەبێ مێشکت هەراوە
بزووسکی دانیشت تیشکی هەتاوە
برام! نەشکێنی چاکە خشتی خەڵکی
بە داڕێژانی تەشکێ[١] نوێ بەکەڵکی
ئیتر چیت داوە عەمر و زەید چییان کرد
بڵێ خۆت چی ئەکەی ساز و بەراورد[٢]
لەسەر وێرانەیی خەڵکی مەسازە
بە عەقڵی خۆت سەراو و کۆشکی تازە
له کۆشک و سەرسەرای عومر و ژیانا
له باغی نام و نەنگیی ئەم جیهانا
ئەوی نۆکەن[٣] بیناکەی ماڵی تۆیە
کەل وکون گرتنی خەلکێ دلۆیە[٤]



ئەوەن ماندوو ئەبی وێرانە ساز کەی
له کۆڕی نام و نەنگا جێگە باز کەی
وەرە لە نوێ برا ڕەنگێ بڕێژە
خەراوکاری مەسیرێ سەخت و لێژە
لەسەر بنچینەیی سست چینە دانان
تەقالای بێ خودە و ڕەنجی پەشیمان
بڕۆ نەو ساز بڕێژە پایەیی کار
له کانی عەقڵ و عیلم و هەستی بێدار
چ عەیبە کاولی کەی ڕەنجی خەڵکی
وەلەو بۆ ئاوەدانی، تاڵە تەشکی
له کردەی خەڵکی ئەر عەیبت بڕی کەی
سوپاست لێ ئەکەن لەو ڕەنجە ئەیدەی
ئەڵێن ئەو کارە ڕەنجی عەمر و زەیدە
کە بۆت بێکەڵکە، وێڵی کەو فڕەی دە
نەخوازەڵڵا ئەگەر نەکرا تەواو بێ
ئەبێ ببییێ ئەوی وا ناحەساو بێ
بڵێ (هێژا) بەوەی وا ئاشنایە
فزوولی کاریی مەردم زۆر خەتایە

١- تەشک: شەکل، تاپۆ. ٢- بەراورد: تەجرەبە. ٣- نۆکەن: احداث. ٤- دلۆ: بتورکاو، پووچەڵ.

## گراڵەی پەیکەر

موژەت تیرو، نیشانی دڵ، چ تیر ئەندازێ چالاکی
لە خوێنڕێژی و جەفاکاری و ستەمدا چەندە بێباکی
سەری نینۆک بە خوێنم چاک ئەڕێژێ و پێم ئەڵێی عاشق
دەست خۆش، ئافەرین! بڕوا ئەکەم پێت ڕەنگڕەزێ چاکی
لە ڕەمزی عیشقە کوژراوی ئەوین مەمنونی قاتڵ بێ
نەخوازەڵڵا ئەگەر گوڵگون بە خوێنی دڵ بێ بەر چاکی
چمان پەیکەرگەری ڤینووس[1] قوڕی تاپۆی بەدیهێنای
بە خوێنی عاشقان شێلای گراڵەی پەیکەری پاکی
وەرە مەمنونی تیروتانەتم، سەربەرزم و شادم
کەوا هێندە لە چاوڕاوی دڵ خێرا و خەتەرناکی
بە ڕۆژێ دە کەڕەت بمرم، سپەردەم کەن، هەڵمسێنن
بە شەرتێ دوور لە تۆ نەبیێم بڵێن تووڕەیت و غەمناکی
دلا سووتای، لە بۆتەی زەرگەریدا قاڵی، مەقبوولی
ئەگەر بەردێکی بێ ڕۆحی، وەیا تۆزێ چەوو خاکی
کە تۆ مەستی بە شەهدی شاهیدی سەرمەس ئیتر چیتە؟
لە کونجی خاکی تاریشا، لە گەشتی عەرش و ئەفلاکی
بە عیلمی سەنجشی جوانی یەقینە شارەزای شەیدا!
لە ناسینی بوت و بوتخانە ئوستادێکی حەککاکی
بەڵام ئینکارە، کوفرە بۆ پلە و پایەی پەرستن وا
هەمیشە وا زر و دوودڵ گەلێکیش ڕەند و شەککاکی
وەرە (هێژا) سەرت دانێ لەپێناوی مەحەببەتدا
مەترسە ڕوون و عام فامە کە تۆ لەو بابەدا تاکی

١- ڤینوس: خودای جوانی



## سەودای بێ ڕییا

مەرامی موشتەری باشیی مەتایە
کەسێ کڕیار بێ سەودای بێ ڕییایە
لە سەیری ماڵی چاک تێر نابێ کڕیار
چ دڵخواز بێ مەتا، ئەڕوا لە بازاڕ
یەقین سەودا سەرئەگرێ، جۆش ئەخوا کار
مەتای بێ غەش نییازی کوا بە هاوار
دیعایەی بۆ چییە کاڵا کە چا بێ
خڕیداری هەیە و ماتڵ کە نابێ
لە بازرگان مەڕەنجێن سەر ئەکاتۆ
لە کاڵایێ، کە زوو جێی خۆی نەکاتۆ
دەغەڵ ناکڕێ ئەوی هوشیار و ژیرە
ئەزانێ قەڵبەزەن مایەی فەتیرە[1]
نەزیلەی کۆنی کوردیی مامەیارە
بەتاڵە ئاشێ وا بەرداشی لارە[2]
ئەگەر هەرچی بە جێی خۆی پێ بەجێ بێ
بە چاک دێ کاتی هاتن هەردەمێ بێ
ئەگەر ویستت مەتات کڕیاری زۆر بێ
کە ساتی نەبیێ تێکۆشە کە جۆر بێ
بڵێ (هێژا) ئەوی وا باری لارە
لەپاشەو دەستەئەژنۆیە و هەژارە

١- قەلبەزەن مایەی فەتیرە: زەربولمەسەلێکە لەبارەی کەج سەلیقەو ناڕاستەوە ئەوترێ یەعنی: پیاوی قەڵبەزەن کاری هەمیشە بێ قیمەتە. ٢- بەرداشی لار چاک ئارد ناهاڕێ، لەبەر ئەمە ئاشی بەرداش لار بەتاڵە.

## من و بووم

من و بووم و، شەوو وێرانە یارین
وەکوو یەک زار و بێزار و نەزارین
لە شەوگاری ڕەشی دوور و درێژا
ئەناڵین، تەنگەتاوو بێقەرارین
لەگەڵ بای خێڵ ڕەش[١] و جەوری فەلەکدا
ڕەفیق و ئاشنای پێرارو پارین
لە نەورۆزا خەزانێ ڕەنگ و زەردین
بەڵام هەر چاوەڕێی سروەی بەهارین
نەشنیا هەر نەسیمێ بێژم ئۆخەی
بە ڕەشبای جەبری تەقدیر تارومارین
لە وێرانەی دەروونا بووم ئەچەرخێ
لە سەودای بایەقوشدا یاری غارین
شەوی تاریک و نووتەک ئێمە وەک یەک
بە دەم دەردۆ ئەتلیێنۆ و هەژارین
هەراسان چاوەڕێی ڕۆژێکی ڕوونین
تەمەداری نەجات و چاری کارین
بڵێی (هێژا) بپشکێ خونچەی ئاوات!؟
بڵێین ئۆخەی لەگەڵ خۆشبەختی یارین؟

١- بای خێڵ ڕەش: بەو شەوە ساردە ئەڵێن کە لە نیوە شەوی پایزا دێت. دیارە ئەو کاتە خێڵ ڕەشە، واتە تاریکە چونکە تەبیعییە چرا کوژاوەتەوە.



## هومای هیوا

مەکەن لۆمەم، ڕەفیقان، پەرت و مەنگم
گەلووگیرە مەبەس، دەرنایێ دەنگم
نەزارم، ڕوومەتم زەرد هەڵگەڕاوە
لە ڕەنگ گۆڕاوە، چێرەم، شکڵ و ڕەنگم
عەزیزی موڵکی غەم ئێستاکە خۆمم
پەریشانە دڵی داماوی تەنگم
بڵێن سەنگی سەبووری شۆرەتی بێ و
بە سفت و سەختیی من بێ و، بێژێ سەنگم
ئەگەر خەستەم، شپرزەی گورز و قاوم[١]
پەرێشانی تەقالاو زەرب و چەنگم
تەمەن بەوجۆرە چوو، ئاوات وەکو خۆی
بەجێ ما، نەیگەیاندێ ئەسپی لەنگم
شەقامی ئارەزوو، دوورودرێژە
بوڵەند پەرواز هومای، هیوای[٢] زرەنگم
سەرەنجام دێتە بەر باغی مورادم
مەبەس ناچێ فیداکاری و درەنگم
مەرام لێ ناگەڕێ، وێران بێ ماڵی!
خوماری وێنە، چاوەنواڕی بەنگم
هەتا ئەم ساتە هەر سەودایە، مایەم
درێغ، بێوادە زڕیا[٣] تاس و زەنگم
ئەبێ مۆم دەسخەم و مۆمنایی[٤] دڵ کەم
هەزار بار، سنجو بۆ[٥] بێ دەوری هەنگم
ئەگەر هاوار ئەکەم حەقمە ڕەفیقان
گەلێ پابەندی تانە و نام و نەنگم

چ تۆفانێکە دەریای لێڵی ئاوات
شکاندی شاپەڕی سەودای نەهەنگم
ئەبێ تیرم لە پێ خا ناحەزی دوون
جگەر ببڕێ سەری نێشی خەدەنگم
ئەسێرەی بەختی (هێژا)، روو لە هاتە
لە ئاسۆی ڕوون هەڵات زوهرەی قەشەنگم

١- گورزوقاو: بەربەرەکانێ، زەدوخورد. ٢- هوما: مەلێک بووە بەریان داوە، بەسەر هەر کەسێکەوە نیشتبێتەوە کردوویانە بە شا. ٣- زەنگ زریان: ئاشکرابوونی رازی نهێنی. ٤- مۆمنایێ: دەرمانی شکەستە بەندی بووە. ٥- سنجوبۆ: بێنی داری سرینچک لەکاتی گوڵ کردنا، کە بۆ مێشی هەنگ زۆر خراپە.



## نەورۆز

نەورۆزی دڵ ئەفرۆزە[١] برا، حەشر و، حەلایە
شادی و گەپ و سەیرانە، لە هەرلاوە، هەرایە
بەزم و سمڕ و کەیفە لە شاران و لە دێهات
سازو دەف و ئاهەنگە لەوێ، کۆشک و سەرایە
تەپڵە، نەیە، سەمتوورە بەیاتی مەی و مەعشووق
هەر پیقەیی سوڕنایە، نەوای بەربەت و نایە
هەر ناڵەیی عوشاقە کە دێ شام و سەحەرگا
هەر مەستە کە سەرخۆشە، بەڵێ شێتی هەوایە
خەملیوە کەژو کێوو چەم و دۆڵی وەڵاتم
گوڵزاری هەزار ڕەنگە ئەوی شیوو چیایە
هەر خونچە دەپشکێتۆ بەدەم عیشوەو و نازۆ
ڕازانی بە ئیماوە[٢] ئەڵێ کاتی جەڵایە[٣]
وەختێ ئەدەمێ[٤] سوبحی سەحەردەم دەمی خونچە
ئەکرێتەوە مەشاتەگەری بادی سەبایە
دەردێ کە لەناو حیجلەوە ئەو بووکە بەنازە
ڕازاوە، ئەڵێی حۆری لەنێو پەردە سەرایە
بولبول کە چڵاوچڵ بە هەوای خونچە ئەخوێنێ
چەن جوانە، سەناخوانە، ئەڵێی نەغمە سەرایە[٥]
کوێستانی کەوا دارو گوڵی داوە لە دامەن
ڕەنگینە هەموو بەرز و نشێو سەوزی کەوایە
هەردانی کە تارای بەسەرا داوە وەکوو بووک
ڕازاوە، نەلەخشاوە عەجەب سەیر و سەفایە
وەک جەننەتی فیردەوسە سەراپا هەموو سەحرا

پەرداخە چەم و دۆڵ و کەژو کێو لە فەڕایە
پۆلی مەلوموور جووقە ئەبەستێ[٦] لە چەم و دۆڵ
دڵشادە ئەگەر شادی ئەکا، کامی ڕەوایە
زاراوی مەلوموور ئەژەنێ سازو چەقانە
موژدە ئەدەن ئەمڕۆکە، ئەڵێن فەسلی غینایە
ئاوا بی کەوا نەفخی[٧] پەرەندەی دەمی سوبحت
ڕەمزی قومی عیسایە[٨] لە دەندووکی مەلایە
قاسپەی بەقی[٩] سەر بەردی قلەی دێت و دەخوێنێ
دیارە کە لەگەڵ چێڵە[١٠] دڵی شادە، ڕەزایە
ئاوی وەکو کافووری سپی جوان و لەتیفە
تیماری هەموو دەردە، چ حاجەت بە دەوایە
بۆنی نەفەسی سروەیی بادی وەکو میسکە
خۆشتر لە عەبیر، عوودی لە لا بێ سەر و پایە
کاتێ لە کەلۆ تیشکی هەتاو دای لە چڵی گوڵ
هەر تووڵێ ئەلێی گەوهەرو دوڕڕیی لە مەلایە
ورشەی وەکو ئەڵماسە بەیان دانەیی شەونم
ملوێنکی مرواری لە مل خەڵفی گوڵایە
گوڵزارە هەموو دەشت و دەر و کێوی وڵاتم
ناوشاخی پڕی گوڵبنو دەستەی بەڕەزایە
پێکەوتووە لاوی کە بە جووتە لە چەمەندا
دێت و دەچێ، ڕووناکە، کە سەودای لە سەرایە
دەستەی کوڕ و کچ چۆپی ئەکێشن دەمێ خەندان
ئەو هەستە کە فەوتاوە لە بن، یادی جەفایە
گۆرانیی کوڕو کیژی وڵاتم لە دەر و دەشت
بۆ ڕۆحی ئەوی دەردی بێ عەینی دەوایە



سەد شوکرە هەموو شادن و غەرقی فەرەح ئێستا
نەورۆزی دڵ ئەفرۆزە برا، کەیفە کە وایە
پیرۆز بێ لەکوردانی هەموو گێتی بەدەس گەل
ئەم جێژنە کەوا هەر فەرەج و کەیف و سەمایە
(هێژا) ئەڵێ ئەم جێژنە موبارەک بێ لە کوردان
شاد بێ ئەوی وا سوودی وڵاتی لە دڵایە

---

١- دڵ ئەفرووز: دل ڕووناک کەرەوە. ٢- بەئیماوە: لە توێ پوردەوە. ٣- جەڵا: خۆنواندن. ٤- ئەدەمێ: دەم ئەکاتەوە، ئەپشکوێ. ٥- نەغمەسەرا: گۆرانی وێژ. ٦- جووقە ئەبەستێ: جوقەی مەل واتە پۆلی مەل. ٧- نەفخی: نەفەسی، ئاوازی. ٨- قوم: قم، بە عەرەبی واتە ڕاست بەرەوە ئیشارەتە بەوە کە حەزرەتی عیسا مردووی زیندوو ئەکردەوە. واتە: وەک چۆن عیسا مردووی زیندوو ئەکردەوە، خوێندنی پەلەوەری سبەینانی بەهاریش سروشتی بە زستان مردوو زیندوو ئەکاتەوە. ٩- بەق: نێرەکەو. ١٠- چێڵ: ماکەو.

## خانمی خێڵان

نەسیم وە ئارام هەوڵم دەی سا بێ
نەرم و عەتر ئامێز سەحەردەم[1] با بێ
گوڵاوی نەسرین سۆسەن و سیسەن
فینک و خۆشبۆ گوڵ بەدەم با بێ
دانەی مرواری تۆی پەڕەی شەوبۆ
ئەفشان تەپونم ڕێزەی تەم با بێ
گوڵفام نەرمونۆڵ تەن وێنەی گوڵ بەرگ
عەتری گۆراڵەی شەم و چەم با بێ
ئامانە نەسیم ئارام گوزەر کەی
بۆ هەوارگەی لەیل ڕەم کەردەم با بێ
لەو سیامالە پەرچەم موشکینێ
بالا نەمامێ، واشە چەم با بێ
ئامان نەرگسی چووبێتە ناو خەو
نابێ داچڵەکێ گوڵوەدەم با بێ
بە قەترەی شەونم عەتر ئامێزی شەم
گوڵاو پاشینی کەی سینەو مەم با بێ
تا هەستێ لە خەو ئاهووی بێ ئاهوو[2]
وە بێ دڵخورپێ و چڵەکەو ڕەم با بێ
پێی بڵێ: ئازیز! نازت نەشێوێ
جارێ بۆ جێ ژوان چەم و خەم با بێ
ڕاستە سەروەناز، گەردەن فەرازی
سەردەلیلەی[3] خاس وەر کەڵڕەم با بێ
خۆش ئەدا و ئەتوار! لەنجە عاشق کوژ؟
تەزە روی[4] خاڵ خاڵ[5] خۆشقەدەم با بێ
سەهەن پەروەردەی کۆساران ماوا
گەرمیانی ئاسک ئاهوو (چەم)[6] با بێ



عاشق نەسرەوتەی[7] تاسەی دیدارت
تاسیان بردەوە موحتەشەم با بێ
بەینەڵڵا ئازیز نەزاکەت باری
عاشق کوژ وە زام بێ مەرهەم با بێ
بەرزە ئیلاخان تەمیان کەوتەسەر
دوویان دا لە تاق هەم و تەم با بێ
بێژن کەحێلان زین کەن خێڵەوخوار
عوبەید و ئەشقەر واز ئەدهەم با بێ
بەڵکەم شۆڕە سوار ئاوەدانی خێڵ
لەسەر سەراوێ لام لادەم با بێ
دەوارێ لە ئاە دەروونم هەڵدەم
مووی برژانگ بۆ بوی کرد بادەم با بێ
باڵم دیلەک[8]ی و، وە هەسوونم سەر بێ
ئەرواو تەنم چیخ پیکەی[9] چەم با بێ
بۆ پەزێرایی خاتوونی خێڵان
گشتی تالادێ[10] لام لادەم با بێ
سفرەی دڵ وا کەم خاس بۆ دڵستان
تا بزانێ ڕاستە دڵ دادەم با بێ
(هێژا) بە هیوای سەرفەرازیی دۆس
هەروا چاوەڕێی ئەو کاتەم تا بێ

---

١- سەحەردەم: دەموبەیان. ٢- بێ ئاهوو: بێ عەیب. ٣- سەردەلیلە: ئەو ئاسکە یا ئەو بزنە کێوییەیە کە ئەکەوێتە پێش ڕانەکەوە. ٤- تەنزەرو: مریشکی جەنگەڵە کە زۆر ڕێ چوونی جووانە. ٥- خاڵ خال: مەڵبەندێکە دوای جەنگەڵی مازیندەران کە تەزەروی زۆر و مەشهوورە. ٦- چەم: بە زاراوەی گۆرانی (هەورامی) واتە چاو. ٧- نەسرەوتە: بێ ئارام. ٨- دیلەک: هەسوون یاکۆڵەکەی ناوەڕاستی دەوار (ڕەشماڵ). ٩- پیکە: ئەو زەلەیە کە چیخی پێ دروست ئەکەن. ١٠- لادێ: تاوێ.

## چەپۆکان

نەزاکـەت کـوا، ئەدەب، کـەی باوی مـاوە؟
فـەلەک، چەرخی شکێ، چەپ هەڵخـولاوە
عـەجـەب بازیگەرێکی پەسـتـە گـەردوون
هەمـیـشـە چەپخـونەو کـەچ وەرگـەڕاوە
لەگـــەڵ پـیـــلان و نارۆ(1) یارە دەوران
نەوای ڕاســـاڵ کـــپـــە و تەپڵی دڕاوە
ئەوی هەرزەو قـــوڕمـــســـاغ و چەتوونە
بـوڵـەنـدپـایە و کـــــەڵی پۆپەی پەڕاوە
نەخـوازەڵڵا مـرۆی فـیـتنە و قـومـارباز
ئەوی بیکا ڕەوایەو خـــۆی حـــەســـاوە
شـەرەف ئەتکەو ئەمـانەت هیـچـوپووچە
دروســـتی کـــوا؟ وەفـــا ناوی نەمـــاوە
دزو خـــوێڕی و دەغـــەڵ مـــیـــر و وەزیرن
شـــەریف و خـــانەدان پشـــتی شکاوە
دەمـارو فـیـزو دەعـیـەو ئیـدیعـای زل
هەتا حـەز کـەی پڕوپووچ ڕەسـمـە، باوە
وەرە ئەی خـاوەنی ئەندێشـە ئاسـان!
غـەڵەت هەمـوار کـە با پێـشت خـەراوە
قـەبووڵ کـە تیـر و تانەی بێ سـەروپێ
لەوەی دونیـای لە لا هەر خـورد و خـاوە
دەخـیـل سـەیری چەپۆکـانی تەرەس کـە
مـەڵێ یاهوو یەواش، پێـشت کـەناوە



لە خۆڕازی و هەڵە و سەرمەست و مەغروور
بەری جـــووتەت ئەدەن بەو ئیـــدیعـــاوە
ئەڵێن (هێـژا)! کـە تۆ هاوبیـروڕا نیـیت
سـەڵاحت وایە زوو بکشـێـیـتـە دواوە

---

1- نارۆ: فێڵ و کەڵەک.

## سینەچاک

نموونەی بێ ڕیای عەشقێکی پاکم
لەپێناویا فیدایی و سینە چاکم
لە دڵما شەتڵە جووزەی گوڵبونی عیشق
بە ناز ئەڕوێت و نازکێشێکی تاکم
لەبەر پێی سەرفەرازانی هەوادا
فروتەنتر لە مشتێ خۆڵ و خاکم
مەگەر تاقیم کەنۆ ئەوسا بزانن
چ گیانبازێکی ڕەندو یارێ چاکم
لەناحەق تێئەکۆشن بۆ عەزابم
بڵێ چی تیایە فەوتان و هیلاکم
لە لاتان وا نەبێ ئاسان سپەر خەم
بە وەختی خۆی یەلێکی سامناکم
پڵنگ ئاسا لەپاشی مردنیشم
چەقەڵ ناچێتە سەر لاش و کەلاکم
بەڵام بۆ دڵنەواییی خۆشەویستم
گەلێ نەرم و نییان و شەرمناکم
لەپێناوی نیگاری شۆخ و شەنگا
کە دڵسۆزتر لە یار و باب و کاکم
دروست ئێستاکە (هێژا) ماتە بێ دەنگ
بەڵام گیانسووزە سۆزەی سۆز ناکم



## میزراح

وەکوو میزراح درامە بەر شەلاخ و شیپەیی[1] دەوران
خولامۆ بێ ئیرادە، پەرتەوازم بەست و سەرگەردان
شەلاخ ماوەی نەدام کاتێ بسووڕێمۆ بە کەیفی خۆم
فڕەم هات تا ڕەزا بن لێم سەرۆک و میر و ئاغە و خان
مەگەر حەققم هەبوو یەک دەم پشوو دەم، خەستەگی دەرکەم
بە قەمچی و شیپە تێمۆ ڕائەهاتن نۆکەری مل پان
لە مەیدانی ستەم زۆر حاکمە و فەرمانی چاک ئەڕوا
ئەوە لەویا حوکمڕانە، نە عەقڵ و مەنتیق و ویجدان
لە ترسی جەهل ئەبێ ڕاوێژو بیروڕا سپەر داخا
حەقە ئەر خۆی بپارێزێ لە قرم و قاڵی بێ ئامان
ئەبێ دانی پییا نێێن ئەو قەبیلە زۆرە لای ئێمە
کە چوار لای وای بەسەر هێناوە بێتاوانە بێتاوان
عیلاجی عیلمە (هێژا) کاتێ فەرهەنگ بێتە مەیدانۆ
لە وەحشی بار ئەهێنێ نابیغەی بێ وێنەیی دەوران

١- شیپە: شەلاخێکە کە خلورتەی پێ ئەخولێتەوە، لیزگی شەلاخەکە لە کاتی فەلاقە و لێدانی خلورتەکە دا شەقەی دێ و خلورتەکە هەڵئەسووڕێنێ.

## خەراب ئاباد

وەکوو فەرهاد قوڵەنگی کۆکەنیم زوو نایە سەر شانم
بە ڕەنجی خۆم ئەوی ئازارو مەینەت بوو پڕووکانم
لەپێناوی وەفای یارا، کەژو کێوی جەفام هاڕی
درێغا کەس نەهاتە سەیری ناڵەو یاهو کێشانم
لە پێی کێوی فیراقا، شین و واوەیلای نەبیستم کەس
هەتا حاڵی ببێ دەربەس لە زومرەی سینە ڕێشانم
لە بەرق و باقی تیشەم کەی بزووسکێ کەوتە بەر دڵیۆ
هەتا ئاورێ بدا کڵپەی بڵێسەی عیشقی سووزانم
لە کوێ ئاگای لە جۆشی ئەم دەروونە داغە بوو تاکوو
کڵوکۆی دامرێنێ هەڵم و بۆقی جۆشی گریانم
گلەی بۆ لێ بکەم، ڕەسمە لەلای دلبەر جەفاکاری
گەشەی چاک پێ ئەکا قرچەو بڵێسەی تینی سووتانم
خەتای کەس ناگرم، هەر خۆم خەتابارم بە دڵ ویستم
لە کوورەی ئاوری عیشقا بسووتێ مۆخ و ئێسقانم
کە من سووتام وکوژیامۆ، لە بووڵم شەربەیێ ساز کەن
شەرابی تێکەن و بیبەن بە دیاری بۆ دڵستانم
بەڵام ساقی لە ئەو خەمرە تنۆکێ تێنەکەی بۆ کەس
ئەسووتێ سەر بە دامانی وەکو قەقنەس بە ویجدانم
ئەرەستوو پەیکی لێ هەڵدا هەتا مابێ وەکو مەجنوون
ئەبێتە ئاتەش ئەفرۆز(١)ی خەراب ئابادی(٢) وێرانم
ئەمان ساقی! ئەمانەت بێ، نەدەی یەک جورعە(٣) لەو شەهدە
بە سۆفی و زاهید و سالیک ئەگەرچی بینە میوانم
غولامی عەربەدەی مەستیم کە بێ ڕەیب و ڕیا ئێژێ



بە ئاهی سووزناکی دڵ پڕووزان شەرتە یارانم
لەناو کوورەی مەحەبەتدا کە بوومە قەقنەس و سووتام
مەحاڵە تیا بچم چونکە لە شەرعا مەنعە فەوتانم
مەوەستن، بمبەنە جێیێ کە هەر ئەهلی دڵی لێ بێ
لەلای بێ دڵ نییە بایی قەرار و عەهد و پەیمانم
لە جەرگەی سینە ڕێشانا بە قەدر و قیمەتم، دوێنێ
وتم یاران، عەزیزانم، سبەی دوو سێ لەلاتانم
مەڵێن گوم بوو ئیتر فەوتا، لە جەرگەی ئێمە ڕۆیی، چوو
خدێویی مولکی لاهووتی، ئەمیری شاری مەستانم
ئەڵێ (هێژا) نەفەوتاوم لەکونجی تاری خاکیدا
لە ئافاقی خوداییدا، خەریکی گەشت و سەیرانم

١- ئاتەش ئەفرۆز: ئاور هەڵگرێن. بەوانە وێژراوە کە لەمزگەوتەکانی زەردەشتیانا لە ئاتەشگاکانا ئاوریان هەڵگراندووە. ٢- خەراب ئاباد: بەخومخانەکانیان وتووە. ٣- جورعە: قوم.

## وەسیەت

وەسییەت بێ قەبرکەن تەرم ئەوا گۆڕ[1]
زوخاوم زۆرە، با نەیبەم بەرەو گۆڕ
لەسەر لا تەرمەکەم ڕاخەن کە سەرکا
لە زارم گشتی بیتۆ، تا دوا چۆڕ
نەوەک بەو زووخەوە، بچمە قییامەت
خەفەتبار و مەلوول و ماتەم و مۆڕ
لەگەڵ تەرمم نەوای شۆڕ و نەوا بێ
دەف و نەی لێ بدەن، شاد بێ نەوای کۆڕ
بهێڵن با ڕەوانم ڕوون و شاد بێ
نە بێزار و زەبوون و مات و سەرشۆڕ
دە توخوا وام بەرن بمنێنە گۆڕێ
لەوێ کەڵکی ئەوەم بێ بچمە ناو کۆڕ
لەکوێن، یاران، ئەوانەی شارەزا بوون
چییان لێ هات، دەسەی دڵسۆزو پسپۆڕ
لەکوێوە هەڵکوڵێن ئەم تیپە بۆوا
وڵات پڕ بوو لە یۆڵغار و سەڕ و هۆڕ
هەموو پەستەک لە لاشانن بەجارێ
دەهاوێن سەرجل و تاینجەو و هۆڕ
ئەوانە کوا لە ئێمەن، ئەی ڕەفیقان
هەموو سەرکێشن و خاوەنکوژ و تۆڕ
ئەگەر یاری هەژار ئەو تیپە هەرزەن
ئەوانەن ناخوداو ڕێپێوی پاپۆڕ



یەقین کەشتیی موراد ناگاتە مەنزڵ
ئەنیشێتە قوڕو لیتەی خەسی هۆڕ
دە ڕەببی چەرخی دوون پەنچەر بێ، بشکێ
نە پەروانەی بسووڕێتۆ نە ماتۆڕ
وەکو (هێژا) لە بن بەستا پەکەر بێ
بگاتە زەرد و بن شاخێ، وەرەسپۆڕ

---

تەرم ئەوا گوڕ: ئەوانەن کە تەرم ئەبەن بۆ سەر قەبران.

## خورپەی دڵ

وا نەزانی داستانی سووتنم شێتانەیە
یا نە باڵداری سەمەندەر هەر لە بن ئەفسانەیە
دڵ لەناو کڵپەی دەروونی داغەدا دێوانەیە
هەر ئەژی ئاهەنگی گیانسۆزی گەلێ مەستانەیە
لانەوازێکە کە ناو کورکەی گڕی هێلانەیە

***

ئاورم تێ چوو بە کڵپەی خۆمەوە تاویامەوە
سەردەمێ بوومە زوغاڵ و سەر لەنەو بووژامەوە
بەو هەناسەی سارد و ئەشکی خۆمەوە نەکوژامەوە
بێ ئیرادە چەن کەڕەت خامۆش و هەڵگیرسامەوە
نابەڵەد یاران لە ساز و سووزی من بێگانەیە

***

ڕەببی ئاشووبی زەمانە بیگلێنێ و نەسرەوێ
بەر بەرەڵڵاو سەرلەبەر بێ ئەو کەسەی خەڵکی نەوێ
وەک کەوان پشتی لەژێر باری جەفادا دانەوێ
کوێرو کەربێ و دەستە ئەژنۆ وەک دەسی کەر داکەوێ[١]
پڕ بە پێستی پێ شیاوی لەعن و تیر و تانەیە

***

خۆفرۆش بۆ خاوەنی کۆشک و سەرا چاخان ئەکا
بۆ تەمەللوق دێتە جەولان چاپلووس گەردان ئەکا
کامەرانیی خەڵک ئەبینێ شێت ئەبێت و ژان ئەکا
ناو دەروونی پڕ لە کینەی خزمی خۆو خێزان ئەکا
نۆکەری بێگانە کۆێلەی پووڵ و پارە و عانەیە

***



کەی لە دەردم شارەزان، چارەم لەکوێ لای غافڵە
چێو لە تاریکی ئەهاوێ[٢] و بیرو ڕایشی باتڵە
زۆر پەرێشان و دڵەو دوام بۆ ئەوەی وا عاقڵە
زەحمەتە هەڵکا لەگەڵ زانا کەسێ وا سەرچڵە
سازش و سۆزش لە پێناوی حەقا مەردانەیە

***

کەی شەوێ شووم بوو خەوی شێوا لەترسا مفتەوێژ
کەی برا پڕ مشتێ زاری فیتنەییێکی دەمدرێژ
کێ سکاڵای کرد بە سوودی بەشخوراوێ گێژ و وێژ
بۆ بەرەنگاریی ستەم کێ هاتە مەیدان توند و تێژ
خۆپەرستی و خۆ بە زل زانین لەکوێ پیاوانەیە

***

نۆکەری میرو ئەمیرو ئاغە! ساتێ بسرەوە
تا بە کەی ئەو گشتە تەعریفە؟ لە کونجێ داکەوە
کەم لە خزمەتیان وەکوو خێو بێ بەچۆکا و دانەوە
بەس تەمەللوق بێژە بۆ ملهوڕ بەدەم تاو و لەرزەوە
بت پەرستی تا بەکەی؟ دونیا مەگەر بتخانەیە؟

***

بۆ لەلات سەیرە کە فرمێسکم لە سەردا بێتە خوار
کاتێ دیداری فەقیر و پیرەمێردی کەوتە کار
بۆ مەگەر فەرقی هەیە سۆی ئێشی زەنگین و هەژار؟
کوێرە چاوێ وا نەبینێ سۆزی دەردی دەردەدار
ئەو سکاڵا وا نەبیسرێ هی مەلی بێ لانەیە

***

خۆت و ئاغات مژدە بێ باوتان نەماوە تیا ئەچن
ڕۆژ بە ڕۆژ لای تێگەیشتوو ئەبنە پەند و فەزح ئەبن
ئەی دەلاڵی مەزڵەمە! ئێوە لەکوێوە دەرئەچن
چونکە دەسیاری ستەمگەر، چێوی دەستی زاڵمن
خۆفرۆش کەی باش ئەبێ، (هێژا) ئەوە ئەفسانەیە

---

١- وەک دەسی کەرداکەوتن: بۆ پەک کەوتن ئەوترێ. ٢- چێو لە تاریکی هاویشتن: یانێ ناشیبانە خۆ کوتانە ناو کار.



## وەرە هەر خۆت بە

وەرە هەر خۆت بە، بێ خود ڕایەماڵە
لە دووی خەڵکی دەوین، کارێ بەتاڵە
بە تۆ چی مەکتەبی ئەو چی ئەڕێسێ
ئەوی خۆیی نەبێ، ناخۆشە، تاڵە
بە دەنگی جاز و تانگۆ بەحت ئەبیتۆ
درۆیە هەستی پێ ناکەی، مەحاڵە
لەبەر چاو لێگەریتە دەور ئەگێڕی
ئەوی عاقڵ بێ ناخڵەتێ بە گاڵە
کەسێ ڕێوازی خۆی بگرێ بە ڕێزە
قسەی سوارەو نەوای دەنگی زەراڵە
کەوای ئامانەت و پانتۆڵی خەڵکی
کڵاشی ئێرەتی، هیی پێ بەتاڵە
بە خوازلۆکی بە ماڵ نابی، براکەم
تەسەل بوونت بە کاس ئاوسێ خەیاڵە
ئەوی گاڵ و بەڕووی خۆی لا پەسەند بێ
خدێوە، میرە، ئاغایە، قڕاڵە
چنۆکی و کاسەلێسیی غەیرە نەنگە
ئەوی داکەوت بە گاڵی خۆیی زاڵە
وەرە (هێژا) مەگۆڕێ و کاژ مەهاوە
لە دەس تەنگانە لای هیچ کەس مەناڵە

## سەربەسەر

وتم تا کەی هەژارو دەربەدەر بم
لە دەستی دەوری دوون خوێنین جگەر بم
بەرەڵڵا و هەردەگێڵی شارو دێهات
کز و مات و تەریک و دەستەسەر بم
فەلاکەتبار و بێ غەمخوار و داماو
سەراسیمە و خەفەتبار و پەکەر بم
شەوێ چنگاوشی پیری خیرەد بووم
وتم تا کەی ئەبێ وا سەرلەبەر بم
بزەی گرت و وتی پەرتی لە مەتڵەب
بڵێی هێندەش نەزان و بێخەبەر بم
ئەزانم دەردەکەت کاری و گرانە
ئەڵێی: بۆ ڕووبەڕووی تانەو تەشەر بم
یەقینە ژانی زامت چاری نایێ
ئەڵێی: داناو لە ژینیش بەهرەوەر بم
تەمەننایێ مەحاڵە ئەو مەبەستە
بەلاتۆ وا نەبێ لێت لاشەخەر بم
لەکوێ دیت تێگەیشتوویێ پشووی دا؟
ئەڵێی: بۆ من دوچاری دەردیسەر بم
گونا کوانێ لە زانین گەورەتر بێ
مەڵێ زانام ئیتر با بێ خەتەر بم
ئەلێی: با جلکەیێکم تێ نەئاڵێ
لە دەریای قولزومیش ڕاهیی سەفەر بم



هەزاران فەیلەسووف و نوکتە پەرداز
هیلاک بوون، تۆ ئەڵێی چۆن دەربەدەر بم؟
خەیاڵێ خاوە، خەم بەشتە و ڕەزا بە
نەڵێی بەشکەم منیش وەک بێ هونەر بم
ئەمە ڕاستە جینانی کەر جەهانە
نەڵێی (هێژا) لەگەڵ ئەو سەربەسەر بم

## بەهاری ساڵی ١٤٠٦ی هـ ق (ریاز)

بەبۆنەی یادبوودی شەڕەکەی سنەوە کە لە بەهاری ساڵی ۱۳۵۷ی هـ ش دا رووی دا

وەرن با خوێن بگریێین بۆ کوڕی کورد
درێغ بۆ لاوی جوانی سەفدڕی کورد
دوڕی دەریای وەفان لاوانی ئێمە
پڵنگی سەرچییان لاوانی ئێمە
بەڕاستی ڕووی گەلی کوردی سپی کرد
سنەو، گەنجی سنە ناوی دەرئاورد
نموونەی مەردی کوردە لاوەکانی
بە ئازایی و جەوانمەردی و جەوانی
دە ڕۆحی شاد سەرۆکی ئاردەڵانی
هەڵۆخان، ڕووی سپی، شاد بێ ڕەوانی
سنە مەڵبەندی مێرد ئازاو دلێرە
سنە لانەی پڵنگ و بەچکە شێرە
بژی شاری سنەو ڕۆڵەی نەبەردی
بژی دژوانی کێوو دەشت و هەردی
سنە نازناوی ناوی کوردسانە
سنە ناوەندی حوکمی ئاردەڵانە
سنە شاری (ڕەزی خانی وەزیری)
هەرات گڵکۆی شەهیدی مەکری میری
سنە جێگای زەڕینە کەوشی ساسان
سنە ماوای یەلان و مەردی مەیدان
سنە زانکۆی قەدیمی کوردسانە
سنە زانای گەلێ ڕەوشەن ڕەوانە



سنە ئەکسیرە خاکی، ئاوی کەوسەر
چەوی ئەڵماس و، زیخی دانە گەوهەر
لە چاوی بەد بەدوور کیژی جەوانی
خەباتگێڕن، ژنانی، ئافرەتانی
بە خوێن ئەر خەملّی ئەگریجەی کچانی
ئەگەر خوێناوی پەلکەی مارۆخانی
دە قەیناکا، کە ئەڕوێنێ گوڵی ژین
ئەخەملێنێ نەمامی جوانی خوێنین
خەباتکاران نەمامی خاک و خوێن بوون
هەموو دیمان چییان کرد و چلۆن چوون
فیداکار بوو کوڕی، کیژی، جەوانی
بژی بۆ جەوهەرێ وا ئەو نووانی
یەلی گوڵگوون کەفەن بۆ نیشتمانی
بە خوێن نووسیی: ئەژی کورد جاویدانی
لە بیری نایێ مێژوو وا خەباتێ
نەبیسراوە لە کەس وا کارەساتێ
سنە! داکی وەتەن هەرتا هەتایە
چڵ و سۆی لاوی تۆی هەر لە دڵایە
هەموو لاوچاک، نەبەز، ئازا و فیداکار
کەڵ و وریاو دلێرو ڕەندو هوشیار
کچت چاتر لە کوڕ وەک بەبری پەیکار
دڵ و دڵبەر یەک و یارو وەفادار
هەموو لەشکەرشکێن، جەنگاوەر و ژیر
لە شەڕ سەنگەر ڕمێن، زانا، بەتەگبیر
لەسەر سینەت سنە! با لالە شین بێ
بە خوێناو بڕوێ تاکو ئاورین بێ

ئەبێ زەخمت هەتا وەختی بەسۆ بێ
برینت تا موراد، ناسۆر و نۆ بێ
بە خوێنی لاوەکانت ئاسۆ سوورە
لە سۆزیان کێوی شاهۆ شارەزوورە
جگەربوریانە داکی نیشتمانت
بە خوێن ئەگری بەسۆز بۆ ڕۆڵەکانت
دە ڕۆحیان شاد شەهیدی کوردسانی
دژی سانان بژیت و ڕۆڵەکانی
کە ڕۆڵەی وای هەبێ گەل باکی کوانێ
ئەبێ ڕزگار ببێ، عالەم بزانێ
بنازێ حەقیە (هێژا) ئەر بە هۆزی
بە کیژی، ئافرەتی، لاوانی قۆزی



## بەرداش

هەتا بوو ڕەسمی وا بوو گێتی یو ژین
لە ئاو تاف و لە بەرداش چەرخ و هاڕین
لە هاڕین هارەیی گەردانی گەردوون
لە شەق شەق چەقچەقەی داماوی دارین
من و هیوا لە داخی ئاشی ناساز
لە باری نالەبار و، باری لارین
بەڵا پێی هەڵبڕی، ئاش کەوتە گەردان
قەدەر پەڵخورد ئەکاو مەشغوولی یاریین
لە خەڵک وەک دانەوێڵە بۆ گەرووی ئاش
تەپوتل بۆ دو لای بەرداشی خوارین
درێغ بۆ ئاش بەتاڵی ئێمە، ڕووخاین؟
بەرەو نابوودی گشتمان دەسبەکارین
هیوا بڕیا، فەرەح چوو، کامەرانی
نەهات هات و بەڵا، ناچاری چارین
لەکوێ جۆرە بە مەنتیق کردگاری
گل و گوێزی بە ناباری، دیارین
ئەگەر خۆ قارەمانی سەربیسات بین
لە حەننای گورزی تەقدیر هەر هەژارین
بەڵێ (هێژا) تەپوتۆز و هەرای ئاش
بە زوانی حال ئەڵێ: تار و لەتارین

## ئەندەرز

هەرکەس بە هیوای ناپیاو دانیشێ
ئاهی سارد بە دڵ ئەبێ هەڵکێشێ
سەرسام و گێژ و وڕ و نەفامە
ئەوی کە تانەی سۆرەی نەیێشێ
بێگانە نابێ بە دڵسۆزی تۆ
ئەشکێی بە تەمای ئەو بی، ڕەنجەڕۆ
ڕەنجت بێوەرە و کۆشش خۆڕایی
فرسەتی ژینت ئەدەی بە فیڕۆ
تەمادار مەبە کەس بتکا بە پیاو
سەری خۆت بێ جێ مەپێچە ناو جاو[1]
ئەگەر ئەفامی و عەقڵت بەجێیە
تێکۆشە تا خۆت ناوت بێتە ناو
ژینێکت بوێ پڕ لە شانازی
خۆت نەدەی هەرگیز لەگوتاربازی[2]
تێکۆشە و برۆ مەرد و مەردانە
نەخلەتێی بە ماڵ مردوو[3] بنازی
مەڵێ من خانم یا شێخ و میرم
خەڵکی نەزانەو تەنیا من ژیرم
ئەمڕۆ کە تێرم بۆچی تێکۆشم
ڕازقی هەندێ گەداو فەقیرم
ئیتر بۆ کار کەم، بۆ خۆم ماندووکەم
بێڵە ڕابوێرم هەر هاتوچوو کەم
بۆ لە ماڵ بۆ خۆم نەخۆم و بنووم
بۆچی ڕەنج بدەم، بۆ کونو کۆ کەم



وەلام:

ئیمتیلا ئەکەی، نەخۆش ئەکەوی
ئەگەر هەر خەریک خواردن و خەوی
لێت ئەبێ بە دەرد خەو و خواردنت
تەنبەڵی ئەتکا بە پینەی زەوی[4]
هەڵسە تێکۆشە و کار کە و بنۆشە
لەپاش ماندووبوون پشوودان خۆشە
ئارەق بڕێژە و پەلاس لەبەر کە
کارت تەواو بوو حەریر بپۆشە
تەنبەڵی، کاکە، دەردێ گرانە
ئێشی دێوانە و گێژو نەزانە
ئەوی کە پیاو بێ ئەبێ تێکۆشێ
بۆ بەختەوەر بوون مەردو مەردانە
هەستە ڕاپەڕە کاکە بێپەروا
کولێرەی زەڕات بخۆ وەک حەڵوا
نارەحەت نابی و ناڵێی ناخوریێ
بە لەززەت ئەیخۆی لەگەڵ شوکرانە
کە تەنبەڵ ژیای لووت ئاوێژ[5] ئەکەی
هەرچیت دەسکەوێ هەر بۆ خۆ بیخۆی
بۆت قووت نادرێ چاکترین خواردن
ئەبێتە بوغمەت قەیپەرۆشیەکەی
خۆت هەڵنەکێشی هەر خۆت حسێب کەی
لە زانا و نەزان تانەو تەشەر دەی
هەر چەند زانا بی و تێبگەی لە شت
زۆر شت ئەمێنێ سەری لێ دەرکەی

گەر زانیاریی تۆ بووبێ بە دەریا
یەقین کەمێکیش وشکیی هەر هاتیا
تۆ نەتتوانیبێ بەوێشا بگەی
هەزاران(بۆ) و (چۆن)مەدفوونە لەویا

سەرسەرییش بۆ خۆی عەقڵێکی هەیە
سەودای هەر کارێ شەقڵێکی هەیە
تو عەقڵی کول نیت! بۆ وا ئەزانی
هەر مێشکی پووچت سازەو پوختەیە

مەڵێ سوارخاسم بۆ خۆت بتازی[٦]
لە مەیدانی چۆڵ خۆ لە خۆ ڕازی
نەکا سوارچاکێ بێتە مەیدانت
ئەستۆی شکاوی خۆت کا بە قازی

چاک تێتگەیەنێ کە کوڵی سواری
هیچت لێ نایێ، هەر بە دەم هاری
زەنگت بزرێنێ، چاک بتکا بە پەن
لە شار و دێدا باش بتکا دیاری

خۆت مەدە هەرگیز بە دەم هەواوە
وەکو قنگلاشک[٧] بەو تەمەنناوە
بەڵکو بتخاتە پەناو بنبەردێ
ڕزگار بی بە دەس جەوری دنیاوە

خۆت شل کەی لەبەر چەپۆکی پێش هات
هەر بڵێی با بێ هەرچی هات خۆش هات
پێم بڵێ بوون و نەبوونی تۆ کوا
ئەر هەر نەهاتێ هات و سەرکەش هات



خراپ قەت بەشی یەزدانی نییە
یەزدان لەگەڵ عەبد دوژمنیی نییە
ئەو بۆیە فام و ئاوەزی داوە
بزانی چاکی و خراپی چییە؟

کێ وتی وەک کوێر چاوت ببەستی
قۆرتی نەبینی و بوڵەندی و پەستی
ڕێگای ڕزگاری نەدۆزیتەوە
گێژ و وڕ بژیت چمان سەرمەستی

(أفلا تبغی) ئایەی یەزدانی
بخوێنە ئەوسا زۆر چاک ئەزانی
تێبینی لە شت حوکمی خودایە
ئەگەر وات نەکرد، کە نافەرمانی

تێفکرین لە شت حوکمی یەزدانە
حیکمەتە گەنجە، خۆی ئەو فەرمانە
ئەر ئاوەزت بێ ڕێگا تەخت ئەکەی
نابیتە کایەی دۆست و بێگانە

مەڵێ موقەددەر وای پێش هێناوە
ئەبێ سەرکز بی بە دەم بەڵاوە
بۆچی بە ناحەق مات ئەتباتەوە
تا بەڵات بۆ بێ لەملاو لەولاوە

هیممەتی مەردان کێو لە بن دێنێ
ڕیشەی بەدبەختیی ژیان ئەپسێنێ
جەهەننەم ئەکا بە باغی بەرین
پشتی نەدامەت وەک شێر ئەشکێنێ

نابینی مێرووی لاوازی بێ تین
کاتێ کە مەزرای جیهان ئەبێ شین
دانە ئەکێشێ و ئەیباتە لانە
لە دەستی جەفای زستان ناکا شین

چوار لای ژینی خۆی سازگار دەکا
ڕزقی شەش مانگەی خۆ ئەنبار ئەکا
نا بەزێ لە کار، هەر تێئەکۆشێ
لە سەرمای زستان خۆ ڕزگار ئەکا

چاک بگرە لە گوێ پەندو ئەندەرزم
بیروڕاو ڕاوێژ بەجێگا و بەرزم
(هێژا) دڵسۆزیی تۆیە بەڕاستی
بە چاکیت بێشک شاد و سەربەرزم

---

١- سەری خۆت مەپێچە ناو جاو: واتە لەخۆڕایی خۆت دوچاری دەردی سەر مەکە. ٢- گوشاد بازی: یەعنی لەوەی کە هەی زیاتر خۆت دانێی و بە خەیاڵ خۆت بە ماڵ بزانی. ٣- بە ماڵ مردو نازین: بنازی بە ئیرثێ کە لەداهاتوا پێت بگا. ٤- بوون بە پینەی زەوی: یانێ کەوتنێ کە ڕاست بوونەوەی نەبێ. ٥- لووت ئاوێژکردن: بەقێزوبێزەوە شت خواردن. ٦- بتازی: غارکەی. ٧- قنگلاشک: دڕک و داڵ و پلوپووشێ کە با کۆی ئەکاتەوە.



## سکاڵای کچ

هەی داد، هەی بێداد، دۆس و بێگانە!
ئێشم کەسکوونە و دەردم گرانە
تەنیا من ڕاندەی ڕەویەی بێڕا نیم
یاسای پووچ بەڵای گیانی کچانە
من لەناو گوڵگەشت بەهاری جوانی
نازک و تەرچگ، چووزەو جەوانە
هێمان خەڵفی خام غونچە نەکردوو
بۆ کەومە بەر شیپ قەمچیی زەمانە
من چی و مەیدانی گورزو قاوی پووچ
بۆ سزام بدەن؟ بە خوا تاوانە
تەقسیرم چییە، گوناهم کوانێ
ئەمە کەی ڕەویەی دین و ئیمانە
قوتابیم، زرنگم، بۆ خۆم ئەخوێنم
بۆ دەرم بێنن لە مەکتەبخانە
ستەم تا بە کەی ئینسافتان کوانێ
بۆ داناچڵەکێن بە تیر و تانە
لە خوێندن گەڕێم تەرکی زانین کەم
تا ببمە هاوسەر شێتی مەیخانە؟
نە کۆیلە و عەبدم نە شێت و مەنگم
بۆ لێم ناپرسن کە ڕازیم یا نە؟
شیشەی ناموسم لەو سەنگە نادەم
نابم بە گاڵتەی خوێش و بێگانە
یارۆ هەر شەوێ لە شوێنێ مەستە
مەخسەرەی گەنج و پیرو جەوانە

خوماری گەردو مەستی شەرابە
نیوەشەو وەیلان کووچە و کۆڵانە
دایم بێ حاڵ و مەنگو سەرخۆشە
کاری عەربەدەی مەستی کێشانە
جا کەسێ وا بێ کەی جێی بڕوایە
ڕەوای مەخسەرەو شەق تێهەڵدانە
هەرچی دوو پێ بێ پێی ئەڵێن ئینسان؟
سەرسەری و بێهۆش هێلکەی شەیتانە
لە خۆمۆ ناڵێم بێ بەڵگە و دەلیل
مەفادی فەرمان زاتی یەزدانە
لێم گەڕێن توخوا با بە کەیفی خۆم
لە خەرمانی عیلم هەڵچنم دانە
من ڕاوێژ ئەکەم بۆ داهاتووی خۆم
قەت تەسلیم نابم هەروا شێتانە
خەڵقە حەقدارم توخوا حاڵیی کەن
ئیجباری بێ جێ، زوڵمەو تاوانە
ئەمە کەی حوکمە وا ئەیکەن لە کچ
چلۆن تەن دەردا بۆ ئەو فەرمانە
داک و باب توخوا کەمێ تێفکرێن
کچ مەدەن بە شوو بە کوێر کوێرانە
جەحانم بابی (شیروان) ئاغایە
یا پارەدارە یا حوکمڕانە
من چاک ئەزانم داهاتووی (شیروان)
کۆت و زنجیر و گۆشەی زیندانە
ژنی ناچارە لە مانگا چڵ ڕۆژ
بەڕێگاوە بێ بۆ بەندیخانە



جا ساوای مەعسووم بێ و دەوری بگرێ
چۆن پەروەردە بن ئەو بێچارانە
دەستەیێ لات و بێ عەقڵ و شعوور
بە ئیجتیماع دان زوڵمە، تاوانە
بەتایبەت ئافرەت خۆی خوێندەوار بێ
عەیبە وا بزانی کە هیچ نەزانە
زۆری لێ مەکەن، نەتانکرپیوە
ئازادەو عاقڵ، بۆ خۆی ئینسانە
خۆی ئەبێ مەیل و ڕەزای لەسەر بێ
ویلایەت حەققی ڕێ پیشاندانە
مەخسووسەن ئەگەر ئافرەت عاقڵ بێ
زۆری بۆ بێنی لە کوێ ویجدانە
چونکە تۆ وەلیت ئەبێ ستەم کەی
کام شەرع وای فەرموو، لە دین بێگانە؟
(هێژا) بەسیەتی ڕاوێژ و تەگبیر
نەفام کەی ئەبیێ پەندی ڕێندانە

# بەشی هەورامی

زاراوەی گۆرانی

## ئەراگێڵ[1]

ئا لاوە کە چرپەش[2] مەیۆ، مزیۆوە[3]، تەیارەن[4]
شەیدایی قەدو قامەتی مەوزوونی نیگارەن[5]
چا مەتڵەبێ تەر کەردەنش ئاپاسە[6] شپرزە
بەد حاڵ و دژو خەستە[7] تەن و توورە دیارەن
مدیۆ[8] دەمەق[9] و هەوڵ و شپرزە و پەل[10] و سەرسام
ئارام کە نیاش غەرقی خەیاڵات و پەژارەن
گەلێ (هێژا)یە گەلێ ڕابەری ڕێی یەک دڵ بوو



## کەوکەبەی نیاز

لە ئاسمانی نییازا خول دەخۆم، ناز و ڕییا ناکەم
لە عەینی کەوکەبەی فەقرا، لە غەیری خۆی ڕەجا ناکەم
لە تەنگانەی بەڵای چەرخا بەتەنگ نایێم و دامێنم
لەبەر جیفە و تەمەع یاران لەگەڵ خەڵکا جەفا ناکەم
لە سپڵە و هەرزە و مەغروور لەکوێ مەردانەگی خێزیا ؟
لە مەستی بێ ئیرادە، چاوەڕێی یاری و وەفا ناکەم
لە پیاوی پارە پیس، یاران، ئەگەر مردووم لە برسانا
نەوەک لای وابێ پارەی لێ ئەخوازم، مەرحەبا ناکەم
لەسەر تەختی قەناعەت مەرد و مەردانە ئەساچێنم
لەبەر چاوتەنگیی دارا قەت تەمەنناى ناڕەوا ناکەم
ئەڕێژم ئارەق و چاک هەڵئەکەم بۆ کاری مەردانە
لە چوون، بۆ چارەجۆیی موشکیلات چوون و چرا ناکەم
کز هەڵنایێم بەرابەر سەخڵەتی گیتی بەویجدانم
لە مەیدانی نەبەردا ئارەزووی بورج و قەڵا ناکەم
ئەگەر دونیا بەسەرما دابڕووخێ و شەشدەرم بگرن
عیلاجی دەردی بێ سامان بە زیانی بێنەوا ناکەم
لە عەیب پاک و بەری نیم چونکە ئینسانم، خەتام زۆرە
لەوەی (بالفطره) تێمدایە بە بێ عەقڵی حەشا ناکەم
لە خوا ترسێ گوناهبارم لە خۆ دەرناچم و ئێژم
ئەسیری نەفسی ئەممارەم، مەلەک نیم، ئیدیعا ناکەم
منیش وەک خەڵکی تر دووچاری مەکرو خواستەیی نەفسم
بە دەعیەی ناڕەوا و لاف و گەزاف خۆم موبتەلا ناکەم
لە داوی من منی ئازادم و (هێژا)م ئەڵێم مەردوم
منیش ئینسانێ ئاساییم، بلۆقی نابەجا ناکەم

## کابەی موراد

کزەی جەرگی زەدەی تاراوی گەردوون
چزەی زام و گڕەی داغی گەرووی توون
شیفا و لالەی زەلیلی خەستەیی غەم
پەل و بێزار لە ژین و زار و مەحزوون
ئەڵێ: وا داد و قاڵ و سووتنی من
لە فەرهاد تێپەڕی و ڕەد بوو لە مەجنوون
لەکوێ گڕ گرتن و سووتن گرانە؟
لە کوورەی عیشقەدا بۆ شێتی مەفتوون
فرەن ئەو خێڵە تێناگەن لە عاشق
بە سەر زیندوو، بەڵام بێ حاڵ و مردوون
کەسێ کوا تێبگا لەو حاڵە سەیرە
لەناو کوڵما ئەوین کێلان بە ناخوون
لە ناخی سینەدا تەرمی مەحەببەت
بە گڵ ئەسپێرن، ئارام، بێ چەن و چوون
ئەکەن پاراو نەمامی باغی پڕ بار
بە ئەشکی ئاڵ و خوێنی سوور و گوڵگوون
مەبەستێکی گرانە عیشق و دڵدان
ئەوانەی شارەزان ژیرانە بۆی چوون
گوزەشتی پێ دەوێ و گیانبازی (هێژا)!
بەرەو کابەی موراد ڕێک چوون و مەوزوون



## شۆخە جافێ

حەزم لێ بوو بە پیری سینە سافێ[1]
شەریکم بێ لە ژینا شۆخە جافێ
لە تەنگانە و ڕەوا[2] غەمخواری یەک بین
لە بەینمانا نەبێ لاف و گەزافێ
لە جەرگەی خانەدانێ قەدرناسا
پشوو دەم، نەبمە هاوڕازی عەڕافێ[3]
لە لانێ نەرم و ئارام لانە بگرم
نە شەوگەم[4] لێ پەشێوکا تۆفی تافێ
لەگەڵ یارێ دڵ ئارامە بەسەر بەم
نەکەومە کۆشی شۆخێ، مەنفی بافێ[5]
لەگەڵ هاوڕازێ دەمسازا بسازێم
لەگەڵ بێ پەی[6] نەکەم سەودای مەسافێ[7]
لە خێڵی خانەدانێ خەمە لێدەم
بوڵەنتر بێ لە قوللەی کێوی قافێ
بە پیری نەبمە هاوڕاز و شەریکی
لە ڕەسم و ڕەویە بێگانە و عەلافێ[8]
نەمەشیا[9] جووت نەنیشێ نەردی (هێژا)
دەبوو مۆرەم نەهێنێ ئیختیلافێ

---

١- سینە ساف: بێ غەل و غەش. ٢- ڕەو: دەربەدەری. ٣- عەراف: ناراس. ٤- شەوگە: جێی ئیسراحەتی شەو. ٥- مەنفی باف: نەساز. ٦- بێ پەی: بێ ڕیشە و نائەسڵ. ٧- سەودای مەساف: ئارەزووی چوونە مەیدان. ٨- عەلاف: سەرگەردان و بێ خەبەر. ٩- دەبوا مۆرەی نەردی من جووتی بهێنایێ.

## یا رسول الله

دەرکی خێرم لێ وەکەن، موحتاجی لوتفم، سەروەرم
ڕێگە دەرناکەم لە خانەی نەفسی شووما شەشدەرم
ڕێنومام پێویستە، تا دەرچم لە وەیشوومەی نەهات
پێم لە دووم ناچێ، شپرزەی سامی سارای مەحشەرم
کاتی (وا نفسا) کەسێ ناپەردژێتۆ، سەر کەسێ
غەیری (ئەحمەد) پێشیاو کوانێ؟ پەناهی پێ بەرم
یا ڕەسوولەڵڵا! دەخیلە، سا ئەمان لام لێ وەکەن
بورجی تەقوام کاولە، قوربان کەلوکۆم سەنگەرم
منم و ئیمانێ قەوی و مەحکەم بەزاتی کیبریای
داخەکەم، مایەی عەمەل نابوودە، ڕەنجی بێوەرم
نەفسی ئەممارەم ئەگەرچی ملهورە و لێم ناگەڕێ
پاک و بێگەردە سروشتم، بێ دڵۆیە[1] گەوهەرم
زەڕڕەیێ نابێ لە تاپۆما هەبێ بێ میهری تۆ
بێ ڕییا هاوار ئەکەم: پاکباختە[2] و سەوداسەرم
بۆیە بێ پەروا دەسە و داوێنی شاهی ئەنبیام
بێ بە هاوارمۆ کە لەم تەنگانە بەشکەم بگوزەرم
هێندە تاوانبار و نابارە قەباڵەی کردەوەم
پی شیاوی هەر سزاییێکم کە بمدا داوەرم
چاوەنوارێ ڕەحمی ڕەحمان و شەفاعەتتم، دەسا
هیممەتێ! سامناکە بۆ کەس ناسرەوێ دەردی سەرم
حەیفە (هێژا)، دامێنێت و زەلیل بێ و پێی نەگەن
چونکە ڕاساڵە لە ئیخلاس و وەلاتا شک بەرم

١- بێ دڵۆ: بێ عەیب: دڵو، بە کرمۆڵی ناوبەردی مەحکەم ئەڵێن. ٢-پاک باختە: بێ دەستەڵات و بێ ئیختیار (کرماشان - سنە).



## تاوی تاسە

بادەنۆشی ڕەندی پێ پەروا کە پەیمانەی بوێ
تا هەڵێدا بەش سەڕاسێی تاوی تاسەی بسرەوێ
وەقرە کەی ئەگرێ؟ بەتاو ئەڕوا بەرەو ئاواتی خۆی
نابەزێ، ئازادە ئاسان، بۆ چەپ و گوپ، نارەوێ
جا نەخوازەڵڵا کە سەودای ئاورین دوولانە بوو
فەرزە پارێز کەی نەوا، دوور با، بزووسکیت بەرکەوێ
هێدی نابێتۆ بڵێسەی سۆزی گڕگرتووی ئەوین
مەر لە ئاسۆوە بوتی ڕەعنای موورادی دەرکەوێ
شۆری بێ پەروا گڕی وا پێوە، وریابە ئەگەر
باڵی سەودات شاپەڕی بپڕووزێ نابێ سەرکەوێ
حیلم و سەبر و سازش و نەرمی و نەزاکەت واجبە
تا بوڵەند پەرواز لە لانەی ئارەزو و جێی بەرکەوێ
دەستە داوێنی هەوا بووم، بەش بەرەو ئاسۆی نەجات
من وەکوو شێلمکەرە لوول داپەڕم، ئاو پەڕ کەوێ
داخەکەم جێ ما بنە و بارگەم لە کاروانی موراد
نەردی شووم نەیهێشت کە سەودام دووی شنەی ئەختەر کەوێ
زێڕی قاڵە بێت و داساکێ ئەوینی ئاورین
قیمەتی و (هێژا)یە کاتێ دەستی سەوداگەر کەوێ

## زامی کۆنە

زامی ناسۆز چۆن بو دیسان هاتە سۆ
بۆ کولانیۆ هەرزە چیی لێ داو بۆ بۆ؟
خەڵکە پەترۆی زامی کۆنەی داغ لە دڵ
نابێ ناسۆر خەن لەخۆڕا و بێ مەهۆ
تۆ کە تیمارکاری نازانی زەلام!
بۆچی پەترۆی کۆنەزام ئەکولێنیتۆ؟
حەز لە ڕەنجی دەردەدار نابێ بکەی
بێرە سەرخۆ بەسیە دێوانەی تڕۆ
پیاوەتیت لێ نایێ نا پیاویت لە چی
ئێسک و گۆشتی خامی خۆیی بەس بخۆ!
داغی دڵ بەو جۆرە دەرکردن هەژار
کوانێ چارەی کارە؟ نەختێ بیر کەرۆ
کەی خەجاڵەت ئەتگرێ، بێ بەند و بار
بەسیە جامبازی و درۆو پینەو پەڕۆ
مۆری بێژوویت لە ناوچاو داوە خۆ
خوێڕی ئا دەی بێژە چیت بۆ ماوەتۆ
زۆڵە کوردێکی لەناو کورکەی گەلا
ئابڕووت چوو گۆڕی خۆت گوم کە و بڕۆ
تۆ تەریکی عێل و هۆزو تایفەی
بەو هەموو پیلانگەری و فێڵ و فڕۆ
ئەتکە بەندەو نۆکەری بیگانە بوون
لووس و چاپلووس و تەماعی و ڕەنجەڕۆ
ئاشکرات کرد ناکەس و ڕیسوا و پەسی
جا کە وابوو، خۆکوژیت بۆ ماوەتۆ



لات وەها بوو تا ئەبەد ئەکرێ بە فێڵ
خەڵکی گومڕا کەی بە زوان و گوفتوگۆ
چاک بزانە عاقیبەت ئەمسالی تۆ
عیبرەتن، ئەکرێن بە سێدارە و پەتۆ
جا ئیتر بێعار! لەمەڕ بەدناویی خۆت
تا ئەبەد خوێڕی بە، خوێنی دڵ بخۆ
پەندی (هێژا) بگرە گوێ، ڕۆڵەی وەتەن
لەو گرۆیە بێ وچان ڕاکە و بڕۆ

## تیر لە تاریکی مەهاوە!

تیر و تانەم لێ مەدە سا لێم گەڕێ تا کاتی خۆی
تێدەگەی نابێ بە مەیل و ئارەزو و لنگ دەی، بڕۆی
مەردی خوا بە، تێبفکرێ! نابێ هەروا تێپەڕی
حەیفە دوو چاری هەڵەت بیت و لە ناحەق سەر بخۆی[١]
تا مەبەس چاک شی نەکەیتۆ[٢] داوەریی بێ جێ مەکە
تیر لە تاریکی مەهاوە[٣]، ناگەڕێتۆ بۆت کە ڕۆی
تیغی گوفتار زۆر دەروون کاوێن و جەرگ و دڵ بڕە
پاشی نۆشدارووش بەسۆیە و ئاوساوە و زووخە تۆی
بەرلەبوورە[٤] ورد و سەردەرچوو، بڕۆیتە ناو مەبەس
کەی پەشیمانیی لە شوێنە کوا لە دووی پینە و پەڕۆی؟![٥]
مەردی ڕاساڵ و درووسکار، سەروەر و ئازادەیە
مەحکەم و قورسە، مەقامی نانەوێ شانوشکۆی
مەعزەرەتنامەو پەشیمانی لە کرداری غەڵەت
ڕاستە دیسان چاکە، ئەمما تێشکاو و دەسخەڕۆی
سەربوڵەندە پیاوی ڕاوێژکار و تێفکراوی ژیر
دوژمنی ناتوانێ تیری تێگرێ و بسمێ[٦] مەکۆی[٧]
ئەر بە حوکمی ئاوەزت رووت کردە تاڵووکەی ژیان
سەرفەرازی وەرنە سەرگەردان و بێچارە و ترۆی[٨]
بیرکەرۆ (هێژا) بە بێ تەگبیر مەڕۆ ناو کارەسات
هەل مەبازەو[٩] جا بەدوایا دەسبەئەژنۆ غەم بخۆی

---

١- سەرخواردن: تێ شکان: (سنە- کرماشان). ٢- شی کردنەوە: لێکدانەوە. ٣- تیر لە تاریکی هاویشتن: بە نەزانی چوونە ناو کار. ٤- بەرلەبوورە: لەپیش هەموو شتێکا (سنە- کرماشان). ٥- پینەو پەڕۆ: پاش بەهەڵەچوون تێکۆشان بۆ چارەکردن. ٦- سمین: کون کردن. ٧- مەکۆ: سەنگەر، حەشار. ٨- ترۆ: بێ ئابروو. ٩- هەل مەبازە: فرسەت لە دەس مەدە.



## چەرخی دوون پەروەر

ئەو پارچە هۆنراوەیە هی خوالێخۆشبوو بەهەشتی (مەلا حەسەن)ی کوڕی خوالێخۆشبوو بەهەشتی زانای توانای بەڕێزی خوداجۆی بەناوبانگ مەلا قادری بیارەیە کە بە مەلای گەورە بەناوبانگ بووە، ئەو زاتە لە دانیشتا هاوشان و هاودەم و هاوچەرخی (پێنجوێنی) و (چۆڕی) و (موفتی زەهاوی) بووە.

خوالێخۆشبوو مەلای گەورە لە بیارە مودەڕیسی باپیرە گەورەم (شێخ عومەر ضیاءالدین) وە خاتری لای عەزیز بووە و کچی خۆشی داوەتێ. ئەو بەهەشت ئاشیانە سێ کوڕ و کچێکی بووە، ١- مەلا حەسەن ٢- مەلا حوسێن ٣- عەبدولخالیق کە مەلاحەسەنیان قازییێکی تەوانا و شاعیرێکی بلیمەت بوو.

کاتێ لە ساڵەکانی ١٩٤٢و ١٩٤٣ میلادیدا لە کەرکووک ئەمخوێند یەک ساڵ لە ماڵیانا بووم، چەند پارچە شیعرم لە خۆی بیستوە کە زۆربەیانم لەبەرکردبوو بەتایبەت قەسیدەی (چەرخی دوون پەروەر)م لەبەربوو و پاش ئەوەی بۆ خۆم دەستم دایە هوندنەوە دڵم پێوە بوو ئەو پارچە شیعرە تەخمیس کەم واتە بیکەمە پێنج خشتەکی. وا ئێستا لە ساڵی ١٤١٤ی ق دا لە شاری ریاز لە عەرەبستانی سعودی ئەو کارەم ئەنجام دا.

هیوادارم توانیبێتم حەقی خۆی بدەمێ و پێنج خشتەکییەکی وام لێ ساز کردبێ خوێندەواران بەدڵیان بێت.

چەرخی دوون پەروەر هەمیشە یارمەتیی نادان ئەکا
هەرزە و بێ ئابڕو و خاوەن نیشان و شان ئەکا
باهونەر دووچاری تەنگی و مەینەتی دەوران ئەکا
سەرسەری و شەڕخر، بە میر و حاکم و سوڵتان ئەکا
مەردی دانا دوونە، نێو جەرگی لە داخا ژان ئەکا

***

عەسری نووری پێ ئەڵێن ئەم عەسرە مەنحووسە، کەچی
زوڵمەتە، تاریکە، جەولانگاهی جاسووسە، کەچی
ژینی زەهری مار ئەوی پێبەندی ناموسە، کەچی
چەرخی چەپ پێی وایە نۆرەی چینی چاپلووسە، کەچی
هەر لە دەورەی پیسی چەنگیز و هەلاکۆخان ئەکا

***

کەر لەگەڵ ئەسپی کەحێلە دێتە مەیدان و مەساف
خۆ پەسەن بۆی چۆتە مینبەر، بۆ گورەی پووچ و گەزاف
هان ئەدا زاڵم عەلەیهی بێ گوناهو سینە ساف
دەست و پێ کۆتا ئەڕۆنە جەنگی مەردان هەر بە لاف
بزنەکێوی وا لەگەڵ شێر ئارەزووی زۆران ئەکا

***

دەورە وایە بایەقوش لافی هومایی لێ ئەدا
داڵی سەرگەڕ لانە لای سەقری چیایی لێ ئەدا
فیتنەو و ئاشووبتەڵەب کۆسی فیدایی لێ ئەدا
دزدەسەک لای ماڵبراو سینەی برایی لێ ئەدا
گوربە خۆی گۆڕیوە داوای جێگەیی شێران ئەکا

***

دینی ئیسلام بێ موسەمما، حوکمی شەرعی ناڕەواج
موئمین و یەزدان پەرس داماو و هەوڵ و هاج و واج
ژێردەسەی لادین و بێ ئیمان و ویجدان ناعیلاج
عالم و عاریف زەبوونی پرچەنە و لاڕێ و وڕاج
ئەهلی دین ئەمڕۆ تەمەننای مردن و ئیمان ئەکا

***

گۆخلێی چەڵتووک درایە دەس یەکانەی کۆنی پیر
باغی ڕەزبەریان سپاردە حورچی تامەزرۆی زویر
قاپیەوانی شاری مشکان گوربەیی برسیی فەقیر
گاکوڵی داوود لە بەردەس گۆخلا کوێخا و گزیر
مشکی برسی وا سەپانیی رزقی سەرخەرمان ئەکا

***



مامە ڕێوی بۆتە دەفتەرداری گۆشت و دووگی چەور
پیرە کەمتار دان ئەساوێ بۆ پڵنگ بەد تەشک وتەور
سەیرە ڕامالێ چەقەڵ نێرە گەماڵ بۆ دێ بە جەور
ماتی کردم گەردشی گەردانی چەرخی چەوت و دەور
گورگی هار ئەمڕۆ لەجێی شوان سەرپەرشتیی ڕان ئەکا

***

ئەو کەسەی لای ئێمە وابوو موشفیقە بۆ قەومەکەی
زۆر سپاست لێ دەکا ڕێگەی ڕەوای پیشان بدەی
ئیستە لای وایە لە ناحەق تەعن و لۆمەی بار ئەکەی
خەیلێ خوشبین بووم بە ئاکام و نەتیجە و ئاتییەی
ئێستە ئەیبینم کە ماڵی خزمەکەی وێران ئەکا

***

ناوی دین کوژرایەوە، لادینییان هێنایە جێی
ڕەهنوما و ڕەهبەر لە ڕێ لایداوە، لار و چەوتە ڕێی
عەقڵ و تەگبیر و خیرەد ماتە، لە شێوەی کێ بەکێی
چی ئەکەی جاهیل ڕەوشتی دین و ئایین ئەتکە پێی
ئەو کەسە مەقبووڵە زوڵم و ئیفتیرا و بوهتان ئەکا

***

کوننەبوو ئەوساکە جێگەی قوشبن و وێرانە بوو
نەیدەوێرا دەرکەوێ، هەر کڕ، لەسەر هێلانە بوو
شووم و ماڵ وێران، کەلاوەی کۆنی خانەو لانە بوو
هەر هەتاو لێی دایێ خێرا، خۆی ئەشاردۆو دەرئەچوو
ئێستە ئەیبینم لەگەڵ باز گەردش و جەولان ئەکا

***

قـــەل لە جـــێی بازا ئەبینم بۆتە ســـەردارو ڕەئیس
قـیـرەیی قـالاوی بێـفـەڕ دێ و قـرەی کـەردالّی پیس
بازی تەڕلان بێ دەمـاغ و هەڵمـەت و مـات و قـەتیس
گـوڵ لە گـوڵشـەن لارەمل، نەرگس پڕووزاو، لالە سـیس
هووڵە ئاودێریی گـوڵاڵە و سـونبـول و ڕەیحـان ئەکـا

***

پیـاوەتی نایابە (شـایق)، ڕۆژی سـپـڵـە و هەرزەیە
پیـــاوی پیـــاوانە دژی ئەو جـــۆرە تـەورو تەرزەیە
کتک و کەروێشک کێ دەڵێ هاوشانی شێری شەرزەیە؟
گـیـانی (شـاهۆ) و جـەرگی (هێـژا) ئاژناوی نێـزەیە
ئەو کەسەی پیاو بێ بەڕاسی خۆی لە خەڵک پەنهان ئەکا

پێویستە بزانین بەهەشتی (مەلا حەسەن) تا چەن ساڵێ بەر لەوەی بەڕەحمەتی خوا بچێ نازناوی شیعری (شایق) بو بەڵام پاشان خۆی کردی بە(شاهۆ)، خوالێخۆشبوو مامۆستای خۆشەویست و ئامـۆزای بەرێزم کـاک مـحـەمـەد ئەمین (کـاردۆخی) کـە زاوای مـەلا حـەسـەنیش بوو هەندێ لەهۆنراوەکانی کۆکردەوە و لەدیوانێکدا لەچاپی دان. ئەو کارە جێی سپاسە و پێویستە ئافەرینی پێ بوترێ، بەداخەوە کەسیش بۆ ئەو کارە یارمەتی نەدا، هۆنراوە سیاسیە گرنگەکانیشی لەچاپ نەدراون. ئەوەشی کە چاپ کراوە بەناچار دەسکاری کراوە. پێم وایە خوالێخۆشبوو مەلا حەسەن هەر خۆشی ئەو کارەی کرد.



## لاره سێبەر

لارە سێبەری ژووری دێ
کاتێ هەتاو، ئاوا ببێ، ها ئەو دەمەی بچێ و نەچێ
ڕەنگی پەڕیوی تیشکی تاو
کەمێ پێش لەوەی بنیشێ، بەر لەوەی شەو پەل داکێشێ
زەردەخەنەی خۆرپەڕ ناوناو
لە تۆی هەورۆ، ئەیبینێ چاو
بە زمانی حاڵ ئەماندوێنێ
جارجار چاوێ ئەقرتێنێ
نازو نەزاکەت ئەنوێنێ
ئەڵێ: ئەهای دڵەی غافڵ، وا ئەمڕۆش چوو بوو بە دوێنێ
لە ناهانا دڵ ئەشکێنێ، کاتێ غەم و تەم ئەنوێنێ
وەختێ کە پێت ئەڵێ: کاکە لێم ببیێ و پێشم بڕوا کە
دێوی ڕەش دێ، بەڕێوەیە، یەکجار بەدتەشکە، سامناکە
باڵ بەسەرتا ڕائەکێشێ، گوێت ناداتێ کە کوێت ئێشێ
داتئەگرێتۆ: کام لات ئێشێ
ئەتخاتە جوغزی هاتوچۆ، لێت دادەنێ بڕۆو مەڕۆ
نازانی چی بکەی بەدەسیۆ
پەکتئەخا بە گوفتوگۆ، لێت ناژنەوێ پینە و پەڕۆ
بە مەیلی خۆی ئەتشۆرێتۆ
جا شانۆی نوێ دێنێتە دەر
قەوانیتر ئەخاتە سەر

***

ورد، ورد تێیفکرێی ئەندەرزە، قسەی بەرزە
داخەکەم تێی ناگا هەرزە

سەرزەنشتی شیرین تەرزە
ڕێزەکاری لای ژێر فەرزە
ڕێزە، پیێزەی دەوروبەرت
که هیچی ناچێتە سەرت
فەسلێ ترە لە دەفتەرت
لە ژین نامەی لاشەخەرت
هەروا بچووک سەیری مەکە، ئەوەش جێگای باس و شکە
لات وا نەبێ، زۆر بێکەڵکە
چرای ئاوەزی بۆ هەڵکە!
بەشکەم تێبگەی چ باسە، چی لەژێردایە ئەو کاسە
ڕووداوەی دەورت بناسە
تێبینی کارێکی خاسە

***

مەڕ قاڕەی دێ بەرەو گەوڕ
بۆی دەرئەچێ بە تاو، بە گوڕ
کەڵ کە پیش ئەکا مەست و وڕ
جارجار ئەقوڕێنێ لەپڕ
سابرێن مرقەو بزن باڕە
بەرخ و کار لاباز و قاڕە
حیلەی ئەسپ و پرمەی ماین
لووشەی هێستر توولەی تاین
چرپەی بەرماڵان، کیژی جوان، قیتەی ناو گەڕەک بانەوبان
بێرو بێرۆو تەقەی گۆچان
فڕکەی چاکی گەورە کەنیشک
چرپەو لەنجەی جووتە خۆیشک
بە چاو پرشنگ، بە دیمەن تیشک



چاوبڕکێی بەینی گەنج و لاو، پێ شیاوە بۆ سوژەی پەڕاو
زەردەخەنەو هەڵوێست تاوتاو، گوڕی کیژۆڵەی چاو ڕەژیاو
هەمووی تابلۆ، گشتی نەخشە
زۆر گیرایەو ئیلهام بەخشە
ئەر هەڵەم کاکە ببەخشە؟!
یا من شێتانە سەیر ئەکەم
لە لاڕێوە شەرحی ئەدەم
یا تۆ مەنگی و من تێناگەم، لێم ڕوونکەنۆ ئێوە بەشکەم

***

نەخش و نیگاری ئێوارە، کاتێ هەتاو، کەمێ دیارە
چی بەرچاوی، چی نادیارە
ئەوی دیدت هەستی بکا
یا ئاوەزی لەنگ پێی بگاو بەزەحمەت ڕێگای پێ ببا
خۆ گشتی یەک لە هەزارە
مشتەو نموونەی خەروارە
پەڕاوێکی پڕ لە ڕەمزە، ئەی دڵە! سا بێ مەلەرزە
شانوییێکی هەزار تەرزە، تێبینی و زانینی فەرزە
داستانی ژینی ئینسانە، بەسەریا مەڕۆ شێتانە
هەندێکی تاڵ، هەندێ جوانە
پێویستە، خزم، بیزانە
ڕازانی ڕۆژێکی ژینت، بدە بەر عەقڵی بەتینت
بەسە بۆ خۆو خواناسینت، پێی دابمەزرێ ئایینت
ئاوەزت ئەر کەوێتە کار
بیهۆنیتۆ تۆمار تۆمار
هەمووی بەستە و قەسیدەیە، چەپکی گوڵ و وەنەوشەیە
شیعرە و مەبەستی تازەیە، هەویر مایەی فەلسەفەیە

هەندێ کۆن و هەندێ نوێیە
وردی کەیتەوە بەجێیە
تەماشاچی شانۆی سەمە، کوا عەقڵ و ئاوەزی جەمە
سەرگەردان بێ هێمان کەمە
مەنگە و لە هیچی تێ ناگا
ڕێیێ بەجیگایێ نابا
ئەمی لەوی دیکەی ناچێ
لەگەڵ ئاوەزیا ناساچێ، ناتوانێ قووڵتر بۆی داچێ
ئەر داچێ بۆی سەرگەردانە
بەسەریا چێ هیچ نەزانە
چی بکا ساویلکەی بێ مایە، ناو کاسیلکەی ئەوەی تیایە
تێناگا لەو شانۆو کایە، ئەم دونیا لای کاو و بایە
رووالەت سادە و ئاسانە
نهێنی سەختە و گرانە، زۆر شتی تێدا پەنهانە
هەرچی زیاتر لێی تێبگەی
ئەوسا سەرگەردان و سەمەی
پەی بە ناوکە و مەغزی نابەی
بەهەستەی هەستی کەی دەگەی
ڕێ بە حەقیقەت کوا ئەبەی
ئیدی چیت لە ئاوەز داوە، واز بێنە لەو چاووڕاوە
ئەڵێی ڕێگای لێ گۆڕاوە، نا ئەو لە خۆیا خنکاوە
ویستت بە کونهی پەی ببا
کاتێ ناکرێ چیی لێ بکا

***

موختەسەر تابلۆی یەک خۆرپەڕ
موتالا کەی، ئەمپەڕ، ئەوپەڕ



ئەمجا بە چاوێ وردەبین، ڕێزە نیگار و نوختەچین
هەراوو پان و پۆڕ، بەرین
بیخەیتە ژێری زەڕەبین
دەرسێکە بۆ عومرێ بەسە، مەکتەبە بۆ کەسێ کەسە
خاوەنی هەستە و دەربەسە
دیدی ئەوین ئاوەڵایە، زیبا پەسەند و بینایە
هەستی زەریف و گویایە
نەوای، دەروونی و گیرایە
لە پەروازا شارەزایە، باڵافڕە و خاوەن مایە
ئەروای بۆ فڕێن وریایە، لێکەودانی پڕمانایە
لا سێبەری یەک ئێوارە، بوومەلێڵ دیارو نادیارە
مایەی چەند پەڕاو گوفتارە، پڕ لە ئیماو ئیستیعارە
گشتی مەعنای گۆیاو دیارە، گشتی گەوهەری ئاودارە
بۆ ئەوەی (هێژا) و هوشیارە

## قوله شەنگەڵ

سازکە وەستا ، مەوەستە!
چەکم پێویستە ،سا هەستە هەستە!
چیت لەبارایە دەی زوو کە
لە گشت جۆرێکمان پێویستە
سەنگینە ، یاخۆ سووکە
سۆزی گزنگ بێتە دەرێ
ڕوون بێتۆ ئاسۆی کەمەرێ
مێردان ئەڕۆنە سەنگەرێ
کوڕینە! خو کۆوەکەن
تەور و تەوەرزین بە دەس
تیرو کەوانتان ساز بێ
ڕۆڵەی دلێر سەرواز بێ
شێری ئاسۆی هەوراز بێ
سەران زووتر کۆوەبن
بەرەو قەلاّ ڕێکەون
فەرمانی سەرۆک(سووڕن)
فەرماندەی ئازاو مەزن
ئەڵێ: ئۆردوو تەیار بێ
تیپ تیپ هەزار هەزار بێ
وادەمان دەوری شار بێ

***

سوپای (سووڕن) بەربەیان
بەرەو سەرپیر، پیر و جوان



ئامادە و گوێ بە فەرمان
بڕوا بۆ ناوونیشان
سەیری (قولە شەنگەڵ) کەن
لە (ئاتەشگا) گوزەرکەن
(هەزارانی) کۆگایە
سەرکردە خۆی لەویایە
ئاتەشگا با بڵێسەی بێ
ڕووناکی پەی دەرپەی بێ
لە گەرد و گوڵی بەیانا
لەناو دڵی کوێستانە
لە چیای هەورامانا
ناڵەی دەهۆڵژەن هەستێ
سوڕنا پیقەی نەوەستێ
گورزو قاوی لاوان بێ
هێرشگەر لێی نەوەستێ
دوژمن خەیاڵی خاوە
پێی وایە کورد نەماوە
هاژەی باڵی جەوان بێ
بەردا و بەرد بازبازان بێ
نەعەرەی بەوری بەیان بێ
پڵنگی سەرهەردان بێ
هێرش دوژمن بڕفێنێ
گۆڕی گوم کا ، نەمێنێ
تا ئیتر تێنەچێنێ
هاشەو پاشە نەنوێنێ

***

خەیاڵ پڵاوی دوژمن
بەتاڵ کەنۆ ڕۆڵەی من
تا نەڵێ کورد فەوتاوە
دۆڕاوە و لێی قەوماوە
دەمی بسووتێ باشە
تێبگا چاکە، جاشە
لە یۆلغار بیوەستێنن
یەکجاری بیتەزێنن
لە گۆی بەن بێبەزێنن

***

ئەی هاژەی بەفراوی جوان
تافی نوقرەییی کوێستان
ئەی ترامی سپیی جوان
ئەی نەسیمی بەربەیان
ئەیهێنای عەتری کوێستان
ئەی (بەرزەڵنگ)ی سەر کۆ
ئەی (وەرکەمەر)، ئەی شەوبۆ
ئەی (سوور هەراڵە)ی خۆشبۆ
دێر ئاشنایین من و تۆ
ئەی تاشەبەردی کوێسان
ئەی ترامی سپیی جوان
ئەی سەرمایەی کوردستان
ئەی سەنگەری لاوی جوان
مژدە بێ ناتدۆڕێنین
بە خوێنمان ئەتخەملێنین



پێت وا نەبێ هۆشیار نین
یەقین تۆڵەت ئەسێنین
ڕۆڵەت ژیرو وریایە
شێرە مێرد و ئازایە
مێژووی لە بەرچاودایە
کەڵەمێردی کوردستان
دەسمایەیە، سەرمایە

## وتوویژ–هۆ مامە!

س:

هۆ مامە سەلام، بەخێر بێی!
لە کوێوە دێی، ئەهلی کام دێی؟
پێت خستووە مامە، هەناسەت تەنگی ئەکا
کەسیرە کەوتووی، کەم پێی
دیارە خەستەی ڕێی!
کەنفت و ماندووی
نازانم ئەبیێی؟ دا بلێ لە چی دەگەڕێی!

ج:

ڕۆڵە! بەڵێ بیبستم، نە لاڵم نە بێگوێ
بەڵام تەنگە هەناسەم
تەنگەتاوم، ماندووم، ئیختیبیارم، ناتوانم بلێم
کەمێ سەبر کە پشوویێ دەرکەم
تا بلێم، تا بلێم
ماندووم براله! سەخت و هەوراز بوو ڕێم
ڕێبواری لێژی نەهاتم، لە چۆڵی ژیانەوە دێم!
لێژ و هەڵەتی ئەو ڕێگەیە گاڵتە نییە
سەختە بێڕادە
کوێرە ڕێیە، پڕ پێچ و خەمە، وەرهەمە
هەڵەتە و بێ جادە، پیاچوونی ستەمە
بەتایبەت بۆ منی پیرەمێرد گرانە
کە پێشم پیادەیە، بیزانە



ئەسپی ئەجەلم پێیە، لەمێژە وا بەتاو
بۆ چارەنووس ئەگەڕێم، وێڵم لە شوێنی ماڵ و دراوو ناو
لام وابوو، بە گەنجی ئەسپی موراد ئەڕەتێنم
تەنگ و چەڵەمی ژیان ئەترازێنم
زەنجیری پێم ئەپسێنم
دێوی مەینەت ئەتەزێنم، قەڵای سەخڵەت
بەهەڵمەت ئەڕووخێنم، دەستی ستەم ئەشکێنم
جا ڕۆژێ لە کەلی هیواو ئارەزوو
سەر دەر ئەهێنم، بە موراد ئەگەم
زوو زوو بەڵام نەبوو نەبوو
ئەی خەیاڵی خاو، ئەی هیوای بڕاو
نەمزانی سەرئەنجام
ئەبەزێم، ئەپسێم، ئەتەزێم، ئەڕووخێم، دائەکەوم
دائەمرکێم و ناچار دائەساکێم
سواربی هەناسەم و کەم پێیی ڕێبڕین
لەرزین و زەردیی ڕوو، تەوێڵی چین
لات سەیرە! حەقت بەدەستە، گەنجی
کەی ئاشنای غەم و شارەزای ڕەنجی؟
عومرێکی دەوێ تا وەکو منی هەژار
قول هەڵکەی، جا بدەی لە بوار
ئەم ژینە پڕە لە چۆن و لە بۆ
شی ناکرێتەوە ئاسان بۆ من و تۆ
ئەی مامە! بڕۆ، گەڕێ لێم
چیت داوە لەوەی کە من کێم

س:

ئەر زیزی لەوەی مامە کە پرسیم
بە لێبووردنت رازیم؟!

ج:

نا کاکە، لێم ببوورە، ماندووم
تەنگەتاوم لە پێ کەوتووم
لەوساوە لەژێر داوێن کەوتم
ڕێم گرتە پێش و نەسرەوتم
قنگلاشکم و با بە مەیل ئەمبا
بە بەرد و داری ژیانا ئەمدا
هەر چۆن ئەیەوێ بێ پەروا
بەدەمیەوە ئەمبا و، ئەڕوا... ئەڕوا
ئەی لاو چیت پێ بڵێم ئیتر
چۆن تێ بگەین لە یەکتر؟
تۆ تازە پشووی باغی جیهان
من پیرم و خەستەی ژین و ژیان
تۆ دەسەوملی هیوا خەوتوو، من بێدار و لە گل کەوتوو
ئەو شەرح و بەیانە چۆن بدرێ
ئەو هاودەمییە کەی ئەکرێ؟
گوێ ڕاگرە لە من بابی، مامی
ئومێد ئەکەم بیفامی
ئەو چین و چرووکەی دیمەنی من
هەر یەکە گۆڕی هەزار دەردن
حەز ئەکەم تێتگەیێنم، ناتوانم



کورتی دێنێ تەوانی بەیانم و پاراویی زمانم
گەزەکەی کورتە، نایگاتێ، چۆن تێئەگەی قەرنێ بە ساتێ؟
ئەو چرچ و لۆچی تەوێڵی منە
ئەو دیدەیی تارو لێڵی منە
ئەو قۆزە قۆزو لنگە لەرزێ
ئەو هێرە هێرِ و هەناسە بڕکێ
چۆن ئەوترێ
بە کام زاراو شەرح ئەدرێ
چۆن تێئەگەی کەی ئەکرێ؟!
نادیدە ناوترێ
تۆ تازە ڕاهیبی بوویت و جەوانی
سەرمەست و گەنج و پڕ تەوانی
لاوی عەزیزی مامە پیرە
بیستووتە وتوویانە: بێ مایە فەتیرە؟
لەم عومرە درێژە ئەوەن کەوتم و هەستام
هەڵچووم لە سەخڵەت و کەوت و بەزام
ئەوەندە کامەرانیم بە ناکامی گەڕا سەرئەنجام
بووم بەم نموونە سەیرم ئەکەی، عەجیبە لات
ئەی مامە! ئەوە تا سەرئەنجامی هات و نەهات
ورد بووم و چەمام و شکام
لەو تەنگەلانە پسام و بەزام و بڕام
تا ڕۆژی هەبوو گەنجی گەنجی
لام نەیدەنواند ڕەنجی گەنجی
هەستیم لە لا بوو بێ بایی
بە بام ئەدا بە خۆڕایی

دەهات و دەچوو وەک لافاو ماڵ و دراو
ڕۆژی کە تێبگەیشتم ویستم هەڵات
پاڕامەوە سەرم لێ بداتەوە، نەهات و نەهات
ئەو تاو و تەوانی دەویست نەمبوو
سەرمایەیی ژین: گەنجی چووبوو
ئەو چاوبەڵەکەی، ئەیویستم
تیری برژانگی، بە کەمانی برۆ بۆ دەرخستم
بە بزەی لێو ئەیلاواندم
سەیری ئەکردم وئەیخاواندم
پەلەپیتکە و گوێ بانەوبان، بە لەنجە و شانەوشان
بۆ ڕەزام خۆی ئەنوان، بە ئاشکرا، بە پەنهان
بە پێکەنین و چاوقرتان
چرپان چرپان، بانەوبان
بۆ کانی، بۆجێ ژووان ئەمزیزاند و ئەمتۆران
نازی ئەکردو ئەمشەمزان
بە گاڵتەوە ئەمژاکان
ئێستاکە لێم ناپرسێ، ئەمبینێ ڕەم ئەکا و هەڵدێ
چۆن بهێنم ئازیزم، سەنگم؟
بۆ نەپەڕێ ڕەنگم؟
چۆن نەپسێ چۆکی لەنگم؟
بۆ شەق نەبا دڵەی تەنگم؟
لە سەرینیی من نییە تەنها
ئەوەتا سەرئەنجام دونیا
گرۆڵە، کە کەوتە لێژی، بێ فائیدەیە چی بێژی؟
سەری تاڵی بە دەستی تۆبە، ئەتەوێ جەمی کەی، بێخۆبە



هەرچی هەڵێکەی، تەوژمێ توند ئەکەی
تا لەبەینی ئەبەی، پێی ناگەی
ئەی مامە! ئیتر نەترەنجێنم
گوڵی بەهاری ژینی تازە داردی
نەتژاکێنم
کورت و کۆتا، ئەو ژینە کە دێت و دەچێ
بتەوێ و نەتەوێ ئەچێ... ئەچێ
حەیفە کە خەسار لە دەس دەرچێ

## بەهاری کوردەواری

لاسامەیە، لاتیرە، ئەبارێ بە خوڕڕەم و تاو
باران و دوودانگ و بەفرەلووکە و تەرزە
ناهاڵە ناڵەناڵی ترێشقە، چ زێڕینە برووسکە
بانگی ژیانی نوێیە نرکەیی لافاو
پاسارییە ئەجریکێنێ، ئەچێ هەڵدی
ئەخزێتە بنمیچ و کڕ هەڵدێ
ڕیشۆڵەیی زۆر بلێیە فیرار ئەکا
ئەفڕێ بە تاو، بە تاو، سەری خۆی هەڵئەگرێ

***

ساوا کە قریشکە قریشکی ترێشقە دێتە گوێی
ڕائەچەنێ، ئەلەرزێ، دا ئەچلەکێ ناکاو
سەری لە سینەیی نەرمی داکی ئەسوێ
بەڵام بە گاڵتە و پێکەنینی گەورەتران
کە کۆن لە دەوری لە بەر هەیوانی ماڵ
تێکەڵ بە ترسەوە شیرەبزە، ئەیگرێ
دێتە گڕوگاڵ، چەن جوانە
خوایە شیرەبزە و ترسی مناڵ
چ جوانە کۆرپەیی پەرزاو

***

وەرن کوڕینە! پەنا بەرینە کێو
سەرێ بدەین لە بەزمی بەرزو نشێو
کەو هەڵئەکاتە فڕگەیی سەرشان
ئەخوێنێ لە بەربەڕۆژی هەردان



ئەدا لە شەققەیی باڵ
کە ئەگاتە نزار و یاڵ
ئەملێتەوە، سەرخۆشی بوارە بەها
خۆش کەیفە، ئەچێ بەرەو هەوار
ڕێگای لەپێشە خۆرەتاو و نزار
بەڵام لاسامە، بە شیپی تەوەژمی ئەیکاتە بنی کاو
پەکی ئەخا لە هەڵکردن و فڕین
ئەوکاتە دەست ئەکا بە چینە و خۆچنین
مل کەچ ئەکا لەسەر یەک پا، ئەوەستێ تاوتاو
بولبولێ چلاوچڵ ئەفڕێت و ئەخوێنێ
کۆرپەی هیوای بەرێوەیە غونچەی نازاو
ئەمڕۆ سبەی، بە دەم شنەی شەماڵەوە دەم ئەکاتەوە
بزە ئەیگرێ بە نازەوە لێو ئەکاتەوە
ڕەببی کە جوانە غونچەیی تەرچک
کە تازە دەپشکوێ
بەر بەیانی بەهار

***

کاتێ کە تاوی بارشی خوڕڕەم بەسەرئەچێ
نەوبەی تەپوشە، ئاوێتەیی هەتاو
نەققاشی دەستی تەوانایی ئێزەدی
لەسەر سەری نەوعەرووسی لالەزار
ئەستوونی زێڕین و ڕەنگین کەمانی جوان
تاقی هەزار ڕەنگە و خێوەتی شاهکار
دێنێتە بەرهەم و، وا بەڕێز ئەگرێ
قەدەمی نازەنینی بووکی نەوبەهار

بووکێ کە دیمەنی یاقووت و تەختی زوبەرجەدە
پیرۆزە فەرشیەتی، لە سەری مەست و خومار
دانیشتوە پێ شیاوە کە خێوەتی
زەڕڕین کەمانی ببێ و نەخشی کردگار

***

بخۆ بلەرزەیی مالآتە لە بژوێن و لە قەدپاڵ
شۆڕاوەیە بەرگی بەران و شەکی کاڵ
مووی بزنەمەرەزە، جوان و زەریفە بەدانەیی
شانەی تگر، بووەتە خەیاتەیی خاوی ڕەنگکراو
خاوێن و سپیە بەرگی زەریفی شەکەنێر
ئیشتیبا ئەکا بە چاو
وەک خاڵی بەفرە لەناو سەوزە لە دوورەوە
بەرغەل کە کۆڕ ئەکا، لە تاوی بارشە تەنگەتاو
کاری بچووک و بەرخی بەرغەلی دەمێ
ئەخزێتە ژێری تەنەی درەختی زەلام و قەوی
مێگەل سەران لە بنی دووگی یەکتری
حەشار ئەدەن، ڕێزە دەبەستن
لە تاوی تاوی تەرزە مۆڵ ئەدەن ناوناو
مەڕ کاتێ بەفرەلووکە لەسەر پشتی کۆ ئەبێ
خۆ ڕائەوەشێنێ لە تاوی بەفرەتاو
چەن هاروهاجە گیسکەنێری خەساو
چەن پڕشکۆیە مرقەمرقی حەچە
سابرێنی شاخ زەلام
توخوا کە جوانە شەکی کۆکی نەشەمزاو
ڕەببی کە ملهوڕە پارێنی نەمۆ چاو



چەن مەست و پڕ غرووره
کەڵی جوانی نەئاملاو

***

چرۆ ئەگەشێتەوە خەڵفە ڕام ئەکا، ئەزرێ
کاتێ بە ئەستەم هەراڵە بزە ئەیگرێ
لە پاڵی حەریری سەوزا خۆی حەشار ئەدا
نەوەکو تەرزە بیگرێ
گوراڵە لاسکی زەریف و تەرچکە ئەما
کەمێ شپرزەیی لاتیرو سەرما
چاوەنوواڕی هەتاو
ئومێد و بیمە برا، جوانە موعەمایی ژین
عومرێکی نوێیە، شۆری مەستییە
حەقیەتی بولبولی هەژار
بە سۆزەوە لەگەڵ غونچە بێتە گوفتوگۆ
بە چریکە بانگی بکاتێ
بەڵکو گەڕێ لە چاوشارکێ
لە پاڵی پەردەیی حەریری دەرێ
ئەدرێ ئەویش بە نازەوە، بە زەردەخەنە
جوانی ئەخاتەڕوو
تارا لائەدا، دەردێ
تا شوری مەستی بە ئەفسوونی دیمەنی پتر
بخاتە دەروونی بولبولی هەژاری بێ قەرار
بیباتە بەزمی ئەوین و بەهەشتی پایەدار
بە هەزار ڕەنگە عیشوەگەری ئەکا
بوتی عەیار، بوتی عەیار

***

ئەوسا لەپڕ نەسیمی بەهاری ئەشنێت و دێت
ئەیخاتە سەما هەراڵەو و خامە تووڵ
ئارام و لەسەرخۆ کە دێت و دەچێ
دائەوەرێنێ دڵۆپی بێ شک و گوڵاو
عەتری ئەدا بەنەسیمی بەیان
تا کوورەی دا، لە دەماخی
سەرمازەدەیی، زەمهەریر
هەراڵەیی خەملاو

***

ڕنەی دەواری ماڵە کوردە گوڵاوپاشی خێڵ و هۆز
خرمەی دەواری کەڕە

***

مۆسیقییە، نەوایە، خوایە! چە خۆشە
فەسڵی بەهار
چ جوانە نەخشی کردگار

***

جێژنانەیی سروشتییە نەخشی کێوو شیو
بۆ خاوەنی هەست و دەبەنگ
بۆ مەست و هۆشیار
بۆ مەلی هەژار
نە نە بەڵکو بۆ هەموو گیاندار
وەسفی بەهارە کە ڕازانی خەڵکی گێتییە
هۆنەر بە شیعر و نووسەران بە وتار
پێم وایە براینە، ڕاستەکەی ئەوەبێ
نایێتە وتن نەخشی کردگار



منیش، وەکو خەڵکی، ئەوەم کە زانی وتم
لە سەناو و وەسفی بەهار
ببوورن ئەگەر ناڕەسایە باسەکەم، ئێستا وتم
لە وتن نایێ بە نەسر و بە شیعری عەرووزی
بە ئازاد و نوێ تا ئەگاتە وتار

***

عابید! بنووسی ئەگەر دەفتەر و تۆمار
هێمان نەتوتووە یەک لە هەزار
لە وزەی زمان و زاری قەڵەم
لە هەستی هۆشیار، بەربەڵاوترە
تابلۆیی نەوبەهار
پێم وایە لە بری هەمووی چاترە بڵێی
نەورۆز پیرۆز، لە هەموو کوردێ
چ لە دێ بێ
چ لە شار

## مام جوامێرو خوله

خوله:

پیرەمێرد! سەلام، بۆکوێ؟
ناترسی تەنت وشک هەڵێ؟!
هەوا ساردە، بۆرانە
تەم و مژە، ڕێ بەندانە
بەتایبەتی ئەم هەورازە، کرێڵەی سەخت و ناسازە
هات... هات! پیرەمێرد! دانیشە هات!
گێژەڵووکە و گەردەلوولی ناهاڵ
گەیشتە تیغە شان و یاڵ
لە بەینمان ئەبات، وا هات وا هات.

گۆبەندە:

گێژەڵووکە، دەنگی بۆران
تەپوتۆزە لوورەی کوێستان
هاژەی چەم، گەردەلوول و تەم
ونی کردن لە پێش چاو
بەر لەوەی بگەنە بەر کاو
دەنگی نەما پیری پەرزاو
لەگۆکەوت مێردی لاو، تەواو تەواو
ڕۆژی ڕوون بووە شەوەزەنگ
مامەوە دەستەوئەژنۆ، بێدەنگ
دانیشتم مات و دەبەنگ
چاوەڕوان مام بۆ سەرئەنجام، بۆ ئاکام
ئەمجارە ئاسمان هەڵیبرنگان



بە ئەستەم دەرکەوت دیمەنی توورەی کوێستان
دیم پیرە مێرد بە زۆری گۆچان
وەک گرۆڵە بەفرێ بەلاما، لەرزان، بێ گیان
ڕۆیی بەدەم لەرزەوە، خۆی ڕائەوەشان
دیسانەوە ڕێگای هەورازی گرت
نەبەزا، بەرەو لووتە ورد ورد ڕێی ئەکرد

خوله:

ئەهای پیرەمێرد! بۆ کوێ؟
بێ بەرەوخوار ناگەیتەجێ! مەگەرشێتی وا بێعاری؟!
سەرگەردانی یا هاری؟ یا مۆتەی کوێستانی!
ئەمجار کوێستان بیتورشێنێ
دەمار لە ژینت دەردێنێ
ئیتر دەنگت ناگا بە کەس
ئەتنێتە گۆڕ، هوژمی هەرەس

مام جوامێر:

کوڕم، ئازیزم، چاوەکەم! لە من گەڕێ کە چی ئەکەم
بۆ خۆت هەر جۆر مەیلت لێیە
وا بکە چۆن لای خۆت بەجێیە
من بڕیارم وا دا، لای خۆم
تا سەر کەلی هیوا بڕۆم
نە با و بۆران و گەردەلوول
نە هاژەی چەم و لوورە لوور
نە تۆفان و نە با و هەرەس
نە گیڤەی بۆران بێبڕەس
ناتوانێ سستم کا و، وڕەس، بۆ هیچ لەوانە نیم دەربەس

خوله:

ئەی بەڵام دا لە ئاواتت!
لەسەر سەختی و خەیاڵاتت
لە ئارەزووت و خەباتت
ناگەیتە سەر لووتە ئەمری! لەکوێ مەعلووم بەرگە بگری؟
ئاخر ئەم ڕێگە سەخڵەتە
ئەم گشتە ڕەنج ومەینەتە
بۆ کێ! بۆچی! بۆ چ کاتێ؟!
پیری داماوی پتوڕکاو!
تیا چووی مردووی، ژیان نەماو!
دڵم بە حاڵت دەسووتێ، ئەزانم ژینتە دەفەوتێ!
بە کەڵکی چی دێ ئارەزوو؟
ئاوێتەی گڵ بێ زووبەزوو
پێش لە گەیشتن بە ئاوات
ئاواتەکەت سەرت ئەخوات

مام جوامێر:

ئاخر ئەی ڕۆڵەی شیرینم!
نەونەمامی باغی ژینم!
تۆ ڕێگات لەوێ لێ شێوا
بە هەڵە چووی بە نەشێوا
لە ئاواتی خۆت مایتەوە
لە خۆڕایی پووچایتەوە
تاوەکو سەختی نەچێژی
نەمامی مەینەت نەنێژی



ببەزێی ئاسان لە کاردا
خۆت نەگری سفت لە مەیداندا
لە بڕیارا وەها کز بی
ناگەی بە ئاکامی ئاوات، لە ژینا قەت لەسەر بیسات
ئەگەر گیانت دا لەڕێیا ، شێرانە وەستای لەپێیا
زیندوویت و قەت نامری، ماوی
ئەگەرچی ماندوو و پەرزاوی!
هەرکەسێ زوو هەراسانە
شپرزەی ڕەنج و تۆفانە
ناگاتە جێ، ناگاتە جێ
ڕێگا ئەگری بۆ سەرکەوتن؟
کوا سەرکەوتن بە بێ کەوتن

خوله:

پیرەمێردی هەزار ساڵە
مەڵێ: خولە زۆر منداڵە
تێناگا لەم قوم و قاڵە
وتارت تینی تێ خستم
ئازاییت سەرسامی کردم
بڕیار بێ تا کەلی هیوا، منیش شوێنت کەوم هەروا
تا لووتەی هەوراز نەسرەوم
بڕیار بێ بێم بەدوای تۆدا
پێ بە پێی ئاوات و سەودا
گوێندە:
ڕەشەبا گیڤەی لێ هەستا

پڕ تەوژم و زەبەند، ئەوجا
(خولە) لەگەڵ مامە (جوامێر) دیسان ون بوون
نوقم بوون، جووتە دلێر
هەم تورشاندی هەوای کوێستان
ون بوو، نەما ناوونیشان
وا دایتەمان بەفر و بۆران
پاش سێ سەعات هەڵیبرنگان
تەماشام کرد سەر لووتەی کێو
مەشخەڵانە و ئاورباران
وتم: سەد شکور گەیشتن
پاشان کاتێ کە (خولە)م دی
دەنگوباسێکم لێ پرسی،

خولە:

وتی: بەخوا مامە جوامێر!
دەرسێکی دامێشبوومە مێر
تەنی لاوازی ڕاکێشا
ناڵەی نەژنەویا لە ئێشا
کردەوەی ئەو زاتی دامێ
ڕێمان بڕی تا دواییی ڕێ
کاتێ کە بۆران تەواو بوو
لووتەی هیواکە زۆر سارد بوو
وتی: کوڕم ئاور هەڵکە
ئاوری پیرۆزی بەکەڵکە
ئاوری پایانی پیرۆزی



ئیرثی کوردە وەک نەورۆزی
دایگیرسێنە با بلێسە بێ ماندوویی ئەم تەنەم دەرچێ
من سەرمامە تۆزە تۆزە
گەڵووی گرتووم پژمەو قۆزە
کاتێ کە ئاور داگیرسا
مامە جوامێر دی ئەوەسا
پاڵ کەوت چاوی بۆ هەمیشە
لێک نا و گوتی: ئەمە ئیشە؟
مردن ئێستا ئیفتیخارە
سەربەرزییە و چارەی کارە
ئیتر جوامێر هەڵنەساوە
بۆ هەمیشە پاڵی داوە
ئەو بۆ من یەک مامۆستایە
بەڕێزە لام هەتا تایە

## هات و نەهات

ڕێبواری ڕێگەی هات و نەهاتم
پێت خۆشە هاتم، ناخۆشە هاتم
چۆن و بۆی ناوێ، لەبەرچی هاتم
ناخوانده میهمان، ڕیسوای بیساتم
جێم نەبوو کەچی لەخۆڕا هاتم
خۆیشم نازانم لەکوێوە هاتم
ڕێبوارم هاتم
نەهاتم، هاتم
هاتم، نەهاتم

***

ئەگەر ئەتزانی چەن قەدەمخێرم
نەزرو نیازت ئەکرد بۆ هاتم
ئەر قەدەم شەڕیش بمدەیتە قەڵەم
خێری تۆی تیایە هات و نەهاتم
بەکورتی بوومە هۆی سەر جەنجاڵیت
حەزت کرد هاتم، حەز ناکەی هاتم
لەوەولاتر چم، بۆ ئەملا هاتم
نەهاتم هاتم
هاتو نەهاتم

***

سەر مەنێ سەرم، ئازارت نادەم
ڕێبوارێ خەستە و، لاکەوتەم، پیادەم
ڕەنجوورم، سستم، شمقارِ لێداوم



زۆر پەرێشانم، پێ خستوو خاوم
قەت لات وا نەبێ کە چاوبەسراوم
شارەزای ڕێگام
تەخت ئەکەم جێگام
نەهاتم هاتم
هاتم نەهاتم

***

هاتم نەیێڵم تۆش سەرگەردان بی
لە مەینەت ئاوای ژینا میهمان بی
ڕەشەبای ڕەش دایوەراندی
بە دەم خەڵفۆ دایتەکاندی
سۆمای چاوان، بەقوربان
نەمامی جوان، هێزی گیان
سۆمای چاوان، بەقوربان
هیوای ژیان، ڕۆڵە گیان

***

ناکاو سووسەم، کوژایەوە
شادکامیم بڕایەوە
باری مەینەت بووژایەوە
دڵم دیسان سووتایەوە جەرگم بە سۆ قرچایەوە
بەری باغم کزایەوە، شادیی ژینم بڕایەوە
ڕۆڵەی من و قوربانی تۆ؟
نازانم زاڵم!
بۆ بۆ بۆ؟؟
کام زاڵم دای لە باڵم

کێ کەندیەوە میوەی کاڵم؟
سۆمای چاوان، بەقوربان
چرای ژییان، ڕۆڵەگیان!

***

ڕەحمی نەکرد بە دڵسووتاو
بڕیی بەندی جەرگ و هەناو
بەرد بباریێ، چەن دڵڕەقن!
جەرگی خەڵکی و مەزەی شەراو
ڕەنجی من و ئاهەنگی تۆ؟
ڕەنجەڕۆ بۆ؟ بۆ بەزمی تۆ؟
خوێنی من و من نەیرەنگی تۆ؟
بۆ سوودی خەڵکی بۆ کوژان؟
ئەو شاد بێ و من دڵم، پڕ ژان
سۆمای چاوان، بەقوربان
چرای ژیان، ڕۆڵە گیان

***

چەن خۆشە کوژران و خوێندان
سەر و ماڵ دان بۆ نیشتمان
بۆ نیشتمان
نەک بتکوژێ بۆ سوودی خۆی
پیلانگێڕان، بێگانەکان
بۆ نیشتمان، بۆ خۆمان
حەڵاڵە
لە خوێندا شەڵاڵە
ئەگینا بەتاڵە



خەبات کەین بۆ دوژمن؟
ئەو شادان، پەشێو من؟
کەی ڕەوایە؟ بۆچی وایە
سۆمای چاوان، بەقوربان
چرای ژیان، ڕۆڵەگیان

***

هەستن دەستی زاڵم ببڕن
ڕەگی دەرکەن، مەرگی بکڕن
زوو بەزوو ئەو نەنگە بسڕن
تاوان ئەکەن، چاو شۆڕ ئەکەن؟
شلی کەی بۆی، ئەتکا بە پەن
ناوی لەسەر بیسات بسڕن
مەرگی بکڕن، مەرگی بکڕن!
تا نەسووتێ دڵی داکێ
نەچەوسێتۆ سینەچاکێ
شیر خاوێنێ، دەروون پاکێ
ڕۆڵەی عاقڵ! نۆکەر مەبە
بۆ دەغەڵان ڕەنجبەر مەبە
سۆمای چاوان... ڕۆڵەگیان
هیوای ژیان، بەقوربان

### ئێوە بڵێن چی بکەم!؟

سەراسیمەم، پەرێشانم، چی بکەم
دڵم شکا ، هەراسانم هەراسان، چی بکەم
دێوی خەفەت ڕێی پێ گرتووم
ڕێ بڕانە، چی بکەم؟ هاوار، هاوار، دڵدرانە چی بکەم؟
پەلەقاژێ، تەک و دەو، نیوەڕۆ، نیوەشەو
پێڵاوی مەحکەم، کاڵەو پێتاوە، لە پێ دڕاوە
ڕێم لێ بڕا، چی بکەم؟
کێوی نەهات، هەوراز و لێژ
پشت شکێنە، بێ ڕەوەزەو تێژ
نە ڕێ ئەدەن نە بوار، دەسخەرە، زار، زار
بڕۆم ناتوانم، بمێنم پەشیمانم، پەشیمان

***

خەزانەی خەیاڵم پڕی دەردە
بووەتە وەباڵم، بێ پەردە، ئەڵێم بێ پەردە!
ئەفکاری ناهاڵم
بەری نارەسی خەیاڵی تاڵم
دای لە چۆکم، دای لە باڵم
پشووم نادا داکەوم، دەنگ نەکەم، بسرەوم
ڕێ ئەنێتە بەر پێم، بەڵام بەستەپێم
پێم ناکەنۆ، لەسەر ڕێی نیم
هاوار ئەکەم، ئەناڵێنم
نابیێن، ناڵەی زارم، دەنگی زەراڵم
ئەی خوایە! کە پێ کراوە ڕێییێ بنێ بەر پێم



دەسم بگرە با بێم ڕووەوتۆ بێم
ستەمە دەرچوونم لەو بەندە، نەگەی پێم
ئەڕەتێم بەڵام نایێڵن بگەیێم
هەرچی سەیر ئەکەم نارێکە، لارە، نەیرەنگە
خۆم پێ ناگیرێ، دڵم تەنگە
کەس دەربەسی کەس نییە، نەفسی نەفسییە
مەیلم لێیە دوور بگرم، بمرم، بمرم
لنگی لێ ڕاکێشم، پشوویێ بگرم
بەڵکو، بحەوێمەوە، ئارامێ بگرم
بەڵام تاپۆی ستەم هەر دیارە، لە پێش چاومە
حاڵم زارە
چی بکەم دیارە، هاوارە
هەموار ناکرێ پەسا نادرێ
دڵ و ئاوەز، بەزەیی، بەرگە ناگرێ، بەرگە ناگرێ
خاوەنی هەست ڕۆژی هەزار جار ئەمرێ، ئەمرێ
دەسی تەنیا هیچ ناکرێ
ئەی هاوار! ئێوە بڵێن، چی بکەم
ئێوە بڵێن چی بکەم؟!

## خەیاڵی خاو

ژیرلە:

گوڵی بەهاری! ناتژاکێنم
خۆشم ئەوێی و ئەتدوێنم
مۆچیاریت ئەکەم
ناتخاوێنم
پڕوپووچ ناڵێم، ناتڕەوێنم
ئەو ژینە کە وەها دێت و دەچێ
وریای بە با بە خەسار نەچێ!
تا گەنجی قەدری بزانە
بارەی لێ ببە، نە پیلە و نە بەهانە
ئەوەت بەسەرا دێت و دەچێ
ساتێکی لە ئانێ دێ ناچێ
هەر ئەڵێی باهووەی کوێستانە
دەتوێتەوە ئەو ڕۆژە (نیسانە)
خۆی ناگرێ چارەیی چوونە
لەعاستی، تاوا، زەبوونە
عومری من و تۆش ئەمساڵ بۆ ئەو ساڵ
لە بەین ئەبا تەواناو حاڵ
هەر ساڵ ئەچێ، ئەڵێی هاوار
خزمینە، داد! خۆزگەم بە پار
سوننەتی حەیات هەر وایە، هیچ نامێنێ تا هەتایە
تۆش ڕۆژێ وەک منی هەژار
دەبیتە لانەی عەیب بێ ئیعتیبار
ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆی داماو
ئەبیتە لانەیی زووخاو



ئەی داخەکەم، لە دەستم چوو
نازانم کە هات بۆ چوو؟

گەنج:

هۆ مامە! سپاس، ماڵ ئاوا
ڕاتچڵەکانم لە شیرین خاوا
چەن جوانە قسەی نەستەق و ئەندەرز
بە زمانی پاراو، واتەی بەرز
هەرچێکت وت تێگەیشتم
حەقت بەدەستە، هەڵە ڕۆیشتم
یادت بەخێر ئەی لاوی
داخی سەختم فەوتاوی
نەمزانی چیت، لێم ببوورە!
ببەخشە زۆرم قوسورە
(هێژا) ئەگەر نەتیناسیی
ئەتناسینێ بە خاسی و ڕاسی
تا بەڕێز بی لای خەڵکی
وا نەزانن بێ کەڵکی
خەوێ بوو دیمان، یاران!
خۆزگە بە جارەکەی جاران
نایێتەوە بیپەرەستم
سەد حەیف، دەرچوو لە دەستم
ئەی هەناوی بڕاو
عومری فەوتاو
ناگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوە
ئەی عومری بەتاڵ
ئەی خەیاڵی خاو!

## ئافەرین فرمێسک

گەوهەری غەم، فرمێسک
هۆن هۆن دێتە خوارەوە، بە ئاشکرا و لە پێوارەوە
یەک لە شوێن یەک دائەوەرێ
بەری درەختی ستەم
گەوهەری غەم
گەوهەرێکی ڕەنگین
ئەتکێتە بەر چاکی سەبر، ناو کۆشی غەمخوار
بەر چاکی داکی غەم
غەمرەوێنی بەربەیانی ستەم
هۆن هۆن، سەنگین و ڕەنگین
هەڵمەتلێ داغ، خوێنین
دێتە کۆش، ئەحەوێتەوە لەوێ
بەخێوی ئەکەن، پەروەردە دەبێ
ئەگەشێتەوە، ئەشنێ ئەشنێ
سەرئەنجام دێتەبەر، دائەپشکوێ
بەڵام چی ناگرێ؟ هەموو شتێ ئەگرێ، ئەزێ
بەڵێ: تۆلە، خەبات، ڕاپەڕین، هێرش، شۆڕش
بەڵێ دانەی غەم، گەوهەری ماتەم و ستەم
ئەڕوێ، دائەپشکوێ، بەر ئەگرێ
بەری ڕەنگاوڕەنگ، جۆراجۆر، ناشیرین و قەشەنگ
دوژمن رمێن، شێر شکێن، دڵتەزێن
ئافەرین، نۆشداررووی گەلان!
ئافەرین! ئەی هەڵتلانت پەیکی ڕاپەڕین
ئافەرین! تنۆکت زەنگی بیم



بانگی هەراس
ئافەرین، خۆراکی ڕۆح، مایەی ژیان
ئافەرین، خەمیرمایەی قین! ئافەرین
بۆ ستەمگەر، بۆ خودخواە
ئافەرین، هەزار ئافەرین
ئافەرین، نوێنەری تاوی دەروون
ئافەرین، ئەی ئارەقی تاقی حەممامی غەم
ئافەرین، نوێنەری تەم، تاپۆی غەم
ئافەرین، هەر قەترەیێکت دونیایێ
ئافەرین، هەر هۆنەیێکت سەودایی، هەر تلێکت مەعنایێ
ئافەرین، هەر دانەیێکت غەوغایێ
ئافەرین، ئەی گەوهەری غەم، ئافەرین
ئافەرین، ئەی پشتیوانەی شادی
ئافەرین، ئەی هەڵاتووی نامورادی، ئافەرین پەیکی ئازادی
ئافەرین، ئەی تەریدەی موڵکی غەم
ئەی نوێنەری ستەم، ئافەرین
ئافەرین، ئەی ڕێبواری چۆڵی نهێنی
ئافەرین، مایەی جۆش و خرۆش
نوێنەری هەستی خۆشەویستی
نموونەیێ لە خواترسی، توندپای وەتەن پەرەستی
پەیامبەری شاری دۆستی
ئافەرین، ڕەمزی دونیای ئەوین، ئەی جۆشی دەروون
ئافەرین، گەوهەری عیشق
ئافەرین، دوڕدانەیی تاسە، ئەی غەمی گۆیا!
ئافەرین، ئەی فرمێسک!
ئافەرین، هەزار ئافەرین...

## ئینتیزار

پایز بوو، شەو زرنگایەوە
ئەستێرەکان گەشایەوە
هیوای دڵم بووژایەوە
هەوا ساف و بێ گەرد و پاک
ئاسمانی شین بەراق، رووناک
لە جێ ژوانا ماتڵ، غەمناک
سەرگەردان، دڵتەنگ، سینە چاک
ماندوو بووم، مردم هێند مامەوە
باوێشک سەری لێ دامەوە
تەزیی دوو پێم، وەنەوز، باوێشک
شەوگارم شەق کرد، دوور و درێژ
چاوەڕێی دۆست، نەهاتەوە
هاتم و چووم... زۆریش گەڕام
نەگەڕاوە، نەگەڕاوە
لە جێ ژوانا هەر ماتڵ مام
بێ حاسڵ، بێ سەرئەنجام
چاوەڕێ، بەڵام بە کوڵ بە سۆزی دڵ
نامراد، بێ حاسڵ
جاروبارێ وەڕەی سەگوەڕ
لە دەوری خێڵ، لە پاڵی دێ
دەنگی هاندان حەلەل حەلەل
ئەبوە هیوای دڵەی دەیری
پڕ پەژارەو ڕوئیای سەیری



دڵە دەیوت: لەبەر خۆیۆ
واهاتۆ، هەڵدێ مانگی نۆ
کەوی خۆشخەرام و سەرتەڵ هاتەوە
خاڵ و میل ڕەشتەی سەرپۆل هاتەوە
دڵەکورکێ لەتاو ڕووبەروویی دۆس
خەوە نووچکێ، وەنەوز، نادیاریی دۆس
جاروبار وەنەوزی خەم ئەمباتەوە، دائەچڵەکێم و ئەڵێم
لەنجەولارە خۆش کەی بگاتەوە
ها ئێستاکە دێ، ها تاوێکی تر
موژدە موژدەیە: لەیلێ هاتەوە، هاتەوە

***

ئینتیزاری دۆس هەر تەواو نەبوو
دەنگی سیسرگی شەوگاریش تیاچوو
دەلاقەی شەویش وا کرایەوە
ئەو ئینتیزارە هەر نەبڕایەوە
سەربەناز، بێ گەرد و خۆشخەرام، تەنناز
خیلاف وادەی کرد، لەیلی دڵنەواز
بەربەیانی سارد، فێنک، کشومات
تەزەروی خۆش ڕەوت، چۆن بوو وا نەهات
دەی هات هاتی ڕۆم هەر نەبڕایەوە
دەرکی بەزەیی هەر نەکرایەوە
کەم کەم دەبیسرا جیکەی پاساری
گمەی فاختەی باغ، شۆری کەناری
نەوای بولبوڵ و ئەم چڵەوچڵ
نەهاتەوە، خۆ فێنکی جەرگ و دڵ

ئارامی گیان، نەهاتەوە
غونچەی سەرچڵ نەهاتەوە، نەکرایەوە
بوڵبوڵی دڵ نەقلایەوە
چاوەڕوان، ئینتیزار، بێ قەرار
لەسەر شەو تا سەحەر، دەردی سەر، بێ سەمەر
تامەزرۆ، ماتڵ، هەتا کەی؟
هەموارم کرد غەمی دووری بە خۆگرتن، بە سەبووری
بەو مەرجەی سەرئەنجام، دەمکاتەوە غونچەی هیوام
بەربەیان، سەحەردەم، زۆر خۆشە چەم و خەم
ئەحەسێتۆ شەو بەتەما، تەم ئەڕەوێ لەگەڵ خەما
بە دیدارێ لەبیر ئەچێ شەو نەخوسی، خەستەییی ڕێ
ئینتیزاری و کەی بێ، کەی بێ



## بیرەوەری

چەم و چوخوڕ و تووترکی دڕ
کانیاوی ساف و سارد و ڕوون و خوڕ
قەڵوەز و تاف یەک لەشوێن یەک
دەنگی مراوی، جیکەی ئوردەک
هەوا فێنک، دۆڵ کشومات
قریشکەی شابازی چەرمووی حوڕ
شۆری بولبوڵ، نەوای فاختە
هەراڵەی ڕەنگ و بۆ باختە
لە خاترما وێنەگەرە، تابلۆسازە، باهونەرە
ڕابردووم زیندوو ئەکاتۆ
لەبیرچووم وەبیرئەخاتۆ
درەختی کۆنەساڵ و زل
خامە تووڵی، ملوێن لە مل
دارستانی چڕو زەبەن
پێچ و ئاوێزەی یاسەمەن
سایەی تاریکی دارستان
چناری هەڵچووی ڕێک و جوان
چنگ بەرەوژوور بەرەو ئاسمان
هاژەی چەم و زرمەی قەڵوەز
تافی ساف و هەڵبەز هەڵبەز
چەوی ڕەنگاوڕەنگی بن ئاو
کە لێ بدا تاوی هەتاو
گشتی بۆ من پڕمەعنایە

یەک یەکی زەوقی تێدایە
هەر تابلۆیێ لەو دیمەنە
سووژەییێکی دەوڵەمەنە
گراڵەی تابلۆی خەیاڵە، مایەییێکی بێ زەواڵە
هەر کامی تیری ئینشایێ
هەر گۆشەییێکی مەعنایێ
ئای بۆ پێنووسێ کارایێ، ڕەقەم کێشێکی گۆیایێ
هەرگیز لە کار نەکەوتایێ، لە نووسینا نەمانیایێ
خاترەی تەنزیم کردایێ
پەڕاوی ژینی ڕابوردووی
بە وردی و چاک بنووسیایێ، لەپەڕا وا دایڕشتایێ
لە تابلۆدا بیکێشایێ
کاکە! ئەمڕۆ لە دوێ ناچێ
پێت وا نەبێ بوو تیاناچێ
گۆڕان خەواسی مەوجوودە
حیکمەتی ڕازی مەعبوودە
چاو قرتانێ ڕاناوەستێ، ئاڵوگۆڕی هەستی هەستێ
جا ئەوەی هەیبێ پێویستە
نیازمەندی قەیدی لیستە
ئەوەش لێشاوی خەیاڵە
نەبێتە تابلۆ بەتاڵە، نەبێتە نۆشین زەواڵە
هەروا مانەوەی مەحاڵە، بنچاخ پێویستە و قەباڵە



## بڕوا

لە شاخ و داخی هەستییا پەنگاو
لە گێژی خەم و پەژارەدا
هەبەسیاو، تاساو، ژاکاو
لەسەر ئاسۆی کێوی وەرهەمی ستەم
تەنگەتاو، تەنگەتاوی غەم
چنگاوشی مەبەست
پەرزاو
لە تۆفی بۆرانی زستانی مەینەتا
لە کرێلەگای سەخڵەتا نیوە بەزاو
ژاکاو، هەڵبزرکاو، خنکاو

***

سەوداسەری گەیین بە مەرام و مەبەست
یەکەناس و ڕاساڵ و مافپەرەست
لەو گشتە تەنگانەدا
کەڵەمێردی ئازا
لێوی نەگەست
وەڕس نەبوو
هەڵنەهات و نەچوو
وەک شێری ژیان یا بەبری بەیان
یا پڵنگی شاخی کێوی کوردستان
سەربەست
بێوچان بەرەو مەبەست
پڕ تەکان و هەڵمەت

بێ تەگەرە و شکان هەڵبەست
تاقە و تاق
بۆ کەلی هیوا
وەک کەڵی پۆپەی پەڕاو
بە وزاق
گەیشتە بەر کاوی ئارەزوو
کەڵلانی هیوای زوو
لە هەواری مەراما
لە ئاواتەخوازی دێرینا بەست بەست
سەرمەست، مەغروور
سەربەست
پشووی دا، لە لانی ئارەزووا لەمی دا
لە بەر کاوی مێژووا
نەبەزا، نەتەزا
لە مەرامی دێرینا
لە لانکەی ئارەزووی ژینا
پشووی دا، بنەی گرت
لانی ساز کرد
نەمرد، نەمرد
ئەوەتا سەرئەنجامی بڕوا
بڕوات هەبێ، بڕوا، بڕوا



**تەتی پتی**

لەوێ کە فەریادی کەڕ و لاڵ دێ
بە ئاهەنگی بەرز و زەراڵ دێ
هەزار و یەک شەوی شەوەزەنگی ژین
ئەگێڕێتەوە
پەندی سەنگین ئەخوێنێتەوە
لەوێ کە مەسنەویی غەم
مەعنای ئایینی ئوێنی ستەم
فەلسەفەی ماتەم
دووبارە ئەکاتەوەو پێت ئەڵێ:
ها پیاو چ قەوماوە؟
ئاشی گەردوون، لە ڕاستە ترازاوە؟
بە بێ چەنوچوون ئەڵێن بە بێ حاڵ
بە کوڕوکاڵ، بە منداڵ
ڕۆڵەگیان: ئاش بەتاڵ، ئاش بەتاڵ

***

ئەوەی درا بە گوێتا و دیت
هەمووی، دیدارێ گوزەرا بوو
بنج و بنەوای نەبوو
تیاچوو، تیاچوو، ڕۆیشت
گشتی ڕەنگ و هەمووی نەیرەنگ بوو
شانۆ بوو، هات و چوو
ڕاستی و دروستیی بەجاڕا نەچووبوو
گەردوونەی زمان بێ وچان

هەڵیخولان، هەڵیتلان
دووبارەی کردەوەو ڕۆیشت
بە پێش چاوا، بە تاو دەرچوو، زوو زوو بەڵام
لاڵی پێ هاتە گڕوگاڵ سەرئەنجام
ئەو داستانی دەوت، شانۆی شەرح ئەکرد
تۆ بەڵام تۆ بە وڕاوەت دەزانی
بە ڕاستی وڕاوەت دەبیست

***

لێقەوماوی سەرپەتی
هەژاری مەینەتی
تێشکاوی بێوڵەتی بێدادی دەکرد
ئەی کردەقاڵ و چەرەند و پەرەندی
بێ پەروا دەوت
ئەیدا بەری لە ترسی گەزەند
پەڵخوردی ئەکردو هەڵیئەخولان
مەبەستی گرنگی ئەپەڕان، ئەیخستە سەردان
تێکی ئەشکان، گونگ و نەوی و بێگیان
پچڕ، پچڕ، تەتی پەتی
ئەیدا بەیەکا، شەڵوپەتی
هەندێ بە ڕووناکیی دەروون
هەست ئەکەن مەبەستی ڕوون
لەززەت ئەبەن بێ چەن و چوون
تێدەگەن، زاراوەی زەبوون
گڕوگاڵی دڵ، زمانی لاڵ، بەڵام
لای دەبەنگ و پێ بەتاڵ



هەژارەو سەمە، پەرێشان حاڵ
دایناوە گاڵە گاڵ

***

خۆزگا تێدەگەیشتن زمانی حاڵ
خۆزگا ڕۆژێ بەسەر لەوحەی سیماوە
شەقڵی دەروون ئەخوێنراوە
ئاشکراو ڕوون، بوخچەی غەم
ئەکریاوە
تا دەردەکەوت، هەزاران شاراوە
تا دەناسرا بیماری ڕەنج
تا تار ئەنرا ماری لای گەنج
تا پەس دەبوو دێوو درەنج
ماندووی دەرئەچوو، ئەحەساوە
ئەگەییە سەر بەڕی ئەمان تا
ئەگەیشت بە گەنج، یاوەکو بە ڕەنج
جا بۆی ئەلوا گڕوگاڵ کا
بێ وچان: تەتی پەتی
بێ دەردیسەر بداتەدەر
نەوای دەروون، بێ سەرەخەر، هەژاری دەربەدەر
بەو چەشنەی دڵ لێی ئەخوازێ
ڕاست و ڕووناک، شاد و بێ باک
بداتەدەر، شام و سەحەر، دانەی گەوهەر
ئەوجا:
بهێنایێ بەسەر دڵا
دەستێ ئارام بە جێی چڵا

نەترساییێم پەست و ناکام
ئەمرەوێنن تا بێئەنجام
زوو تیا بچم سەرتاپا زام
بێ سەرئەنجام بێ ئارام بکەومە دام
زاری لالم بەربووایێ
سەرێکم بێت و سەودایێ
ئەوی ئەمویست بموتایێ
لەترسا لێم نەشێوایێ
خەلکیش نەلێن ئەی هەژارە
چی بکا کە دەنگی دەرنایێ
بمکردایێ بە قرم و قال
بە ئاوایێ گەرم و زەرال... بە زمانی پاک
بێ پێویستی بە لالە لال
جارم دایێ ستەم تەواو
هارەی شکا ئاشی ناباو
وا پەکی کەوت، داماو سرەوت
ئاش بەتالە ئاشەکەی خەوت
ئاش بەتالە، ئاش بەتال



**بریا**

بڕبەندی ڕۆژگاری جەفا
لە پۆلای سەفا و ئاسنی وەفا کەوتە کار
بۆ ڕادەی داپەڕان، ئاردەشانی سەوهان
چاوی ئاوەزی، پڕ کردەوە
بەداخەوە
گلاراوی پێ خست و لێی بڕی بڕست
نۆشدارووی چارە، یا جەواهیر سورمە
کوا دیارە، کوا دیارە
لەژێر تەنگی ئەرژەنگی زەنگیدایە
کێ خۆی ڕاوەشێنێ و لە دەستی دەربێنێ؟
کێ بێ و شارەزای دەربەندی دەروونی تووشی بێ؟
کێ توونکە توونکەی تەنگی تاریکی ڕازی چەتوون بزانێ؟
ڕازی درنج شارەزا بێ، کێ؟!
تا ڕێگای مەینەت ئاوای، نەزانی بپێوێ
هەموار کا و بگاتە جێیێ
بگاتە سەرئەنجام
